دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا
کوردستان
ژمارە: ٥٢٤
www. kurdistanukurd.com
یەکشەممە ١٥ی سەرماوەز ١٣٨٨ ـ ٦ی دێسامبر ٢٠٠٩ ـ ١٥٠ ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



پرۆژە نوێیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای کۆنگرەی چواردەیەم

سیاسی



تورکیەو ئێران، خەونی هاوبەش و دوو ڕێگەی جیاواز

کوردستانی



ئیعدام لە نیزامی کۆماری ئیسلامی دا

کۆمەڵایەتی



ڕۆژی یەکی دیسامبر وەبیرهێنەرەوەی ڕاستییەکی تاڵ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا

# خوێندکارانی ئێران مل بۆ سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری کەچ ناکەن



لە بەرەبەری ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکاردا، هەڕەشە و گوشاری کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران لە دژی خوێندکاران بە شێوەیەکی کەم وێنە پەرەی ئەستاندوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەوەدەترسن ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزیش وەك ڕۆژی جیهانیی قودس و ١٣ی ئابان، لە لایەن خوێندکاران و خەڵکی ناڕازیی ئێرانەوە بکرێتە دەرفەتێك بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندەران و ناڕەزایەتی دەربڕین لە کۆماری ئیسلامی. بۆیە هەڕەشەیان کردوە هەر کۆبوونەوەیەك لە دەرەوەی زانستگەکان بەڕێوە بچێ بە توندی سەرکوتی دەکەن.

## ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ڕەخنە لە مونتەزیری و کەڕووبی دەگرێ

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان نامەیەکی بۆ ئایەتوڵلا مونتەزیری و کەڕوبی نوسیوە و داوای لێ کردوون کە لە بەرامبەر ئێعدام کرانی ئیحسان فەتاحیان و مەترسیی ئێعدام کردنی چالاکانی مەدەنیی دیکەی کورد بێدەنگ نەبن و هەڵوێست و کاردانەوەیان هەبێ.

لەو نامەیەدا ڕەخنە لەو دوو کەسایەتییە سیاسییە گیراوە کە لە بەرامبەر لە سێدارەدرانی ئێحسان فەتاحیان، لاوی بێ تاوانی کورد هەڵوێستیان نەبووە و ئەوەیان وەبیر هێنراوەتەوە کە هەر ئێستا ١٤ زیندانیی سیاسیی کورد لە ژێر پەتی سێدارەدان و مەترسیی جێبەجێ کرانی حوکمەکانیان لە سەرە.

لەو نامەیەدا وێڕای باس کردن لە ڕەوشی پەروەندەی ئیحسان فەتاحیان، ئەو دوو کەسایەتییە ئاگادار کراونەتەوە کە بێدەنگە لێکردنی ئەوان لە ئاست ئەو جینایەتانە جێی ڕەخنەیە و ئەوان دەبوا لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانە و ئەو پێشێلکارییەی مافی مرۆڤی کورد و توند و تیژی دەرحەق بەو گەلە، هەڵوێستی ڕوون و لێبراویان هەباو چاوەڕوانیی ئەوەشیان لێ دەکرێ.

## کۆماری ئیسلامی، دوورەدیمەنەکانی شکست و ڕیسوایی لە سێ بەرەدا

قادر وریا

ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە دوای کودیتاکەی ٢٣ی جۆزەردانەوە، لە هەر سێ بەرەدا، پێی ناوەتە قۆناغێکی چارەنووسساز. لە بەرەی یەکەمدا کە نێوخۆی نیزام دەگرێتەوە ئەگەرچی بە کەڵکوەرگرتن لە کودیتا، توانیان ڕقەبەران لە مەیدان وەدەربنێن و دەستیان لە دەسەڵات کورت بکەنەوە، بەڵام بەم کارەیان، ئەوانیان بەرەو دژایەتیی ئاشکرا لەگەڵ خۆیان و کارشکێنیی دەوڵەتی کودیتاو پشتیوانەکانی پاڵ پێوەنا. لە بەرەی دووهەمدا کە شەڕ لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵك بوو، لە پەنابردن بۆ سەرکوتی بێ ڕەحمانە، درێغیان نەکردوە، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان لە جیاتی بەدیهاتنی ئاواتی دەسەڵاتدارانی کودیتاچی کە زاڵبوون بە سەر شەپۆلی میلیۆنی ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵکە، پیشاندەری بەردەوامی، پەرەگرتن و بەرەو ڕادیکاڵچوونی ئەم بزووتنەوەیەیە. لە بەرەی سێیەمیشدا کە بریتییە لە ململانێی دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمەو دنیای دەرەوە، دیپلۆماسی و ساتوسەوداکانی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی لەباربردنی ئیرادەی نێونەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی ئەتۆمیی ئەم ڕێژیمەو کارنامەی لە بواری مافی مرۆڤدا، خێریان بۆ نەداوەتەوە.

ڕێوڕەسمی ئەمساڵی "شوکرانەی وەحدەت" کە لە لایەن مەجلیسی شوورای ئیسلامی بۆ دووهەمین جار لە ساڵڕۆژی کوژرانی مودەڕیسدا پێك هات نیشانی دا کە ناکۆکی و چەندبەرەکی لە نێوخۆی نیزام لەو پەڕی خۆی دایە. لە سەرجەمی نزیکەی ٣٠٠ سیماو کەسایەتیی ئەو نیزامە کە بۆ ڕێوڕەسمەکە بانگهێشت کرابوون، تەنیا ٣٠ کەس ئامادە بوون! نەك هەر مووسەوی، سەرۆك وەزیری سەردەمی شەڕی هەشت ساڵە، خاتەمی، سەرکۆماری دوو دەورەی پێش ئەحمەدینژاد، کەڕوبی، سەرۆکی پێشووی مەجلیس، کە ئێستا لە ڕیزی ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز دان، تەنانەت ڕەفسەنجانی، ناتیق نووری و ئەحمەدینژادیش لەم ڕێوڕەسمەدا ئامادە نەبوون. نە دڵدانەوەی ڕەفسەنجانی لە لایەن خامەنەیی‌یەوە، نە یەکدەنگیی دنیای دەرەوە لە سەر پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران و مەترسییەکانی بەردەم ئەم ڕێژیمە، نەبوون بە هۆی وەحدەتێکی هەر نەبێ ڕواڵەتی لە نێو سەرانی دوێنێ و ئەمڕۆی ئەم نیزامەدا. دەست لەکار کێشانەوەی هێندێك لە ئیمام جومعەکان، هەڵوێستگرتنی بەشێك لە "مراجع" و ئایەتوڵڵا ناسراوەکان دژی خامەنەیی و دەوڵەتی کودیتا، لە سەر کار لابردن و جێگۆڕکێی کۆمەڵێك لە کاربەدەستانی دەزگای قەزایی و تاوانبارکردنی کەسانێك لە وەزارەتی ئیتلاعات بە دەستهەبوون لە وەڕێخستنی شۆڕشی مەخمەڵیدا نیشاندەری قووڵبوونەوەی شەڕ لە بەرەی یەکەم دان کە بە شانۆسازیی گاڵتەجاڕانەی "شوکرانەی وەحدەت" داناپۆشرێ ناکرێ.

لە بەرەی دووهەمیشدا، هەوڵەکانی دەسەڵاتداران بە مەبەستی بەدەستهێنانی سەرکەوتن، لەگەڵ ناکامی بەرەوڕوو بووەو تەنیا داماویی زیاتر بۆ ئەوانی لێ کەوتۆتەوە. خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی جیهانیی قودس و ١٣ی خەزەڵوەر کە ساڵانی پێشتر، بەڕێوەبەرانی ڕێژیم بۆ نیشاندانی بەیعەتی خەڵك لەگەڵ خۆیان و دروشمدان بە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا بەکاریان دێنان،

ل ٢

## هەیئەتێکی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کورستان سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد



پێشنیوەڕۆی شەممە ١٤ی سەرماوەز (٥ی دێسامبری ٢٠٠٩) هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب و ئەندامێتی هاوڕێیان مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتی، قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی، سیامەك وەکیلی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی و محەممەد حەسەنپوور، کادری سکرتاریای حیزب، سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیان کرد. هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن بەڕێزان مەلا بەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی، سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و مەحموود حاجی ساڵح بەرپرسی پێوەندییە نیشتمانییەکان پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنی دوو لایەن دا گرنگترین ڕووداوەکانی کوردستان، ئێران و عێڕاق و ناوچە و ڕوانگەو هەڵوێستی هەردوو حیزب لە بارەیانەوە هاتنە بەرباس و لەسەر کۆمەڵێك پرسی پێوەندیدار بە داهاتووی کورد (عێڕاق و ناوچە ئاڵوگۆڕی بیرو ڕا کرا. هەر دوولایەن لەسەر پێویستی هاوکاریی هەموو لایەك بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی کورد و بەرەو پێشبردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان پێیان داگرتەوە.

## مەحکووم کرانی چالاکێکی دیکەی سیاسیی کورد بە ئیعدام

ڕەوتی دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ چالاکانی سیاسیی کورد بەردەوامە و تا ئێستا ١٥ کەس لەوان مەترسی ئیعدام کردنیان لەسەرە.

بە گوێرەی هەواڵی ئەنجومەنی ژنانی ئازەر مێهر، کەسێك بە ناوی "محەممەدئەمینی ئاگوشی"، خەڵکی پیرانشار بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیی لە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٨٦ لەگەڵ دوو کەسی دیکە بە ناوەکانی "ئەحمەدی پولادخانی" دانیشتووی گوندی کانی سێوی پیرانشار و "ئیرەج محەممەدی" دانیشتووی شاری میاندواو کە بەرەگەز ئازەرییە، قۆڵبەست و دواتر بە دانانی بارمتە ئازاد کرابوون.

بە پێی سەرچاوەی ئەم هەواڵە، محەممەدئەمینی ئاگوشی ئەمساڵ جارێکی دیکە هەر بەو تۆمەتە قۆڵبەست کراوەتەوە و لە لایەن دادگای ئینقلابی ورمێوە بە لە سێدارەدان مەحکووم کراوە.



ئەنجومەنی ژنانی ئازەرمێهر هەروەها ڕایگەیاندوە کە ئەو هەواڵە لە لایەن بنەماڵەی ئاگوشییەوە پشتڕاست کراوەتەوە و بەم جۆرە تا ئێستا ١٥ هاونیشتمانی کورد حوکمی ئیعدامیان بەسەر دا سەپاوە.

## مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی کورد لە سوریە لە ٤٠ ڕۆژ نزیک بۆتەوە

ژمارەیەك زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی "عەدرە"ی شام لە سووریە ٣٧ ڕۆژە مانیان گرتوە.

هاوکات لە وڵاتانی ئورووپا وتەنانەت سووریە، چالاکییەکان بە ئامانجی پشتیوانی لە گیراوانی کوردی نێو گرتووخانەکانی ڕێژیمی بەعسی سووریە بەردەوامن.

بە پێی هەواڵەکان زیندانیانی مانگرتوو بۆ شوێنێکی نادیار گوازراونەوە و سەرەڕای خواستی بنەماڵە و پارێزەرانی گیراوان، کاربەدەستانی گرتووخانە ڕێگەی چاوپێکەوتنیان پێ نەداون.

لەم پەیوەندییەدا ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی سەرماوەز لە دژی فشارەکانی دەوڵەتی سووریە بۆ سەر زیندانیانی کورد، کۆمەڵێك لە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە خۆپێشاندانێکدا داوایان لە دەوڵەتی سووریە کرد کە کۆتایی بە فشارەکانی بۆ سەر زیندانیان بێنێ.



شایانی باسە کە ڕۆژی ٣٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ی زایینی، کۆمەڵێك لە زیندانیانی سیاسیی کوردی گرتووخانەی "عەدرە"ی شام لە سووریە، لە دژی فشار و پێشێلکارییەکانی نێو زیندان، مانیان لە خواردن گرت و سەرەڕای ناڕەزایەتییەکان لە دەرەوە و نێوخۆی ئەو گرتووخانەیەدا، تا ئێستا کاربەدەستانی دەوڵەتی سووریە وڵامی ئەو کۆمەڵە زیندانیەیان نەداوەتەوە.

### لە سەر داوای حیزبی دێموکراتی کوردستان

# پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە پارلمانی ئوتریش کەوتە بەرباس

هەروەک خوێنەران ئاگادارن، لە ڕۆژانی ١٦ تا ١٨ ی نوامبری ٢٠٠٩ی زایینی، هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی هاوڕێ مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات سەردانی وڵاتی ئوتریشی کرد و لە چەند دیدار و چاوپێکەوتن دا، بە جیا لە گەڵ بەرپرسانی حیزبی و حکوومەتی ئەو وڵاتە کۆبوونەوە. لە هەر کام لەو دیدارانەدا پرسەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، سەرکوت، ئەشکەنجە و ئێعدامی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی و سەرەنجام هەوڵدان بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو کە ئامانجی سەرەکیی گەشتە دیپلۆماسییەکەی وەفدی حیزب بوو، تاوتوێ کران. لە چوارچێوەی سەردانەکەدا، ڕۆژی سێشەممە، ١٧ی نوامبری ٢٠٠٩ وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی دەفتەری حیزبی سەوزی ئوتریشیان کرد و لە گەڵ بەڕێزان پرۆفیسۆر ئەلکساندر فان دەر بێلن ئەندامی پارلمانی ئوتریش و وتەبێژی نێونەتەوەیی حیزبی سەوز و، خاتوو ئالیڤ کۆرون ئەندامی پارلمانی ئوتریش و بەرپرسی کۆمیتەی مافی مرۆڤی پارلمان کۆبوونەوە و لە کۆبوونەوەکەدا وەفدی حیزب داوای لە لایەنی خانەخوێ کرد تا بە مەبەستی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو هاوکاریی کەمپەینی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەکە و حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن. بە دوای چاوپێکەوتنەکە، لە دانیشتنێکی پارلمانی ئوتریش دا کە بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە "مایکل سپیندێلگێر" بەڕێوەچوو، ڕێزدار فان دەر بێلن خواستەکانی وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پارلمانی وڵاتەکەی هێنایە بەر باس و پەروەندەی تیرۆری دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو و ڕۆڵی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد لەو تیرۆرەی وەبیر ئامادەبووان هێنایەوە. هەر لەو دانیشتنەدا خاتوو ئالیڤ کۆرون ئەندام پارلمانی ئوتریش و بەرپرسی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمان، باسی لە دۆخی خراپی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بە گشتی و بە شێوەیەکی تایبەتی لە بەرابەر نەتەوەی کورد دا کرد. لەم بارەوە پرۆفیسۆر فان دەر بێلن لە نامەیەکدا، لە ڕێگای بەڕێز بەهار عەبدوڵلاپوور، وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە وتەکانی خۆی بۆ پارلمانی ئوتریش لەم بارەوە ئاگادار کردەوە. دەقی نامەی ئاگادار کردنەوەی **بەڕێز فان دەر بێلن و هەروەها کورتکراوەی وتەکانی کە لە لایەن هاوکارمان محەممەدی فەقێ عەلی لە ئاڵمانیەوە کراون بە کوردی::**

**بەڕێز بەهار عبدوڵلاپوور، بە پێویستم زانی کە پێتان ڕابگەیەنم، هەر وەک لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٧ لە گەڵ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان قەولم پێدان کە لە نیزیکترین دەرفەتدا لە سەر ئێران {لە پارلمانی ئوتریش} باسێک بکەین، لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو دا ئەم دەرفەتە هاتە ئاراوە و لە کاتی ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەدا خاڵە گرینگەکان لە لایەن من هاتنە ناوباسەکانی پارلمان. هەربۆیە دەقی وتەکانم لە پارلمان دا لە سەر ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٨ ی وزارەتی دەرەوە کە بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوە لە پارلمان کران، دەنێرمە لاتان.**

**بەشێک لە وتەکانی فان دەر بێلن لە پارلمانی ئوتریش:**

بەڕێز سەرۆکی پارلمان! بەڕێز وەزیری دەرەوە و ئەندامانی بەڕێزی پارلمان!

لە ڕاپۆرتی کاروباری وەزارەتی دەرەوەدا، ئەوەی سرنجی منی ڕاکێشا ئەوەیە کە من بە دوای هەڵوێستی ئوتریش دا دەگەڕام لەم ڕاپۆرتەدا کە لە نیوە لاپەڕەیەکدا لەم ڕاپۆرتەدا لە لاپەڕەی ٤٩ دا شتێکم بەرچاو کەوت کە تەنیاو تەنیا پەیوەندی بە ئێران و پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیەوە هەیە. ئەوە بۆ من شتێکی زۆر سادەیە کە شتەکە تەنیا لە چوارچێوەی کارێک دا ماوەتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا تەواوی دنیای هەژاند. مەسەلەی ئێنیرژیی ئەتۆمی لە ئێران بوو بە چی؟ ئایە ئێران توانای ئەوەی هەیە، چەکی ناوەکی بەرهەم بێنێ؟ ئێران چەندەی ماوە دەستی بگاتە ئەم چەکە و کاردانەوەی لە سەر باری ئەمنیەتی نە تەنیا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو لە سەر ئەمنیەتی دنیا چی دەبێت؟ بە بڕوای من نیو لاپەڕە بۆ وەها کارێک زۆر زۆر کەمە. من چاوەڕوانی زیاترم دەکرد. سروشتیە ئەگەر من چاوەڕوانیم لەوە نیە کە لە ڕاپۆرتی ٢٠٠٨ دا باری ئەمنیەتی ساڵی ٢٠٠٩ لە ئێران دا تاوتوێ بکرێ. لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا و دوای هەڵبژاردنەکانیش باسێک بوو کە خاتوو ئالیڤ کۆرونی هاوکارم هەر ئەمڕۆ باسی کرد و بە تایبەتی ئیشارەی بە دۆخی خراپی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بە گشتی و بە شێوەیەکی تایبەتی لە بەرابەر نەتەوەی کورد دا کرد. ئەوەی کە من لێی حاڵی بووبم پێم وانیە کە ئەم فشار هێنانە بۆ سەرکوردەکان بە تایبەتی مەسەلەیەکی مەزهەبی بێت، بەڵکو بۆ چاوترسێن کردنی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردی ئێرانە. چونکە بۆیان ڕوون کردومەتەوە کە کوردەکان لە ئێران ٦٠ لە سەدیان سونین و ٣٠ دەرسەدیان شیعەن و ١٠ دەرسەدەکەی دیکەشیان سەر بە مەزهەبەکانی دیکەن. بەڕاستی ئەوە قابیلی قەبووڵ نیە کە جەوانێک لە ئێران دا لە مەرحەلەی یەکەمدا بە ١٠ ساڵ زیندان مەحکوم دەکرێ و دوای ئەوەی کە داوای پێداچوونەوە بە پەروەندەکەی دا دەکات. پێتان وایە چی ڕوودەدات؟ ئەو جەوانە بە ئیعدام مەحکووم دەکرێ، هەر زۆر ناخایەنێت کە ئەم حوکمەش جێبەجێ دەکرێ، تەنیا لە بەر ئەوەی کە لە حیزبێکی نەیاری ڕێژیم دا چالاکیی سیاسیی بووە. من دەتوانم ئەوە تەنیا ناو بنێم سیاسەتی دروست کردنی ترس و خۆف و خەفەقان لە ناو هێزە سیاسییە دژبەرەکانی کوردی ئێران بە تایبەتی و ئەو کۆمەڵگایەدا بە گشتی.

جەنابی وەزیر!

ساڵی ٢٠٠٨ یش سەرکۆماری ئێران هەر ئەحمەدی نژاد بوو، ئەو لە وڵاتی ئوتریش دەبێ بدرێتە دادگا تەنیا ئەگەر لە بەر بە درۆ زانینی هۆلۆکاستیش بێ. ئەوە بابەتێکە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لە لایەن ئەو جەنابەوە چەندین جار دووپاتە کراوەتەوە و هەر ئەو کاتیش ئەوە موشکیلەیەکی گەورە بوو. من مەسەلەیەکی دیکەشتان دێنمەوە بیر، ئەویش جەریانی کوشتنی کوردەکانی وییەنە کە ٢٠ ساڵ لە مەوبەر ڕوویدا و لەو دا دوکتۆر قاسملوو وەک یەکێک لە ڕێبەرانی کورد بوو بە قوربانی و تا ئێستاش ئەم مەسەلەیە هەروا پەردەپۆش کراوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو دەنگۆیانە خەریکە وەڕاست دەگەڕێن کە ئەحمەدی نژاد یەکێک لە ئەندامانی ئەو گروپە بوە کە ئەم تیرۆرەیان ئەنجام داوە. من چاوڕوانیم لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوە زۆر زیاتر بوو لەوەی کە هەیە. دەبوو لانیکەم ڕاپۆرتێک بوایە کە ئیشارەیەکی بە خاڵە گرینگەکان کردبایە. نابێ ئەم ڕاپۆرتانە هەر لە کەشەویەکان دا بۆ ماوەی پێنج ساڵ دابندرێن و بلێین ئەوە ڕاپۆرتی ٢٠٠٨ ەو تەواوبوو، دوایەش فڕێ بدرێ. من لە سەر ئەو باوەڕەم کە لە سەر ئێران دەبوو زۆر شتی تری تێدا بگونجێندرابایە. لانیکەم بە علامەتێک لە خوار ڕاپۆرتەکە بەم مەسەلە گرینگانەی ئێران ئیشارە کرابایە و با بە نێوی وەزارەتی دەرەوەش نەبایە و لە سەرتان نووسیبایە کە ئەوە نەزەری نووسەرە نەک نەزەری وەزارەتی دەرەوە. بۆ نموونە لە سەر پرسیارە هەستیارەکانی سەبارەت بە ئێران دەبوو ئەو کارە کرابایە. منیش لەوە حاڵیم کە وەزارەتی دەرەوە ناتوانێ لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ئیشارە بەوە بکات کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی سەدەکانی سەرەتاییە و بە بیانووی دین وەک هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا لە گەڵ مرۆڤەکان هەڵسوکەوت دەکات. یان ڕێژیمێکە وەک سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو {هەڵسوکەوت دەکات} کە تا ساڵی ١٩٨٩ درێژەی کێشا. لێرەدا دەمهەوێت ئەوە بڵێم کە {ئەو ڕێژیمە} لە ناو خۆیدا ئەوەندە کەوتۆتە ژێر فشار کە حەدد و حیسابی نیە، بەڵام لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا تا ڕادەیەک هەر وا لە مەیدان دایە. حکوومەتی سۆڤیەتی پێشوش خاوەنی چەکی ئەتۆمی بوو، بەڵام کاتێک کار گەیشتە ئەوەی کە لە ناوخۆدا باوەڕ و متمانەیەک لە لایەن خەڵکەوە بەم ڕێژیمانە نەما، چەکی ئەتۆمیش ئەو مانایەی کە دەبێ بۆ وڵاتێک هەیبێ، نایمێنێ. جا کەوابوو بە بڕوای من ئەو مەسەلانە نابێ لە کاتی دیپلۆماتیدا هەر لە دەوری وەها پرسیارێک خول بدەن. لە کۆتایی دا سوپاس بۆ گوێگرتنتان.

**تێبینیەکانی وەرگێڕ:**

ئەم وتانەی پرۆفیسۆر ڤان دەربێلن زیاتر لە ٣ لاپەڕەیە، من تەنیا ئەو بەشەم کردۆتە کوردی کە پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەبووە. ئەو نامەیە بۆ خاتوو بەهاری عبدوڵلاپوور نێردراوە وەک ئەندامی هەیئەتی بەشدار لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٧ دا ئەندامەکانی دیکە بریتی بوون لە بەڕێزان مستەفا شڵماشی، گوڵالەی شەڕەفکەندی، دوکتۆر عەلی مازوچی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی
Kdp.media.info



---

دریژەی

## کۆماری ئیسلامی، دووره دیمەنەکانی شکست و ریسوایی لە سێ بەرەدا

ئەمساڵ بوون بە دەرفەتێك بۆ خۆنواندنی ناڕەزایەتیی میلیۆنیی خەڵکی ئێران لە دەسەڵاتداران و پێداگرتنەوەیان لە سەر دژایەتیی دەوڵەتی کودیتاو سیستەمی ویلایەتی فەقیهی. بیرەوەریی قەتڵە زنجیرەیی-یەکان، ١٣ی سەرماوەز، ڕۆژی خەبات بە دژی سانسۆر، ڕۆژی خوێندکار (١٦ی سەرماوەز)، ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی بە دژی سزای ئێعدام و نزیکبوونەوە لە ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ بوونەوە بە دەرفەتێك تا لە مانگی سەرماوەزیشدا، بزووتنەوەی خوێندکاری، تێکۆشەرانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و، هەڵسووڕاوانی سیاسی، فەرهەنگی و مەدەنی، بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ ئەم ڕێژیمە لە ململانێدا بن. سەرەڕای بەردەوامیی ئێعدام، بانگ کردن و گرتن و ئەشکەنجەی چالاکانی خوێندکاری و گوشار بۆ سەر هەڵسووڕاوانی بواری جۆراوجۆر، چالاکی، کۆبوونەوە، مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕین لە دژی دەسەڵاتی حاکم درێژەی هەبووە. سووربوونی خوێندکاران لە سەر بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە ١٦ی سەرماوەزو بەڕێخستنەوەی خۆپیشاندان دژی ئەم ڕێژیمە، سەرەڕای هەڕەشەکانی دەسەڵاتداران، بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ شکستی سیاسەتی سەرکوت لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خەڵکی ئاگای وەزاڵەهاتوودا.

پەسندکردنی دوو بڕیارنامە لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی حەوتوویەك دا، یەکەمیان لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دووهەمیان لە لایەن شووڕای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، مەوقیعییەتی ئەم ڕێژیمە لە بەرەی ململانێ لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بە جوانی دەردەخەن. هەردووکی ئەم بڕیارنامانە بە ڕاوێژێکی توندو ڕەخنەگرانە وێڕای دەست نیشانکردنی کۆمەڵێك لە پێشێلکارییەکان و ژێرپێ خستنی ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، چەندین داواو چاوەڕوانیشیان بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی کردۆتەوە.

لە بواری مافی مرۆڤدا، لەو ڕێژیمە داوا کراوە وێڕای دەستهەڵگرتن لە نموونە جۆراوجۆرەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ڕێگا بە لێکۆڵەرانی تایبەت بدا سەردانی ئێران بکەن تا لە نزیکەوە بەتایبەتی لە تاوانەکانی دوای هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان بکۆڵنەوە. بڕیارنامەی ئاژانسی وزەی ناوکییش، وێڕای مەحکووم کردنی هەوڵە ئەتۆمییە شاراوەکانی ئەم ڕێژیمە، داوای ڕاگرتنی بە پەلەی ئەم هەوڵانە و هاوکاریی ڕاستەقینە لەگەڵ ئاژانسی کردوە. ئێران تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ ماوەی لە بەردەم دایە بۆ وڵامدانەوە بەم بڕیارنامەیەو، ئەگەر لە جێبەجێکردنی داواکانی ئاژانس خۆ ببوێرێ، لەگەڵ تەحریمی زیاتری نێونەتەوەیی و قووڵتربوونەوەی قەیران بەرەوڕوو دەبێ.

دژکردەوەی توندی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەم بڕیارنامەیەو، بەڕێخستنی ١٠ سایتی دیکەی پیتاندنی ئۆرانیوم دەیسەلمێنێ کە بەرەیوبەرانی ڕێژیم لەم بەرەیەشدا هەر وەك دوو بەرەکەی دیکە، تەنیا مەسڵەحەتی خۆیان و بەرەوپێشبردنی نیازی خۆیان بەلاوە گرنگەو، ئەوەی کەمترین بایەخی پێ نادەن ئەو زیانانەن کە لە سۆنگەی درێژەدانی ئەم سیاسەتە، تووشی خەڵکی ئێرانی دەکەن.

شتێکی ئاشکرایە کە ئەوان پەرەپێدانی گرژی و قووڵبوونەوەی قەیران لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، بۆ بەرەوپێشبردنی مەبەستەکانیان لە نێوخۆدا (سەرکوتی ناڕازییان و قایم کردنی دەسەڵاتیان) دەقۆزنەوە. بەڵام ململانێ لەگەڵ دنیای دەرەوە، چلۆن بە ڕێژیمێك دەکرێ کە هەم بە نێوخۆی ڕێژیمەکەو هەم لەگەڵ خەڵکدا، بە توندی لە ململانێ دایەو بە سەر هیچکامیشیاندا سەرنەکەوتوە؟

---

# بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی ڕۆژئاوای کانادا لە کرانەوەی ماڵی کورد لە ڤانکۆڤێر




ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی نوامبری ٢٠٠٩ی زایینی هەیئەتێکی کومیتەی ڕۆژئاوای کانادای حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە هاوڕێیان ئەنوەر کەریمی، عوسمان چۆمەلانی و خەلیل ئەشکانی، لە سەر بانگهێشتی فەرمیی دامەزرێنەرانی ماڵی کورد لە ڤانکۆڤێری کانادا لە کرانەوەی ماڵی کورددا بەشدار بوون و لە لایەن ئەنوەر کەریمی پەیامی پیرۆزبایی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندرایەوە. لە پەیامەکەدا وێڕای دەستخۆشی بۆ دامەزرێنەران، بیر و بۆچوون و پێشنیارەکانی کومیتە بۆ کۆبوونەوەی هەرچی زیاتری کوردەکان لە دەوری ماڵی کورد پێشکەش کرا کە لە لایەن بەشدارانەوە پێشوازیی گەرمی لێ کرا. پێویستە بگوترێ خاتوو دکتور هێیدی فرای ئەندامی پارلەمانی کانادا بۆ پشتگیری کردن بەشداریی مەراسمی کرانەوەی ماڵی کوردی کرد.

# پرۆژە نوێیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای کۆنگرەی چواردەیەم

## دەقی وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمیناری فینلاند

**لە مانگی نوامبری ئەمساڵ دا، لە هەر سێ وڵاتی نۆرویژ، سوئێد و فینلاند لە سەر بانگهێشتنی کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم وڵاتانە، سمیناری تایبەتی بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و کوردەکانی دانیشتووی هەر کام لە وڵاتانی ناوبراو پێک هات. لەم سمینارانەدا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێز خالید عەزیزی، تیشکی خستە سەر پرسەکانی رۆژ و روانگەو پرۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای کۆنگرەی چاردەیەم. ئەمەی دەخرێتە بەرچاوتان دەقی وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە سمیناری فینلاند دایە:**

رەنگە ئەو باسەی من کە ئێستا پێشکەشتانی دەکەم بە هۆی ئەوە کە ماوەیەکی زۆرە لە میدیاکانی حیزبی و لە کۆڕ و کۆمەڵ و سیمینارەکان دا بڵاو دەبێتەوە، لە زۆر بابەتەوە زۆر تازە نەبێ بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشین و سیاسەتمان ئەوەیە کە لە سیمینارەکاندا، چ سیمیناری حیزبی و چ سیمیناری گشتی، دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆ لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک، لە گەڵ رووناکبیران و لە گەڵ هەموو ئەو کەسانە کە بە شێوازی جۆراوجۆر تێدەکۆشن چەند و چۆنیی جووڵانەوەی کوردستانی ئێران بەهێزتر بکەن و لەو پێوەندیەدا، لە دەورانێکدا کە بە داخەوە تا رادەیەکی زۆر لەتبوون و ئینشعابات و ئینشقاقات باڵی بە سەر بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا کێشاوە، ئێمە کەڵکی لێ وەربگرین. بەشبەحاڵی خۆمان هەوڵمان داوە لە گۆفتمان و وتار و بۆچوونی دوو ساڵی رابردووی خۆمان دا کۆمەک بەو عەقڵیەتە بکەین لە چۆنیەتی پێوەندیی حیزب لە گەڵ جەماوەر .

حیزبی دێموکراتی کوردستان کاتی خۆی کە لە سەر دەستی پێشەوا، شێست و چوار ساڵ پێش ئەمڕۆ دامەزرا، بە فەلسەفەیەکی مەدەنی دامەزرا. حیزبێک نەبوو بەرهەمی شەڕی چەکداریی چەند چەکدار یان چەند پێشمەرگە کە لە شاخ کردبێتیان و بێن حیزب دامەزرێننەوە. حیزبێک بوو دوور لە شەڕ، دوور لە چەک، بە عەقڵیەتی شار، لە مەهاباد، بە بەشداریی هەموو کۆمەڵانی خەڵک، کەم و زۆر بە چین و توێژی جۆراوجۆر دامەزرا. کەوابوو مەدەنیەت و هەوڵدان بۆ ئەوە کە حیزبی دێموکرات لە مەجالی قانوونی کەڵک وەربگرێ و ئیستیفادەی لێ بکا، لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان دا سیاست نییە، تاکتیک و شوعار نییە بەڵکو نەمایە و جەوهەر و فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەو حیزبە کاتێک دامەزرا، رێبەرانی چەکیان لە شاندا نەبوو و دەمانچەیان بە قەدیەوە نەبوو و لە مەقەراتی پێشمەرگەدا دانەمەزرا. لە شار و بۆ ئیدارەی وڵاتیان دامەزراند و ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر ئەوە بوو .

بەڵام بە داخەوە رەوتی زەمان و ئاڵوگۆڕەکان و گۆڕانی هاوسەنگیی هێزەکان لە ئێران و لە کوردستان ئەو مەجالەی بە حیزبەکەی پێشەوا و حیزبەکەی کۆماری کوردستان نەدا کە بتوانێ لە سەر بنەمای ئەوە، بە تێکەڵاوی لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک سیاسەت بکا و بتوانێ پرۆژەیەکی باش بۆ ئیدارەی وڵات لە ئایندەدا جێبەجێ بکا. شەڕی داسەپاو، دەربەدەری و هەروەها تا رادەیەکی زۆر لە سی ساڵی رابردوودا و هێندێک پێشتریش، ئینشعابات و ئینشقاقات و کێشەی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتیش بەش بە حاڵی خۆی کۆمەکی بەوە کردوە کە ئێمە نەمانتوانی یان ئەو مەجالەمان بۆ هەڵنەکەوتوە تا پرۆژەکەی کۆماری کوردستان و ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی لە سەر دامەزرا، درێژەی پێ بدەین. ئێمە تێ دەکۆشین ئێستا و دوای سی ساڵ شەڕ لە دژی جمهووری ئیسلامی، کە پێموایە حیزبەکەی ئێمە و حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانیش لانیکەم لەو مەیدانەدا دەبێ بە تەجروبە بن، (ئێمە تازەکاری سیاسی نین، لانیکەم حیزبەکەمان و رێبەرانی ئەم حیزبە و کادر و ئەندامانی ئەم حیزبە) بۆیە دەبێ تا ئەو جێیەی پێوەندی بە ئیمکان و توانای حیزبەکەی ئێمەوە هەیە، ولامان بۆ زۆر شت پێ بێ. لە هەمان کاتیشدا ئەو واقعیەتە دەبێ لە بەرچاو بگرین کە ئەگەر حیزبێک زۆریش بە توانا بێ و مەجالی باشیشی بۆ هەڵ بکەوێ و ئەندامانیشی زۆر کار بکەن، بەڵام گۆڕانکاری لە ئێران و گۆڕانی سەحنەی سیاسیی ئێران، هەمووی بە حیزبەکەی ئێمە ناکرێ. بۆیە لە هەمان کاتدا کە ئێمە تێ دەکۆشین لە هەموو مەجالەکان و عەقڵیەت و توانایی ئەندامان و کادرەکانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کەڵک وەربگرین، ئەو واقعیەتەش لە بەر چاو دەگرین کە گۆڕانکاری و هێنانە گۆڕی سیناریۆیەکی گونجاو کە بتوانێ مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چارەسەر بکا، هەر بە تەنیا کاری ئێمە نییە. من تێ دەکۆشم بە کورتی لەو چوارچێوەیەدا تیشک بخەمە سەر هێندێک خاڵ :

یەکەم؛ ئێستا رەنگە بۆ زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە فکر لە داهاتووی ئێران و کوردستانی ئێران دەکەنەوە، شتێک کە زۆر پێیەوە بناڵێن ئەوەیە کە لە ئێراندا بارودۆخەکە چی لێ دێتەوە و ئەگەر ئاڵوگۆڕێک هاتە ئاراوە ئایا کورد لە کوردستانی ئێران بە لەبەرچاو گرتنی واقعیاتی سەحنەی سیاسیی کۆمەڵگای ئێران، مەجال و دەرفەتی بۆ بازیگەرییەکی باش لەو مەیدانانەدا چییە؟ ئامادەگیی ئێمە چۆنە؟ ئەو لەتبوون و ئینشعاباتە چۆنی بۆ دەچین و تا کەی ئیدامە پەیدا دەکا؟ هەر ئاوا دەڕوا و ئوسولەن چۆن دەکرێ ئێمە رێگا چارەیەکی بۆ بیبینینەوە؟

ئێران وڵاتێکی پان و بەرینی حەفتا میلیۆنییە. کوردیش بە حەشیمەتێکی دەوری هەشت تا دە میلیۆنی. (ناکرێ لێرە لە سەر ئامار شتێکی موشەخەس بڵێم، چونکە تا ئێستا ئەو مجالە لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵنەکەوتووە بڵێین حەشیمەتی کورد چەندە. سنووری جوغرافیایی کوردستان، رادەی حەشیمەتی کوردستان و بەشێک لەوانە با بێ سپێرین به داهاتوو) لە سەر یەک ئەگەر ئێمە بمانهەوێ لە ئەگەرەکانی داهاتوودا پێگەی کورد هەڵبسەنگێنین، پێش هەموو شت دەبێ بزانین ئێمە وەک کورد قورساییمان لە پانتایی و لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا چییە. ئێران وڵاتێکە تەنەوعات و جۆراوجۆریی تێدا هەیە. بەڵام ئەو تەنەوعاتە بە مانای ئەوە نییە کە جێ کەوتبێ و لە سەر بنەمای ئەو تەنەوعاتە قانوون دامەزرابێ و داهاتووەکەشی وا بە ئاسانی جێبەجێ بکرێ. ئێران وڵاتێکە کە تا رادەیەکی زۆر لە سەر بنەمای حوزووری فەعالی فارس و ئازەری پێک هاتووە. نەتەوەکانی دیکە وەک کورد و تورکمەن و عەرەب و بەلووچ دەورێکی زۆریان لە دروست کردن و روخاندنی حکوومەتەکان لە ئێراندا نەبووە. بەڵام کاتێک دێینە سەر رێگا چارە، ئێمە فیدرالیزم پێشنیار دەکەین. فیدرالیزم لە باری قانوونمەندیەوە بۆیە نوسخەیەکی باشە بۆ ئەوەی ئێران موتەمەرکیز نەبێ و بە تەبەعیەتی ئەوە کە لە دنیای ئەمڕۆدا لە زۆر شوێن تەجروبە کراوە، مەقبوولیەت و پەزیرشی هەیە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کارەکە تەواوە. فیدرالیزم ئەگەر لە باری تیئۆریکیشەوە قەبووڵ بکرێ، کە داوای ئێمەیە و شتێکی گونجاوە بۆ داهاتووی ئێران، بەو مانایە نییە کە سەحنەی سیاسیی ئێران وا بە ئاسانی ئەو فیدرالیزمەی کە ئێمە مەبەستمانە بە خۆیەوە دەبینێ .

قورسترین کار یا گەورەترینی کێشەکان یا پیچیدەگیی سیاسیی داهاتووی قەزیەی ئێمە ئەو کاتە دەست پێدەکا کە ئێمە چۆن لە چوارچێوەی ئێراندا دەکەوینە نێو کۆمەڵێک کێشەی قانوونی، کێشەی سیاسی و کێشەی هاوسەنگیی هێزەکان و سازش کردن و رێککەوتن لە گەڵ یەکتر. بۆیە ئاماژەم بەوە کرد، خەباتی ئێمە لە ئاستی موبارزە لە دژی جمهووریی ئیسلامی و هەموو ئەو شەهیدانەی کە داومانە و ئەو فیداکاریەی کە نەتەوەی کورد کردوویەتی، لە حەدی توانای خۆماندا ئێمە کەممان نەهێناوە. بەڵام هەموو ئەو رابردوو و تێکۆشان و خەباتی سی ساڵەیەمان، کاتێک کە دێینە سەر چۆنیەتیی تەعامول لە گەڵ تاران لە سەر داهاتووی کوردستان، بۆ ئێمە وەک کورد کارنامەیە. بۆ بنەماڵەی کوردەکان کارنامەیە، بۆ فەرهەنگ و کۆمەڵگای کورد و ناسنامەی کوردی کارنامەیە. بەڵام لە سەر ئەساسی ئەو



کارنامەیە ناتوانین لە تاران معامەلە لە گەڵ میللەتەکانی دیکە بە تایبەت فارس و ئازەری بکەین و لە سەر ئەساسی ئەو کارنامەیە بێنین قانوونمەندی بکەین. لە مەیدانی سیاسەت و سەحنەی سیاسەت دا رادەی حوزور و رادەی توازن قوا و رادەی ئەوە کە ئێمە لەو گۆڕەپانی ئاڵوگۆڕانەدا چەندە فاکتۆرین، ئەوە دەیباتەوە. دەنا رابردووەکە شتێکە کارنامەی خۆمانە. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا تێکۆشاوین لە ژێر روناکایی ئەو بۆچوونەدا رادەی حوزووری خۆمان لە هەنگاوی یەکەمدا لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە هێز بکەین. بەو مانەیە کە تێ بکۆشین خەڵکێکی زیاتر هان بدەین لە مەیدانی جموجۆڵ و فەعالیەت کە لە گەڵ وەزع و ژیانی ئەوان گونجاو بێ و لە چوارچێوەی قانوونەکانی جمهووریی ئیسلامی بەو لانیکەمەی کە دەگونجێ، هەوڵ بدەین و هانیان بدەین کە کار بکەین. هەنگاوی دووهەممان بە تەبەعیەتی ئەوە کە ئێمە باوەڕمان بەوەیە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا حەل دەبێ و لەو قەناعەتە داین کە رووخاندنی جمهووریی ئیسلامی تەنیا بە کورد جێبەجێ ناکرێ، ئەگەر قەرار بێ جمهووریی ئیسلامی بڕووخێ دەبێ لە مەیدانێکی بەر بەرین، بە بەشداریی هەموو لایەک بڕووخێ. ئەگەر وایە ئێمە لەو مەیدانەدا ئیحتیاجمان بە دوو شت هەیە؛ یەکەم کۆمەڵگای غەیرە کوردی ئێران کە شێست میلیۆنەکەی دیکەیە، دەبێ دەرکی کێشەکەی ئێمە بکا. ئەو کۆمەڵگایە ئەگەر لە ئێمە نەگا و مەسەلەکەی ئێمە دەرک نەکا و ویست و داخوازی ئێمە و کێشەکانی قەزیەی کورد دەرک نەکا، ئێمە لە باری رەوانیەوە سبەی لە گەڵ سیناریۆیەک رووبەروو دەبین کە ئەگەر بەشێک لە بژاردەکانیش لە تاران ئامادەگیان بۆ چارەسەری کێشەکەی ئێمە هەبێ ، کۆمەڵگاکە رەنگە ئەو مەجالەیان پێ نەدا. ئەوە پرۆژە یان بەرنامەی دووهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانە کە تێبکۆشێ لە حەدی توانای خۆیدا مەسەلەی کورد بباتە نێو کۆمەڵگای ئێران. پرۆژەی سێهەمی ئێمە دەبێ ئەوە بێ کە بە حوکمی ئەوەی حیزبەکان و بژاردەکان لە گۆڕەپان و پانتایی سیاسیی ئێراندا دەور دەگێڕن و دەتوانن تەئسیریان لە سەر سیاسەت هەبێ، چۆن پێوەندی بەو کەسانەوە بگرین، (بە خەڵکی سیاسی، نووسەران، چالاکانی فەرهەنگی، حوقووقی، مافی مرۆڤ و تەنانەت ئەوەی لەم دواییانە بە ناوی بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکردووە) و لەو فورسەتەی هاتوتە گۆڕێ، مەسەلەی کوردیان لە گەڵ باس بکەین. ئەوەش یەکێکی تر لە پرۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا لە پەراوێز نەکەوێ و نەکەوێتە خانەی کێشەیەکی نیزامی و ئێمە مەجال بە جمهووریی ئیسلامی و دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد و ویلایەتی فەقیه نەدەین لە سەر ئیدامەی سیاسەتی تا ئێستای خۆیان قەزیەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا تەنیا لە خانەی ئەمنیەتیدا پێناسە بکرێ. مادام لە خانەی ئەمنیەتیدا پێناسە بکرێ، بەرژەوەندی جمهووریی ئیسلامی ئێران بە گشتی و پان ئێرانیزم بە هێز دەبێ و لە ئاکامدا بەربەرەکانی لە دژی میللەتی کورد بە هێزتر دەبێ و مەجالەکان بۆ ئێمە کەمتر دەبنەوە. ئەوە کۆمەڵێک پرۆژە بوون کە ئەو ماوەیە ئێمە هەولمان داوە لە تەبلیغات و لە دیپلۆماسی و لە چۆنیەتیی عیلاقات و پێوەندیمان لە گەڵ ئەو خەڵکەی ئێستا لە تاران بە دوای هەڵبژاردن دا فەعالیەت و جموجۆڵیان هەیە، ئەو پەیامەیان پێ رابگەیەنین .

بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی خۆمان بگەیەنین و کورد بکەین بە فاکتۆرێکی بەرچاو تا لە ئەگەرەکانی داهاتوودا بتوانێ لە ئێراندا یاریکەرێکی باش بێ، تەنیا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان ناکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان مەجال و دەرفەت و ئیمکانی خۆی هەیە بەڵام مادام باس لە جووڵانەوەی کوردی ئێران بە گشتی دەکەین، کوردستانی ئێران مەیدانێکی بەربڵاوە بە تەنەوعاتی جۆراوجۆر (سوننی، شیعە، یارسان. تەنانەت ئایینی بچووکی دیکەش رەنگە هەبێ و من ئێستا نەیانزانم، هەروەها تەنەوعاتی دیالێکت و ناوچەیی و هەمووی ئەوانە). لە سەر بنەمای ئەو تەنەوعاتە ئەگەر کورد بیهەوێ سبەینێ لە ئێران یاریکەرێکی بەهێز بێ، دەبێ ئەو هەستە نەتەوایەتیە بە هێز بکەین. هەستی نەتەوایەتی یان چۆنیەتی بەهێز کردنی بنەمای نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێراندا، ئێمە تەنیا لە دروشمدا نایبینین. ئێمە ئەگەر خەباتی نەتەوایەتی دەکەین و وەک نەتەوەیەک هاتووینە مەیدان، دەبێ قەواعیدی یاریەکەشی بۆ دیاری بکەین. لە روانگەی حیزبی دێموکراتەوە هەستی نەتەوایەتی دەبێ لە نێو هەموو ئەو تەنەوعاتە دا بە هێز بێ بۆ ئەوەی بتوانین لە کوردستانی ئێران ئەو یەکدەنگیە بە هێز بکەین. ئێمە لانیکەم لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی رابردوودا تێکۆشاوین بۆ درێژەدان و جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیەش سەرمایەگوزاریەکی زیاتر لە سەر پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام بکەین. لە کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەوە باسێکی جیدی بووە کە چۆن ئێمە سەرمایەگوزاری لەو ناوچانە بکەین تا ئەوان زیاتر لە جموجۆڵەکەدا بەشدار بن .

جیاواز لە پانتایی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە روانگەی ئێمەوە ئەرکی خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران مەحدوود بە حیزبێک نییە، مڵکی یەک حیزب و بە بەژن و باڵای یەک حیزب نەبڕاوە. لە هەمان کاتدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازیی دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستانی هەبووە، تەمەنی شێست و چوار ساڵە و حیزبێکی ناسراوە، بنەمایەکی بە هێزی نەتەوەیی هەیە، لە زۆرێک لە شار و گوندەکانی کوردستان و لە زۆرێک لە بنەماڵەکانی کوردستاندا حوزوری هەیە، لە ئاستی نێودەوڵەتی ئیعتبار و شەخسیەتێکی باشی هەیە، بەڵام دیسانیش گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تەنیا مڵکی حیزبی دێموکراتی کوردستان نییە و پێمانوایە لەم مەیدانەدا ئەحزابی دیکەی کوردستانیش تێیدا بەشدارن. ئێمە لانیکەم تا ئەو جێیەی پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە کە دەنگ و رەنگی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی ئێران بە هێزتر بێ، حەولمان داوە بە دوای ئەو ئینشعابات و ئینشقاقات و لەتبوونانەی هاتوونەتە گۆڕێ، لە گوفتمان و لە سیاسەت کردن و لە قسە کردن و لە وتوویژ و لە هەڵوێستی رەسمیی هەموو رێبەران و بەرپرسانی حیزبدا بە جۆرێک تەعامول لە گەڵ حیزبەکانی دیکە و لایەنەکانی دیکە بکەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو مەیدانەدا تێکۆشاوە و تێبکۆشێ زیاتر یارمەتی بەوە بکا. ئەوەی ئێمە دەیکەین دیپلۆماسی نییە، دروشم نییە. ئەوە باوەڕە. لە کۆنگرەی چواردەوە تا ئێستا بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئێوە هیچ گوفتمان و هیچ وتار و هیچ وتووێژێک لە هیچ رێبەر و بەرپرسێکی حیزبی ئێمە نابینن لە چۆنیەتی عیلاقاتی ئێمە لە گەڵ حیزبەکانی دیکە بە تایبەت هاوڕێیانی پێشوومان بە جۆرێک عەمەل کرابێ کە ئێمە ئێستا دێینە سەر مەیدانی موعامەلە لەو بابەتەوە لێی پەشیمان بینەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشاوین و تێدەکۆشین حیزبایەتی وەک ئامراز و ئەبزار چاو لێ بکەین. حیزبایەتی لەو حاڵەتە تەقەدوس و مەزهەبیە بێنینە دەرێ و تێدەکۆشین کە حیزب بتوانێ گوێڕایەڵی رەخنە و پێشنیار و بۆچوونی کۆمەڵگا و خەڵک بێ. مادام ئێمە ئاوا بیر لە حیزبایەتی دەکەینەوە، پێمان وایە نابێ بە پەلە قەزاوەت لە سەر کێشەکان بکەین. بە داخەوە تەبیعەتێکی ئێمەی کورد ئەوە بووە کە کاتێک تووڕە دەبین، لەحزەیی بیر دەکەینەوە و لەحزەیی بڕیار دەدەین. کەمتر داهاتووی قەزیەکە دەبینین. بۆیە ئێمە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا بە جۆرێک هەڵوێستمان گرتووە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لە گەڵ هاوڕێیانی پێشوومان یا هەر لایەنێک لە سەر چۆنیەتی پێکهاتن، تەوافوق و کرانەوەی بەرەیەکی بە هێز دانیشین، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو مەیدانەدا دەستمان ئاوەڵایە و بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەڵوێست و بۆچوونێکمان نەبووە کە لانیکەم لەو خانەیەدا ئەسبابی رەخنە و ئینتقادێکی جیدی بێ. بۆیە ستراتژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە لە هەنگاوی یەکەمدا تێبکۆشین کۆمەک بکەین بە رەواندنەوەی شوێنەواری رەوانیی کێشەکان. ئەوەمان وەک بۆچوون هێناوەتە گۆڕێ کە عومری ئینسانیەت زۆر لە عومری حیزبایەتی گەورەترە. بەشێکی زۆرمان پێش ئەوەی بێینە نێو حیزب، تەنزیمی عەلاقات و رەوابیت دەکەین. کۆنترین حیزبی کوردی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانە، شێست و چوار ساڵ تەمەنیەتی بەڵام تەمەنی ئینسانیەت لە کوردستانی ئێران زۆر لەوە زیاترە و پێمانوایە رەوابیتی ئینسانەکان لە

رەوابیتی حیزبایەتی گەورەترە. ئێمە پێمانوایە ئینسان دەتوانێ حیزب بگۆڕێ بەڵام ناتوانێ بنەمای رەوابیتی ئینسانیەت بگۆڕێ. ئەوە شتێکە لە گەڵی گەورە بووە. هەموو ئەوانە یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی نوێ لە حیزبایەتی بکەین و لە حەدی خۆماندا کۆمەک بەوە بکەین. بۆ ئەو مەبەستە ئێمە حیزبەکەی خۆمان وا تەیار کردووە یا وای ئامادە دەکەین یا وای پەروەردە دەکەین کە ئەندامانی خۆشمان لە هەڵسوکەوت لە گەڵ یەکتر و لە گەڵ ئەندامانی حیزبەکانی دیکە ئاوا بڕۆنە پێشێ. هۆیەکەشی ئەوەیە چۆنیەتی دروست کردنی کۆدەنگیەک یا یەکگرتوویییەک لە نێوان حیزبەکاندا زەمانێک دەکرێ کە ئەو فەرهەنگە بگۆڕێ، ئەو فەرهەنگی پاوانخوازییە بگۆڕێ، ئەو فەرهەنگی لە پەراوێزخستنی یەکتر بگۆڕدرێ و فەرهەنگی نەتەوەیی و گشتگیربوونەکە جێ بکەوێ. ئێمە پێمانوایە بەشێک لەو کێشانەی بۆ ئێمە دروست بووە و تەنانەت حیزبەکان لە سەری لەت بوون، ژیانی چەند ساڵەی یەکنەواختی ئێمە و تا رادەیەکیش دوور بوونەوەی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ئاشکرا و رێبەرانی ئێمە لە نێوخۆی وڵات بووە. بۆیە هەوڵمان داوە تێبکۆشین بە پێوەندی لە گەڵ نێوخۆی وڵات، شتی نێوخۆی کوردستان بێتەوە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئێمە. پێمان وایە لە هەمان کاتدا کە رێزێکی زۆرمان بۆ خەباتی ئەندامانی ئاشکرای خۆمان لە ئورووپا و ئەمریکا و لە دەرەوە بە گشتی هەیە، بەڵام دوور بوونەوەی ئێمە رەنگە لە زۆر بابەتەوە کەمایەسی بێ بۆ دەوڵەمەندکردنی سیاسەتەکانی حیزب. بۆیە ئێستا تەشکیلاتی نهێنی و بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزب مەئموریەتمان پێ داون لە ناوخۆی وڵات رۆژانە بیرورا و بۆچوونی خەڵک وەربگرنەوە و ئەو بۆچوونانە بێتەوە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی حیزبی. مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە بەشێک لەو کێشانەی حیزبی تا زەمانێک لە ئاستی کێشەی حیزبایەتیدا بمێنێتەوە، لە دەرێ بمێنێتەوە، رەنگە قازیەکی باش پەیدا نەبێ یەکلایی بکاتەوە. تا

**ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشاوین و تێدەکۆشین حیزبایەتی وەک ئامراز و ئەبزار چاو لێ بکەین. حیزبایەتی لەو حاڵەتە تەقەدوس و مەزهەبیە بێنینە دەرێ و تێدەکۆشین کە حیزب بتوانێ گوێڕایەڵی رەخنە و پێشنیار و بۆچوونی کۆمەڵگا و خەڵک بێ. مادام ئێمە ئاوا بیر لە حیزبایەتی دەکەینەوە، پێمان وایە نابێ بە پەلە قەزاوەت لە سەر کێشەکان بکەین**

کاتێک قازی لە سەر کێشەی حیزبەکان ئەندامانی حیزبن، ناتوانن قازییەکی مونسیف بن. ئەندامانی حیزبێک زیاتر لە چوارچێوەی بەرژەوەندی حیزبەکەی خۆیاندا قەزاوەت دەکەن و بڕیار دەدەن. بەڵام ئەگەر حیزبەکان لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان، رۆژێک لە ئینتخاباتی ئازاد دا، لە فەعالیەتی ئازاد دا، لە نێو سندووقەکانی دەنگدان دا نمرەیان پێ بدرێ، ئەو وەختە خەڵک قەزاوەت دەکا هەر کام لەو حیزبانە مەوقعیەتی چۆنە و چ نمرەیەکیان بۆ دەبێ. بەڵام بە داخەوە بە حوکمی ئەوەی سی ساڵە ئەو مەجالە بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەماوەتەوە، دەنگی خەڵک و رەنگی خەڵک و ئینتقادی خەڵک لە نێو ئێمەدا لاواز بووە و رەنگە بەشێکی زۆر لە ئێمە وەک حیزبەکان، لە ژیانی سیاسیی خۆماندا پێویستیمان بە دەنگی خەڵک لە نێوخۆی وڵات نەبێ. مادام حیزبێک ئیحتیاجی بە رەئی خەڵک لە نێوخۆی وڵات نییە، برێک بە بێ منەتی سیاسەت دەکا. چونکە زۆرتر رووی لە ئەندامانی خۆیەتی و ئەندامانی خۆیشی تەئیدی دەکەن. لە ئورووپای دێموکراتیک و لە ئەمریکای دێموکراتیک و لە سەرجەم وڵاتانی دێموکراتیک دا حیزبێک جاری وایە تێدەکۆشێ، دەچێ کۆڵانان دەگەڕێ، دەرگای ماڵان لێدەدا، لە شەقامان کۆبوونەوە دەکا، دەزانێ ئەگەر ئەمجارە بۆ وێنە لە جیاتی ٣٥%، ٣٦%ی دەنگەکان بێنێتەوە، مەجالی دروست کردنی دەوڵەتی هەیە و رەنگە ئەو ١% تەقریبەن دە هەزار دەنگ بێ. حیزب لە وڵاتی دێموکراتیک دا ئیحتیاجی بە دەنگی خەڵک هەیە. ناتوانێ بەرامبەر بە دەنگی خەڵک بێ تەفاوەت بێ. بۆیە حیزب ناچارە وەک بنەمایەکی دێموکراتیکی رابیتەی نێوان حیزب و دەسەڵات هەمووی ئەوانە لە بەر چاو بگرێ. بەڵام بە داخەوە ژیانی سیاسیی ئێمە وای لە ئێمە کرد کە ئاوا نەبین. بۆیەش لەو ئینشعابات و لەتبوون و ئینشقاقاتانەدا خەڵک تێیدا بەشدار نەبوون. زۆرتر کێشەی نێوخۆی حیزبی بووە کە بەو ئاقارەدا رۆیشتوە. لانیکەم ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشین کە لەمەو بەدوا ئەو عەقڵیەتە زۆرتر لە کاروباری ئێمەدا بەشداریی بێ .

لە پێوەندیی لە گەڵ رێگا چارەی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا، ستراتژی ئێمە فیدرالیزمە. بەڵام هەر وەک ئاماژەم پێکرد، فیدرالیزم شتێکی گشتگیر و قابیلی بەحسە. ئەوە ویستی ئێمەیە، سەحنەی سیاسیی داهاتووی ئێران چۆنی قەبووڵ دەکا، هاوسەنگیی هێزەکان چۆن دەبێ، ئازەری چۆن تێیدا بەشدار دەبێ، فارس چۆن تێیدا بەشدار دەبێ، پرسیاری زۆری لە سەرە. ئێمە پێمان وا نییە نەتەوەکانی ئێران بە سەر نەتەوەکانی زۆرلێکرا و نەتەوەی دەسەڵاتداردا دابەش بکەین. ئەوە ناتوانێ بنەمایەکی مەنتقی و مەعقوول بێ بۆ فیدرالیزم. لە فیدرالیزم دا میللەتی دەسەڵاتدار و میللەتی ژێر ستەمی تێدا نییە. فیدرالیزم ئیعتراف بە تەنەوعاتە. هەر نەتەوەیەک بە پێی وەزن و پێوانەیەک کە بە دەلیلی حەشیمەت و مەوقعیەت هەیەتی، بەشداریی لەو پرۆسەیەدا دەکا. بۆیە ستراتژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە پێش هەموو شتێک دەبێ تێ بکۆشین فارسەکان زیاتر لە هەموو لایەنەکانی دیکە قەناعەت بەوە بێنن کە ئێرانی داهاتوو ئەگەر بە شێوەی فیدرالیزم ئیدارە بکرێ بۆ ئەوانیش باشترە. دەبێ قەناعەت بە ئازەرییەکانیش بێنین. ئەگەر قەرار بێ لە ئێرانی داهاتوودا فارس و ئازەری نەیەنە سەر ئەو قەناعەتە کە لە ئێرانی فیدراڵ دا بەشداریی بکەن، فیدرالیزمی ئێمە هەرەس دێنێ و لە گەڵ

موشکیلاتی جیدی بەرەوروو دەبێ. جیاواز لەو ستراتژییە، هەدەفێکی دیکەی ئێمە ئەوەیە مادام باوەڕمان بەوە هەیە کە جمهوری ئیسلامی تەنیا بە میللەتی کورد ناڕوخێ و میللەتی کورد ٣٠ ساڵە لە خەباتێکی دوور و درێژدا، لە خانەی ئەمنیەتی دا و لە ژێر فشاری ئیقتسادی دایە، مەحرومیەتی ماڵیی چێشتوە، مەحرومییەتی فەرهەنگی چێشتوە، مەحرومیەتی خوێندنی چێشتووە و خەباتی ئێمە جۆرێک بووە کە جمهووریی ئیسلامی کردوویەتی بە بیانوو بۆ سەپاندنی ئەو مەحرومیەتانە، ئێمە تێدەکۆشین لە داهاتوودا، لەمەو بە دوا لە دەرفەتەکان ئیستیفادە بکەین. ئێمە تێدەکۆشین قەزیەی کورد لە کوردستانی ئێران یان قەزیەی کورد لە ئێران جۆرێک لێ بکەین کە ئەو قورساییە لە سەر کورد کەم بێتەوە. ئەگەریش بمانهەوێ ئەو قورساییە لە سەر کورد کەم بێتەوە دەبێ هەوڵ بدەین لە تاران تێمان بگەن. ئەو جووڵانەوانەی ئێستا کێشەیان هەیە لە گەڵ حکوومەتی خامنەیی و ئەحمەدی نەژاد، بە جۆرێک بچینە نێوی، تەشویقی بکەین، تەقویەتی بکەین، قسەی خۆمانی تێ بخەین. ئێمە لەو باوەڕەدا نین لە ماوەی سی ساڵی رابردوو ئەگەر بەشێک لەوانە لە دەسەڵاتیش دا بوون، وەک یەک چاویان لێ بکەین. ئێمە پێمانوایە هونەری حیزبێکی سیاسی، هونەری میللەتێک و هونەری رێبەرێکی سیاسی ئەوەیە دوژمن کەم کاتەوە و دۆست دروست بکا. ئەگەر ئەو ستراتژییە نەگرین و فەرق و جیاوازیی ئینسانەکان لە تاران نەکەین، تەنیا بەو عەقڵیەتی رووخان و بەو عەقڵیەتی هەموو کێشەکانی جمهووریی ئیسلامی لە یەک خانە دابنێین، ناتوانین لەو مەیدانەدا لەو شکافانە ئیستیفادە بکەین و دۆست بۆخۆمان پەیدا بکەین. هەروەک ئاماژەم پێکرد، ئێمە ئیحتیاجمان بەوەیە مەسەلەکەی خۆمان بەرینە ئەوێ. ئێمە وتومانە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا حەل دەبێ، جا ئەگەر قەرار بێ خەڵکی ئێران لە ئێمە تێ نەگا، قەرار بێ ئەوانەی لە سیاسەت لە کێشە دان و کێشەکان دێننە گۆڕێ و ئێمە مەسەلەکەی خۆمان نەبەینە نێو ئەوان، داهاتووی ئەو چارەسەریەش دەتوانێ داهاتوویەکی ناروون بێ. ئەوە ئەرکی ئێمە و ئەرکی حیزبە کوردییەکان و ئەرکی عەقڵیەتی سیاسی لە کوردستانی ئێرانە کە بچێتە نێو ئەو کێشانە. سیاسەتی ئێمە لە پێوەندی لە گەڵ هەڵبژاردندا دەقیقەن ئەوە بوو و باشیش هاتە گۆڕێ کە چۆن ئێستا بەحسێک لە ئێراندا هاتۆتە گۆڕێ حیزبی دێموکراتی کوردستان بچێتە نێو بەحسەکە. ئێمە لەو باوەڕە داین لە سیاسەت دا خۆمان لە خانەیەکدا قەتیس ناکەین. یەک بوعدی چاوی لێ ناکەین. ئەبعادی جۆراوجۆری بۆ دەکەینەوە، ئیحتمالاتی جۆراوجۆری بۆ دەکەینەوە. کێهەیان گونجا، لەوێدا بازی دەکەین. کامیان خانەی داخراو بوو، خۆی لێ دوور دەکەینەوە. لە کوێدا دەرفەتمان بۆ دروست بوو دەچینە ئەوێ. ئەوە بەردی بنەمای ستراتژیی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانە و لە سەر ئەو بنەمایە دەچینە پێشێ. ئەو ستراتژیە لە باری سیاسیەوە هیچ دژایەتی و تەزادێکی لە گەڵ ئوسوول و پرەنسیپەکانی ئێمە نییە وەک حیزبێکی نەتەوەیی، وەک حیزبێک کە دیفاع لە مافی مرۆڤ و دێموکراسی دەکا و لە چوارچێوەی ئێراندا دەچێتە نێو یارییەکە. هەر وەک وتم حیزبێکی سیاسی دەبێ قەواعیدی بازیی سیاسیی خۆی هەبێ و ئێمە بەرەو ئەوە دەڕۆین .

لە پێوەندی لە گەڵ نێوخۆی ئێراندا، ئێمە پێمان خۆشە ئەو عەقڵیەتە پەرە بستێنێ، ئەوەی کە ئێستا لە تورکیادا هەیە بە شتێکی باشی دەزانین. ئێمە لەو باوەڕە داین لە زەمانێکدا کە کەمالیزم بەردی بنەمای دروستکردنی فەرهەنگی تواندنەوە و ئینکاری کورد بووە و لە سەر بنەمای تواندنەوەی کورد یەک کۆمەڵگەی دروست کردووە، دوای تەقریبەن زیاتر لە ٧٠ ساڵ، ئێستا لەو وڵاتەدا پرسیار دروست دەبێ، لەو وڵاتەدا باس لە گۆڕێدا هەیە، لە پارلمانی کەمالیزم دا باس لە سەر مەسەلەی کورد دەکرێ. حیزبێک بە بۆچوونێکی دیکە هاتۆتە گۆڕێ. نەک بڵێم ئەو حیزبە خودموختاری بە کورد دەدا یا مەسەلەی کورد بەو ئینتزاراتەی کە عەقڵیەتی نەتەوەیی کورد هەیەتی، جێبەجێ دەکا. بەڵام ئەو حیزبە هەوڵ دەدا کۆمەڵگەی تورکیا بە نیسبەتی کورد برێک بکاتەوە. بنەماکان بڕەوێنێتەوە. شوێنەواری رەوانیی کەمالیزم بڕەوێنێتەوە. ئێمە ئەوە بە شتێکی باش دەزانین و پێمانوایە عەقڵیەتی کوردی لە کوردستانی تورکیا و حیزبە کوردیەکان و تەنانەت حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان تەشویقی حیزبەکەی ئەردۆغان بکەن. تەشویقی بکەن و بڵێن ئەو هەنگاوەی ئێوە هەڵ یدێننەوە باشە. نابێ ئینتزارمان ئەوە بێ کاتێک بۆ یەکەم جار لە پارلمانی تورکیەدا لە سەر مەسەلەی کورد قسە دەکرێ، بە گوێرەی بنەمای نەتەوەیی ئێمە و ئینتزاراتی ئێمە قسە بکرێ. حیزبی سیاسی دەبێ تێبکۆشێ مەجال دروست بکا. پێمانوایە ئەگەر ئەو رەوتە لە تورکیا هەروا بچێتە پێشێ و ئەو تابویە بشکێ، یارمەتی دەکا بە شکانی ئەو تابویە تەنانەت لە ئێرانیش. کۆمەک دەکا بە شکانی ئەو تابویە تەنانەت لە سوریەش. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بە شتێکی باش دەزانین. تەنانەت حیزبی ئێمە هەوڵی داوە بە پێوەندی گرتن لە گەڵ حیزبەکەی ئەردۆگان لە وڵاتانی جۆراوجۆر، راستیەکەی تەشویقی ئەو سیاسەتەیان بکەین. پێیان بڵێین ئەوە کارێکی باشە، شتێکی چاکە، پێمان خۆشە ئەو شێوە بۆچوونە لە تورکیا نەهادینە بێ و وردە وردە ئەوە ببێ بە رێگاچارەیەک لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا هەیە. ئەوە کۆمەک دەکا بە مەجالەکانی زۆرتر .

لە پێوەندی لە گەڵ ئێمە و دنیای دەرەوە و ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن لە مەجالەکانی دنیای دەرەوە بۆ پرۆژەکانی خۆی ئیستیفادە دەکا، ئێمە لەو بوارەشدا دوو ستراتژیمان بووە؛ ستراتژییەک ئەوە بووە کە چۆن تێ بکۆشین لە هەمووی ئەو شوێنانە، لە سەر ئیدامەی سیاسەتی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسی – مەدەنی کە باشترین مەجال بۆ فەعالیەتی سیاسی خۆی لە قانوونمەندی دا دەبینێ، وەک حیزبێک کە خشونت و تیرۆر و شتی وای هەمیشە رەد کردۆتەوە، دۆست بۆخۆمان پەیدا بکەین و تێ بکۆشین لەو مەجالانەی بوومانە رایەڵەیەک دروست بکەین. لە هەمان کاتیشدا بە گوێرەی ئەو کێشانەی بە دژی ئێران لە گۆڕێدا هەیە، ویستوومانە مەسەلەی مافی مرۆڤ و مەسەلەی دێموکراسی و مەسەلەی کورد زۆرتر بێنینە گۆڕێ و بە دنیای دەرەوە بڵێین رەنگە ئێستا لە خانەی ئەمنیەتیدا پرۆژەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئێوە زۆر مەوزوع بێ، رەنگە ئەمنیەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست زۆر مەوزوع بێ، بەڵام تەواوبوونی کێشە ئەتۆمییەکانی ئێران لە گەڵ دنیای دەرەوە بە مانای تەواوبوونی کێشەکان نییە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی داوە کێشەی دنیای دەرەوە لە

گەڵ ئێران بە کێشەی ئەتۆمی پێناسە نەکا. چون کێشەی ئەتۆمیی ئێران دەکرێ تەواو بێ، دەکرێ تەوافوقی لە سەر بکرێ، زیاتر لە خانەی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و ئێران و ناوچەکە دایە. بۆ ئەوەی ئێمە لەو کێشەیەدا سەرمان بێ کڵاو نەمێنێتەوە، هیچ چاوەڕوانیی هەڵەمان لە ناو خەڵکدا دروست نەکردوە و قەت ئەو سیاسەتەمان نەبردۆتە پێشێ کە کێشەی ئەمنیەتیی دنیای دەرەوە لە گەڵ ئێران دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕی دنیای دەرەوە لە دژی ئێران و لە ئاکامدا ئەوە بە رێگای رزگاریی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و مەسەلەی دێموکراسی دابنێین. هەرچەند ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەیی ئەوەمان هەیە هەر حاڵەتێک لە کێشەی دنیای دەرەوەی لە دژی جمهووریی ئیسلامی بێتە پێشێ، کەڵکی خۆمانی لێ وەربگرین و ئیستیفادەی خۆمانی لێ بکەین. کام حاڵەت گونجاو بوو لە پێناو بەرژەوەندیی میللەتی کورد، خۆمان لە گەڵ ئەو حاڵەتە تەتبیق دەدەین. حاڵەتی نیزامییش بێ، ئێمە دەبێ خۆمانی لە گەڵ تەتبیق بدەین. دەی باشە ئێمە سی ساڵ لە کێشە لە گەڵ جمهووریی ئیسلامی دا بووین. حاڵەتی دیپلۆماسی بێ، دیپلۆماسیی ئێمە بە نیسبەت وەزنی خۆمان و وەزنی مەسەلەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کەم و زۆر باشە. حاڵەتی تەبلیغاتی بێ، ئێمە هەر دەبێ ئامادەگیمان بۆی هەبێ. بۆیە لە کێشەی ئێران لە گەڵ دنیای دەرەوە، ئێمە ئاوای بۆ دەچێن کە وێڕای بەهێزکردنی ئەو بۆچوونە ئەو ئامادەگیە لە خۆماندا پێک بێنین .

من چیدیکە بە قسەکانی خۆم وەختتان ناگرم. هیوادارم ئەو کورتە باسەی کە هێنامە گۆڕێ، دەرگا و دەرفەتی بۆ کۆمەڵێک دیالۆگ و پرسیار کردبێتەوە. چونکە بە قەولی سوقرات باشترین کۆبوونەوە یا باشترین سیاسەت یا باشترین بۆچوون ئەوەیە کە بە قسە و ئیستدلالەکانی خۆی لە کۆمەڵگەدا پرسیار دروست بکا. ئەوە دەقیقەن بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئێمە کۆمەڵگەیەکمان پێ باش نییە کە کاتێک ئەو کۆمەڵگەیە گوێ لە قسەی رێبەران و بەرپرسەکانی دەگرێ، یەکجێ قەناعەت بێنێ. پێمانوایە دروستکردنی فەزایەکی باشی دیالۆگ و رەخنە و گفتوگۆ دەتوانێ کۆمەڵگە دەوڵەمەند بکا. بۆیە ئێمە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ئێستا ئەو فەرهەنگە بە هێز دەکەین. لە پێوەندی خۆمان لە گەڵ ئەندامان دا ئەو فەرهەنگە بە هێز دەکەین. ئێمە لە ژێر سێبەری کێشەکانی رابردوو دەمانهەوێ رووناکاییەک بدەین بە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ یەکتر، لە چۆنیەتی چارەسەریی کێشەکان. هەروەها ئەگەر ئێمە تێ بکۆشین ئەو فەرهەنگە لە حیزبەکەی خۆماندا نەهادینە بکەین، کە بێگومان لە گەڵ ئاستەنگیش روبەروو دەبێ، ئەو حیزبە دەتوانێ کۆمەک بکا بە دروستکردنی ئەو فەرهەنگە لە گەڵ حیزبەکانی دیکە. ئێمە پێمانوایە لە سیاسەت و هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆماندا حیزبێکین هەڵەشمان کردووە، رەخنەشمان لە سەرە و پێمان وایە لە حیزبێکی سیاسیدا کە شت دەڵێ و شت دەکا و بڕیار دەدا و دەچێتە نێو کۆمەڵێک بازی سیاسی، ئیبتکارات دێنێتە گۆڕێ، ئیشتیبا عەیب نییە بەڵام هونەرە کە ئیعتراف بە هەڵەکانی خۆی بکا. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشین لە داهاتوودا، لە پێوەندی لە گەڵ چ ئەندامانی خۆمان و چ لە گەڵ

**حیزبی سیاسی دەبێ تێبکۆشێ مەجال دروست بکا. پێمانوایە ئەگەر ئەو رەوتە لە تورکیا هەروا بچێتە پێشێ و ئەو تابویە بشکێ، یارمەتی دەکا بە شکانی ئەو تابویە تەنانەت لە ئێرانیش. کۆمەک دەکا بە شکانی ئەو تابویە تەنانەت لە سوریەش. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بە شتێکی باش دەزانین**

کۆمەڵگە و چ لە گەڵ لایەنەکانی دیکە، ئەگەر هەڵەیەکمان کرد، رەخنە لە خۆمان بگرین. پێمانوایە ئەوە کۆمەک دەکا بە رابیتەیەکی سالم لە گەڵ کۆمەڵگا. یەکێکی دیکە لە بۆچوونەکانی ئێمە لەو پێوەندییەدا ئەوە بووە کە ئەو ئیعتمادە لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بە هێز بکەین ئەویش ئەوە بووە کە کاری سیاسی و تێکۆشان لە نێوخۆی وڵات نەکەین بە مڵکی حیزبێک و تاکەکەسێک. ئێمە کۆمەکمان بەوە کردوە کە لە ناوخۆی وڵات خەڵک بە فەعالیەتی جۆراوجۆر بێنە مەیدان و نیگەرانی ئەوە نەبن پێیان بڵێن ئەوانە سازشکارن، یا ئەوانەی لە ناوخۆی وڵات لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆر یا لە پارلماندا فەعالیەتیان کردوە و فەعالیەت دەکەن، کە دەورانێک گوتویانە کە لە سیستمی جمهووریی ئیسلامی دان و رەنگە خائین بن یا لە گەڵ جمهووریی ئیسلامین. ئێمە پێمانوایە ئەرکی کوردایەتی ئەرکێکی پان و بەرینە. لە شارەکانی کوردستان بە شار و گوندەوە و لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان، مڵکی هەمووی میللەتی کوردە. تاک تاکی کورد بە شێوەی خۆیان و بە گوێرەی توانایی خۆیان دەتوانن تێیاندا بەشدار بن. چۆن گلەیی لە ئێمە هەیە، ئێمەش دەتوانین گلەییمان لە وان هەبێ و چۆن ئێمە لەو خەباتەدا خۆمان بە حەقدار دەزانین، ئەوانیش حەقی خۆیانە خۆیان بە حەقدار بزانن. پێمانوایە ئەوانیش دەتوانن لە زۆر رابیتەدا لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان گلەیی و گازندەیان هەبێ. ئێمە پێمان وا نییە دەورانێک کە حکوومەتمان کردوە، ئیدارەی وڵاتمان کردوە، کاری کۆمەڵایەتیمان کردوە، بڕیارمان داوە، بێ هەڵە و ئیشتیبا بووین. پێمانوا نییە کەسێک کە دەسەڵاتی هەبێ، بێ هەڵە و ئیشتیبا دەبێ. بۆیە سیاسەتی حیزبی ئێمە ئەوەیە کۆمەک بەوە بکەین لە دیالۆگ بەینی خۆمان و ئەندامان وە، لە دیالۆگ بەینی خۆمان و کۆمەڵگە ئەو مناسباتە بێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی حیزبەکان مەجبوور بن بەرامبەر بە کۆمەڵگە وڵامدەر بن.

# له ساڵیادی قەتڵە زەنجیرەییەکاندا

ئاوێر

کوشتن و تیرۆرو وەلانان له سیستمی ئیدۆلولۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا خاوەن رەگ و ریشەیەکی تایبەتە و دەکرێ بڵێین یەکێك لەو بنەمایانەیە کە ئەم سیتمە ئیدۆلۆژیکەیان لەسەر بنیات نراوە.

لەماوەی سێ دەیەی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر له جیابیران و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بوونەتە قوربانیی ئەم سیاسەتە. هەر له ئیعدامەکانی خەڵخاڵییەوە له سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی له کوردستانەوە بگرە تا ئیعدامی زیندانیانی سیاسی له ساڵەکانی ٦٧ و ٦٨داو دواتر تیرۆری دکتۆر قاسملوو له ڤییەن، تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی له بێرلین و تیرۆری شاپوور بەختیار له فەڕەنسا و هەروەها تیرۆری زانای ئایینی، ماموستا مەلامحەممەدی رەبیعی له کرماشان و....

پاش ئەم قۆناغە له سەردەمی سەرکۆماریی "خاتمی" له ساڵی ١٣٧٧دا، چەند کەس له رووما ناسراوەکان و جیابیران تێرۆرکران کە دواتر ئەم تێرۆرانە ناوی قەتڵە زەنجیرەییەکانیان لەسەر دانرا.

لەسەرەتای مانگی سەرماوەزی ١٣٧٧دا "داریووش و پەروانەی فرووهەر" کە باسی "جیایی دین له دەوڵەت" و "ئازادیی ئێرانیان" دەکرد له ماڵەکەی خۆیان له تاران تیرۆر کران. مانگێك دواتر "محەممەد موختاری" نووسەر و ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران بێ سەر و شوێن کرا و دواتر راگەیەندرا کە تێرۆر کراوە. دوای ماوەیەکی دیکە "محەممەد جەعفەر پوویەندە"رووناکبیری ناسراو و ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران تیرۆر کراو....

بەئاماژە بەوەی کە ئەم تیرۆرانە لە ناو کۆمەڵگادا دەنگی دایەوە و بوو بە بابەتی میدیاکانی نێوخۆی ئێران، " محەممەد خاتەمی"، سەرکۆماری ئەوکات بڕیاری بە دواداچوونی ئەم تیرۆرانە و سزادانی ئەنجامدەرانی دەرکرد. پاش نزیکەی دوومانگ "وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی" له رێکەوتی ١٥ی بەفرانباری ساڵی١٣٧٧ی هەتاویدا رایگەیاند کە ژمارەیەك له هاوکارانی نابەرپرسیاری وەزارەتی ئیتلاعات، کە بێ گومان دەستی دەرەکییان له پشتە ئەم تیرۆرانە یان ئەنجامداوە.

پاش ئەم هەڵوێستەی وەزارەتی ئیتلاعات، "عەلی خامنەیی" رێبەری کۆماری ئیسلامی ناچار بە دژکردەوە بوو و وتی:"ئەگەر لەم بارەوە لێکۆڵینەوە بکرێ، دەردەکەوێ کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی دوژمن لە پشت ئەم قەتڵانەوە بووە." دوابەدوای ئەم رووداوانە، بنەماڵەی تیرۆر کراوان سکاڵایان لە دادگا تۆمار کرد و پارێزەریان بۆ دۆسییەکان گرت، بەڵام بە وتەی "پەرەستوو فرووهەر، کچی داریووش و پەروانەی فرووهەر، بەردەوام بە دواداچوون و سکاڵاکانیان ئەو وڵامەی پێدراوەتەوە کە مەسەلەمەسەلەی ئاسایشی نەتەوەییە و ناکرێ زانیارییەکان بدەنە پارێزەرەکان و بنەماڵەی تیرۆر کراوان.

لە رێبەندانی ساڵی ٧٧ دا " سەعید ئیمامی " کە بە ناوی خوازراوی "سەعید ئیسلامی" یەوە کاری دەکرد و راوێژکار و جێگری " عەلی فەللاحیان "، وەزیری ئیتلاعاتی ئەو کات بوو، دەستیگر کرا. سازمانی قەزایی هێزە چەکدارەکانی رێژیم لە راگەیاندراوێکدا ئەوی وەك دارێژەری ئەم تیرۆرانە راگەیاند. لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ دا راگەیەندرا کە سەعید ئیمامی لە زیندان دەرمانی خاوێن کردنەوەی خواردۆتەوە و خۆکوژیی کردوە.



لە رێبەندانی ساڵی ١٣٧٨ دا فیلمێك لە ددانپێدانانەکانی شەش کەس لە تاوانبارانی پەروەندەی قەتڵە زەنجیرییەکان درایە مەجلیس کە"مێهدی کەڕووبی"، سەرۆکی ئەوکاتی مەجلیس و نوێنەرانی قۆڵی ریفۆرمخواز رەخنەیان لی گرت و وتیان کە ئەم ددانپێدانانە ناڕوونن و هیچ بایەخێکی یاسایی‌یان نییە.

پاش دووساڵ راگەیەندرا کە لێکۆڵینەوەکان لەم بارەوە کۆتایی-یان پێ هاتوە و بنەماڵەی تیرۆرکراوان و پارێزەران بە خوێندنەوەی پەروەندەکان باسی ئەوەیان هێنایە گۆڕێ کە لەم پەروەندانە دا کەمو کوڕی هەیە و ئەنجامدەرانی ئەم تیرۆرانە دیاری نەکروان و هاوکات سکاڵایان بۆ کۆمیسیۆنی ئەسڵی نەوەدی مەجلیس بەرز کردەوە. بە پێی قسەی" پەرستوو فرووهەر" دوای ماوەیەك بەرپرسی کۆمیسیۆن پێی راگەیاندوون کە لەم تیرۆرانەدا کەسانێك دەستیان هەبووە کە مەجلیس ناتوانێ بانگیان بکا و لێیان بپرسێتەوە. ئەم وتەیە لێرە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کەسانێك لە ئاستی سەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا لە پشت ئەم تیرۆرانەوە بوون و، رێبەری ئێستای قۆڵی پاوانخواز واتە " عەلی خامنەیی" لەو پەیوەندییەدا بەرپرسیارە.

پاش ئەم جۆرە وڵامدانەوە و بە دواداچوونانە، بنەماڵەی تیرۆرکراوان سکاڵایان بۆ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردەوە و دواتر ئەم کۆمیسیۆنە پەروەندەیەکی بۆ دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی نارد و لەو پەیوەندییەدا داوای وڵامیان کردبوو کە تا ئێستاش بەرپرسانی ئێران وڵامیان نەداوەتەوە.

دوای ئەوەی بەرپرسانی ئێران کێشەکەیان" دیزە بە دەرخۆنە" کرد، کەسانێکی وەك "عیمادەدین باقی "،"ئەکبەر گەنجی"و... کە بابەتەکەیان وروژاندەوەو رەخنەیان لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنی بەرپرسانی قەزایی کۆماری ئیسلامی لەوپەیوەندییەدا گرت لەگەڵ "ناسر زەرێەفشان"(لە پارێزەرانی پەروەندەی قەتڵە زەنجیرەییەکان) دەستگیر و بۆماوەی چەند ساڵ زیندانی کران.

ئەگەر چی پەروەندەی قەتڵە زەنجیرەییەکان لەلای بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی هاتوە و بەرپرسان ئەم تیرۆرانەشیان وەك هەمیشە بەوە لە قەڵەمدا کە دەستی دەرەکییان لە پشت بووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم ناڕوونیانە بۆ هەمیشە وا دەمێننەوە؟ یا نا دیکتاتۆران و بکوژانی تاران تووشی چارەنووسی سەدام و داروودەستەکەی دەبن و بە سزای خۆیان دەگەن و ناڕوونییەکان ئاشکرا دەبن؟

**کوشتن و تیرۆرو وەلانان لە سیستمی ئیدۆلولۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا خاوەن رەگ و ریشەیەکی تاییەتە و دەکرێ بڵێین یەکێك لەو بنەمایانەیە کە ئەم سیتمە ئیدۆلۆژیکەیان لەسەر بنیات نراوە**

# هەنگاوێکی نوێ بۆ بەدوادا چوونی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو

ئەلف، عەبدوڵڵا

لە رۆژەکانی ١٦ تا ١٨ ی نوامبری ٢٠٠٩ی زایینی‌دا، هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان مستەفا شەڵماشی بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات و گوڵاڵە شەڕەفکەندی وتەبێژی کەمپەینی وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو لە چوارچێوەی گەشتێکی گرینگی دیپلۆماسی‌دا سەردانی وڵاتی ئوتریشی کرد. هەیئەتی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزب لەو سەفەرەدا بە هاوڕێیەتیی د. عەلی مازووچی بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی حیزب لە ئوتریش و باقیی تێکۆشەرانی بەوەج و چالاکی حیزب لەو وڵاتە، لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەرپرسانی دامودەزگا دەوڵەتی و سیاسی‌یەکانی ئوتریش دیدار و چاوپێکەوتنیان کرد. کۆشکی سەرۆک کۆماریی ئوتریش، وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش، حیزبی سۆسیال دێموکڕاتی ئوتریش، و حیزبی سەوزەکانی ئوتریش بەشێک لەو ناوەند و لایەنانە بوون کە بەپێی بەرنامەی گەڵاڵە بۆ دارێژراو پێشوازییان لە هەیئەتی حیزب کرد.

ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە دەکەونە نێو چوارچێوەی گشتیی دینامیزمی تازەی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە لە هەلومەرجی هەستیار و پڕ ئاڵوگۆڕی ئەم دوایی‌یانەی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان‌دا گوڕ و تینێکی کەموێنەی بە خۆوە گرتوە و بە شێوەیەکی بەربڵاو و هاوئاهەنگ لە سەرجەم کۆڕ و کۆمەڵ و کاناڵە مومکینەکانی لۆبیگەریی سیاسی لە دەرەوەی وڵاتدا نەخشێکی چالاک و جیددی و بەکەیفییەت دەگێڕێ.

بەڵام مەئموورییەتی هەرە کۆنکرێت و گرینگی ئەم دیدار و دانیشتنانەی بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هەیئەتی هاوڕێی، بەدواداچوونی پرسی وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی تێرۆری رێبەری شەهیدی حیزب دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی بوو. هەیئەتی حیزب کە هەڵگری تۆماری بەشێک لەو هەزاران ئیمزایە و پشتیوانیی رەسمیی دەیان کەسایەتیی ناوداری خاریجی و ئێرانی لەپێوەندی لەگەڵ داوای چالاک کردنەوەی پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوودا بوو، وێڕای گەیاندنی نوسخەی ئەو تۆمارە بە ناوەندە پێوەندیدارەکانی ئوتریش، رەهەندە سیاسی و حقووقی‌یەکانی ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ کاربەدەستانی ئوتریشی تاوتوێ کرد. لەلایەکی دیکەوە، هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو کۆبوونەوانەدا مەسەلەی هەڵگرتنی کۆسپە سیاسی‌یەکانی بەردەم بەئاکام گەیشتنی ئەو کەیسە قەزایی‌یە بایەخدارەی وەک یەکێک لە پارامێترەکانی نەخش و هەڵوێستی دەوڵەتی ئوتریش و ئورووپایی‌یەکان بە گشتی لە بازنەی فراوان و فرە رەهەندی شوێندانانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر گەشەسەندنەکانی پێوەندیدار بە بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێراندا هێنایە گۆڕێ.

بیستەمینساڵوەگەڕی تێرۆری دوکتور قاسملوو دەرەتانێکی سەمبولیک و گونجاو بۆ راکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی و زوومی میدیا و کۆڕ و کۆمەڵەکانی دەرەوە بۆ لای خواستی چەندین ساڵەی حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو ناهەقی‌یە مێژوویی و لەبیر نەکراوە بوو کە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئوتریش بە پەڕاندنەوەی قاتڵانی د. قاسملوو لە هەر چەشنە لێپرسینەوەیەکی قەزایی و ئیسکۆرت کردنیان بەرەو تاران لەگەڵ گەلی کورد و ویژدانی مرۆڤایەتی‌یان کرد. بەڕێوەبردنی کۆمەڵێک چالاکیی گرینگ و یەک لەوان وەڕێخستنی کەمپەینی ئیمزا و پشتیوانی کۆکردنەوە بۆ ئەم داوایە لەو یادی بیست ساڵەیەدا بەتایبەتی لەبەر ئەوە بەجێ و گونجاو بوو کە ئەم یادەوەری‌یە خەمناکە هاوکات بوو لەگەڵ وەڕێکەوتنی شەپۆلێکی بێوێنەی بێزاریی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی بەرامبەر بە ناوکی سەرەڕۆیی ئیسلامی لە ئێران کە ماوەیەک پێشتر یەکێک لە ئەندامانی تیمی تێرۆری قاسملوو واتە مەحموود ئەحمەدینژادی وەک سەرۆک کۆمار بەسەر خەڵکی ئێران‌دا سەپاندبووە.

هەروەک بەڕێز مستەفا شڵماشی لە دیدارەکانی خۆی‌دا لە ڤییەن وەبیر موخاتبە ئوتریشی‌یەکانی خۆی هێنایەوە، کوردەکانی ئێران لە رابردووی پێوەندی و ناسیارییان لەگەڵ دامودەزگاکانی ئوتریش وەک دۆستانی زۆر بەنرخی خۆیان لە بەشێکی بەرچاو لە ناوەندە سیاسی و حکوومی‌یەکانی ئوتریش و بەگشتی گەلی ئەو وڵاتەیان روانیوە. بەڵام هەڵوێستی نائوسووڵی و قازانجپەرەستانەی پۆلیس و دەزگای قەزاییی ئوتریش و لە سەرووی وانیشەوە ئۆرگانە سیاسی‌یە بڕیاردەرەکانی ئەو وڵاتە لەپاش تێرۆری د. قاسملوودا ئەو پێوەندی‌یەی بە شێوەیەکی درێژخایەن و نەسڕاوە خەوشدار کرد.

پەیامی گەشتە دیپلۆماسی‌یەکەی هەیئەتی حیزب لە ئوتریش ئەوە بوو کە ئەگەر هەتا دوێنێ ئوتریشی‌یەکان کۆمەڵێک پاساوی سیاسی و تەنانەت بیانووی حقووقییان بۆ دیزە بەدەرخۆنەکردنی هاواری عەدالەت بۆ قوربانییانی کارەساتی ١٣ ی ژوئیەی ١٩٨٩ دەهێنایەوە، لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی نێونەتەوەیی و هەڵکردنی رەشەبای داماڵینی سەرەڕۆیی لە ئێران‌دا و هەروەها ئاشکرا بوونی فاکتە نوێیەکانی پێوەندیدار بە بەڕێوە چوونی ئەو تێرۆرە، ئیدی نە عەدالەت و نە تەنانەت سیاسەت چیدیکە عوزری مووەجە بۆ درێژە کێشانی هەڵوێستی تا ئێستای ئوتریشی‌یەکان ناهێڵنەوە. هەربۆیە وەک لە وتووێژ و لێدوانەکانی پێشووی بەرپرسانی کەمپەینەکەدا راگەیاندراوە و هەیئەتی حیزب لە ئوتریشیش ئیشارەی پێ کردۆتەوە، لە حاڵەتی ملنەدان و بێ‌مەیلیی بەردەوامی کاربەدەستانی ئوتریش بۆ لاکردنەوە لەو خواستە بەرهەقە، لە قۆناغی داهاتووی هەوڵە مەیدانی‌یەکان لەو پێوەندی‌یەدا لەبەردەم دادگای ئورووپایی مافی مرۆڤ لە ستراسبورگ شکایەت لە دەوڵەتی ئوتریش دەکرێ

کۆمیتەی کەمپەین پشتگەرم بە پشتیوانیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر کارێکی وەها زۆر کۆسپی سیاسی و حقووقی و فەننیشی لەسەر رێ بێ، خودی دەستدانە کارەکە و بەجێگەیاندنی ئیبتکارەکە دەتوانێ بەرهەمی فشارێکی کاریگەر بۆ سەر دەوڵەتی ئوتریش لەم پێوەندی‌یەدا لێ بکەوێتەوە. هەربۆیە جێی خۆیەتی لێبڕاوی و جیددییەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە فشار هێنان بۆ سەر دەوڵەتی ئوتریش بۆ وەگەڕ خستنەوەی پەروەندەی شەهید کردنی دوکتور قاسملوودا ببێتە هەوێن و هاندەرێک هەتا سەرجەم ئەوانەی وا ئەو مەسەلەیەیان بە لاوە گرینگە لەگەڵ کارزاری وەڕێخراو بۆ ئەم مەبەستە دەست وە دەستی یەک بدەن. بە ئاکام گەیاندنی ئەو کارزارە نەک هەر ریسوایی‌یەکی دیکە بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لاپەڕەکانی یاسای نێونەتەوەیی‌دا تۆمار دەکا، بەڵکوو دەتوانێ دەسکەوتێکی بەنرخیش بۆ خەباتی ئازادیخوازیی کوردستان و سەرانسەری ئێران بێ.

# دیپلۆماسیی ئەحمەدی نژاد و ئاکامی سەفەر بۆ ئافریقا و ئامریکای لاتین

مەسعوود رەواندوست

رۆژی یەکشەممە ١ی سەرماوەز، مەحموود ئەحمەدی نژاد سەفەرێکی پێنج رۆژەی بۆ دوو وڵاتی ئافریقایی و سێ وڵاتی ئامریکای لاتین دەست پێکرد. لەم سەفەرەدا هەیئەتێکی ٣٠٠ کەسی کە نزیك بە نیوەیان لە بازرگانان و نیوەشیان لە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی حکوومەتی پیك هاتبوون، بەشدار بوون. دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و راگەیەنەکانی سەر بە رێژیم مەبەست لەم سەفەرەیان پەرەپێدانی پێوەندییە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکان لەگەڵ ئەم وڵاتانە راگەیاند. ئەم سەفەرە لە حاڵێك دا کرا کە رێژیمی تاران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بە هۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە کەوتۆتە ژێر گوشاری نێونەتەوەیی و مەیدان و مەجالی مانۆر بۆ دیپلۆماسیی ئێران لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و ئەنجومەنی ئاسایش و وتووێژەکان لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ لە هەمیشە بەرتەسکتر بۆتەوە.

مەحموودی ئەحمەدی نژاد هەر لە سەرەتای بوونی بە سەرۆك کۆمار لە ساڵی ١٣٨٤دا شێوازێکی پۆپۆلیستیی گرتە بەر و بە ئاشکرا دژایەتی و ناتەبا بوونی خۆی لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو و وڵاتانی رۆژئاوایی نیشان دا و بە کردەوە هەوڵی نزیك بوونەوە لە رێبەرانی چەپگەرا و دژە ئامریکایی لە هەر شوێنێکی جیهان و بە تایبەت وڵاتانی ئەمریکای لاتین دا.

داخوا بەرپرسانی دژی گەلی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێیانوایە بە دزینی سەرمایەکانی خەڵکی ئێران و بردنیان بۆ وڵاتانی ئامریکای لاتین و ئافریقا و دروست کردنی بەرە لەگەڵ ئەم چەشنە دەوڵەتانە دەتوانن بەرەی جیهانی پێشکەوتوو ببەزێنن و هەروا درێژە بە سەرکوتی خەڵکی ئێران و دزینی سەرمایەکانیان بدەن؟

ئەحمەدی نژاد سەفەرەکەی لە دوو وڵاتی ئافریقا واتە سێنێگال و گامبیاوە دەست پێکرد و لەو وڵاتانە چەند رێککەوتننامەی ئیمزاکرد و دواتر لە درێژەی سەفەرەکەی‌دا سەردانی سێ وڵاتی وێنێزۆئێلا ، بولیوی و برێزیلی لە ئامریکای لاتین کرد. ناوبراو بەر لە وەڕێکەوتن بۆ سەفەرەکەی لە فرۆکەخانە بۆ راگەیەنەکان گوتی ئەم



وڵاتانەی سەردانیان دەکا لە ناوچەی خۆیان دەورێکی گرنگ و دیاریکەریان هەیە و هەروەها گوتی وڵاتانێکی وەك ئێران، برێزیل، وێنێزۆئێلا، بولیوی، گامبیا و سێنێگال دەتوانن نەزمێکی نوێی سیاسی لە جیهاندا پێك بێنن. ئەحمەدی نژاد هەروەها گوتی ئەم سەفەرە لە باری نێونەتەوەییەوە بۆ ئێران زۆر گرنگە و دنیا لە حاڵی گۆڕان دایە و ئەو نیزامەی ٦٠ ساڵە بەسەر دنیادا زاڵە گەیشتۆتە کۆتاییەکانی و خەریکە دەگۆڕێ.

بیستنی ئەمجۆرە قسە و بۆچوونانە لە ئەحمەدی نژاد ئەگەرچی شتێکی تازە نیە، بەڵام دەتوانێ بەجۆرێك نیشاندەری هۆکار و مەبەستەکانی ئەم سەفەرەی ئەحمەدی نژاد بێ. هەروەك لە سەرەتادا باس کرا ئەحمەدی نژاد هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە وەك سەرۆك کۆمار روانگە و بیرو بۆچوون و تەنانەت سیاسەتەکانی لە باری نێوخۆیی و نێونەتەوەییەوە ئاشکرا کرد و دواکەوتوو بوون و ناپەسند بوونی ئەم سیاسەت و بۆچوونانە و نەگونجانیان لەگەڵ نەزمی نێونەتەوەیی و بەها ئوسوولی و ئینسانییەکان بەرهەمێکی جگە لە تەریك مانەوە و بەرەو پاش گەڕانەوەی زیاتر بۆ وڵاتی ئێران و لە ئاکامی ئەویشدا رۆژڕەشی و نەهامەتیی زیاتر بۆ گەلانی ئێرانی بەدواوە نەبووە.

ئەحمەدی نژاد لە حاڵێکدا ئەم زنجیرە سەفەرانە بۆ ئەم چەشنە وڵاتانە دەکا کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی کودیتا لە هەموو کاتێك ریسواتر بوون و ئاستی مەشرووعییەتیان لە نێوخۆ ئەوەندە دابەزیوە کە تەنانەت بەشێك لە وەفادارانی رێژیم کە ٣٠ ساڵ بۆ پاراستنی دەستیان لە جینایەتیش نەگێڕاوەتەوە، ئێستا پێی رازی نین و لێی دوور کەوتوونەوە. هەروەها لە ئاستی نێونەتەوەییش‌دا بە هۆی ملکەچ نەبوون بۆ رێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان و یارمەتیدان بە تیرۆر و تیرۆریستان و لە هەمووان زیاتر پەروەندەی ئەتۆمی، تووشی قەیران و گوشار بۆتەوە و لە هەموو کات زیاتر تەریك کەوتۆتەوە.

لەم هەلومەرجەدا ئەحمەدی نژاد و بەڕێوەبەرانی رێژیمی ئیسلامیی تاران هەوڵ دەدەن بە پەرەپێدانی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەم وڵاتانە کە خاوەن حکوومەتی چەپگەران و لە پێوەندی لەگەڵ ئامریکادا سیاسەتێکی هاوشێوەی ئێرانیان هەیە، بەجۆرێك بەرەیەك لە بەرامبەر هاوپەیمانیی جیهانی لەدژی سەرەڕۆییەکانی خۆیان پێك بێنن و بەمجۆرە بەشێك لە گوشارەکان کەم بکەنەوە. بەڵام ئەم وڵاتانەی لەم سەفەرەدا ئەحمەدی نژاد سەردانی کردن جگە لە برێزیل، ئەوانی‌تر نە لە باری سیاسی و نە لە باری ئابوورییەوە قورساییەکی ئەو تۆیان نیە کە وەك هاوپەیمانێك لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا حیسابیان بۆ بکرێ و دڵیان پێ خۆش بکرێ. لەم نێوەدا تەنیا برێزیلە کە وەك وڵاتێکی پیشەسازیی لە حاڵی گەشەدایە و لە هەڵوێستی بەرامبەر ئامریکا هاوبیری ئێرانە و بە ئاشکرا پشتیوانی لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەکا. ئەمەش بۆ ئێران زۆر جێی هیوایە و سەرمایەگوزارییەکی زۆری لەسەر کردوە و بڕێکی بەرچاو لەو سەروەت و سامانەی دەبوایە بۆ چارەسەریی گیرو گرفتەکانی خەڵکی ئێران و لە وڵاتی خۆیان بەکاربهێنرێن لەم وڵاتەدا سەرمایەگوزاریی کردوە. دروستکردنی کارخانە و چەند هەزار خانوو و زۆر شتی دیکە لەم چوارچێوەیەدا خۆ دەبێنێتەوە.

دیارە هەمووی ئەوانە و ترس لەوەی نەکا ئێران بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی لە بولیوی و وێنێزۆئێلا ئۆرانیۆم دابین بکا بوونەتە جێی نیگەرانیی ئامریکا و ئیسرائیل و هەر بۆیەش چەند رۆژ بەر لە سەفەرەکەی ئەحمەدی نژاد، شیمۆن پرێز سەرۆك کۆماری ئیسرائیل سەردانی برێزیلی کرد.

بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لەم گەمەیەشدا شتێکی ئەوتۆ نیە کە نە بۆ ئێران زۆر ببێتە جێی دڵخۆشی و نە بۆ ئامریکا جێی نیگەرانیی جیددی بێ. بە تایبەت کە خۆ پێشاندانەکان لە دژی ئەحمەدی نژاد لە ریۆدۆژانیرۆ نیشاندەری ئەوە بوو کە کەسایەتییەکی وەك ئەحمەدی نژاد کە لە رشتنی خوێنی هاووڵاتیانی خۆی دەست ناپارێزێ، بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە زۆر دڵخواز نیە. لە لایەکی دیکەوە برێزیل کاندیدای بوون بە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە و سەرەڕای رواڵەتی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و ئەو خاڵە هاوبەشانەی هەیانە، بە پێچەوانەی بەرپرسانی ئێران چاکتر لە نیزامی نێونەتەوەیی دەگا و خۆی لەگەڵ رێك دەخا و بەرژەوەندییە راستەقینەکانی باشتر دەناسێ. هەر بۆیە سەرەڕای هەموو ئەم دروشم و هات و هاوارانەی ئەحمەدی نژاد و دەوڵەتەکەی لە کاتی سەفەرەکەی‌دا بۆ ئەم وڵاتانە وەڕێیانخستبوو، دیتمان هەروەك هەمیشە هیچکام لەم بەناو دیپلۆماسی و سەرمایەگوزاری و هاوپەیمانییانە بۆ ئێران خێریان نەدایەوە و رۆژی هەینی ٦ی سەرماوەز کاتێك شووڕای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بڕیارنامەیەکی دیکەی دژی ئێران دەرکرد و سەرپێچییەکانی ئێرانی مەحکووم کرد، برێزیلی هاوپەیمانی ئێران تەنانەت ئامادە نەبوو دەنگی نا بدا بە بڕیارنامەکە!.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە سەرەڕای دیتنی ئەم راستییە تاڵانە بۆ بەرپرسانی رێژیمی تاران، چۆنە وەخۆ نایەنەوە و لە بری دژایەتی لەگەڵ گەلانی وڵاتەکەیان و دنیا و بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران، واز لەو سیاسەتە چەوت و هەڵانە ناهێنن و ناگەڕێنەوە لای خەڵکی ئێران و مل بۆ داوا رەواکانیان راناکێشن؟

داخوا بەرپرسانی دژی گەلی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێیانوایە بە دزینی سەرمایەکانی خەڵکی ئێران و بردنیان بۆ وڵاتانی ئامریکای لاتین و ئافریقا و دروست کردنی بەرە لەگەڵ ئەم چەشنە دەوڵەتانە دەتوانن بەرەی جیهانی پێشکەوتوو ببەزێنن و هەروا درێژە بە سەرکوتی خەڵکی ئێران و دزینی سەرمایەکانیان بدەن؟ یا ئەوەکە لە بارو دۆخی خۆیان گەیشتوون و بە دزین و بردنی سەروەت و سامانی وڵات بۆ ئەم شوێنانە دەیانهەوێ جێگە و پێگەیەکی دوور لە دەستی جیهانی دیموکرات و پێشکەوتوو و گەلانی ئێران بۆ کاتی رووخانی کۆشکی دەسەڵاتەکەیان و هەڵاتنیان لە ئێران مسۆگەر بکەن؟

# بۆ ئەستێرە بەندکراوەکان

ن: مەهدیە گوڵڕو و، لە فارسییەوە: تەها رەحیمی

**پێشکەش بە هەموو خوێندکارە ئەستێرەدارەکان (*)و هەموو ئەو خوێندکارانەی لە بەندیخانەی ئێڤین پەستاوتراون.**

ویستم باس لە ژمارەو ئاماری ئەو کەسانە بکەم لە خوێندن بێبەش کراون، لە چەند بەرابەر بوونیان لەم ساڵانەداو ئەو کێشانەی پاش بێبەش بوون لە خوێندن بەرۆکیان دەگرێتەوە، بدوێم. بەڵام دیتم دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی خۆشەویستانەتر باسم لە بێبەش کراوان کردبێ، باس لە کۆبوونەوەکان، باس لەو کاتانەی لەگەڵ یەکتر بووین، باس لە هاوبیرییەکان، باس لە دەردی دڵکردنەکانمان بکەم و لەسەر ئەو برادەرو هاوپۆلانەمان بدوێم کە وەك خۆمان دەڵێین درەنگتر تێدەگەیشتن و ئێستاش ئەوە خەریکن قۆناخی لیسانس دەبڕن و، تەقەللوبی ئەو هاوپۆلە بیر بخەمەوە کە ئێستا لە بەشێکی دەوڵەت دا کار دەکاو بۆخۆی بووە بە لیسانسە! هەروەها ئەو خوێندکارانەی بە پێی "سهمیه" هاتبوونە زانکۆو ئەوەندەیان پرسیاری حەللەقمەللەق لە مامۆستاکان دەکرد کە مامۆستا درێژەی پرسیارەکانی دەخستە دوای کلاسەوە. باسمان لە ساڵەکانی خوێندن دەکرد کە بیرەوەرییەکانیان رۆژبەرۆژ کۆنترۆڵ دەبوون و هیوای ئێمە بۆ گەڕانەوە بۆ زانکۆ کاڵترو، لە ناخی دڵەوەو بە پەرۆشەوە پێدەکەنین. دیسان بە ئاواتی ئەوەی کە بگەڕێینەوە سەر کورسییەکانی زانکۆ، تێ دەکۆشاین. هەموو جارێ کە مانگی مێهر (رەزبەر) دەهات بە دوای مێهرەبانی دا تاومان دەداو دیسان هیوادارانە هەوڵی گەڕانەوە بۆ زانکۆمان دەدا، بەڵام دیسان داوای "تعهد"یان لێدەکردینەوەو دیسان ناچار چاومان لە مافی خۆمان دەپۆشی.

مێهر (رەزبەر) بۆ ئێمە نامێهرەبانیی لەگەڵدا بوو، بەڵام ئەم مێهرەیان نامێهرەبانتر لە هەمیشە هات و رابرد هەموو ساڵێ بە هیوای بەدەستهێنانی مافی خوێندن، مانگی مێهر (رەزبەر)مان دەست پێدەکرد، کەچی ئەمساڵ لەبەر مێهرو خۆشەویستی بەدوای ئازاد کردنی هاورێکانمانەوە بووین. تا بە جێی "مەجید دەری" خوێندکاری بەشی ویژەو ئەدەبیات کە شێعری چاك دەڵێو جوان دەنووسێو شێعرەکانی حافزو خەیامی لەبەرە، کەسانێك بچنە سەر کلاس کە لەسەر ویستی ئاخوند عەلامەیی، "سەدرەدین شەریعەتی"ی شێعر لە ئەدەبیاتی بە دەروەست و "علیرضا قزوە"دا بدۆزنەوە. بەڵام لەبیرمان نەچووە کە بزووتنەوە ئازادیخوازییەکان هەمیشە باشترین و چاکترین رۆڵەکانی خۆیان دەکەنە قوربانی، جا چ کەسانێك باشترو چاکتر لەو خوێندکارانەی رۆژی خۆی مافی خوێندنیان فیدای ئازادی کردو رۆژێك ئازادییان لە پێناوی سەربەستی دا سەر بڕی.

بەڵێ دەمەوێ باسی ئەستێرەکانی شەوانی تار بکەم، ئەو ئەستێرانەی نەك هەر دوای کودیتا درەوشانەوە بەڵکوو چوار ساڵە لەسەر تەوێڵی رەشی دەوڵەتی نۆیەم دەدرەوشێتەوەو ئێستاش تریفەی شەوەکانی ئێڤینن، ئەو ئەستێرانەی نەزانەکان بە سەرویان ناو دەبەن، ئێمەش بە ئەستێرەکانی رووناکیدەری رێگەی ئازادی.

پەیمان عارف، زیا نەبەوی، مەجید دەری، شەبنەم مەدەدزادە، پوورعەبدوڵلاو... هەموو ئەو ئەستێرانەی دەیانناسم و نایانناسم و دەدرەوشێنەوەو ئەو کەسانەی ئاواتیان تاریکیی رێگەی ئێمەیە، ئازار دەدەن. ئەو نووسینەم بۆ هەموو خوێندکاران و لاوانی ئازادیخوازی بەندکراوی وڵاتەکەمە کە ئەم رۆژانە لە شەوگاری ئێڤین دا دەژین و باش دەزانم کاتێ دیسان ئازادی لە باوەش بگرنەوە بەو فایلە خاوێنانەیانەوە بەدڵنیاییەوە دەبن بە ئەستێرەو وەك ئێمە دەرگاکانی زانکۆیان لەسەر دادەخرێ.

دەنگم ناگاتە ئەو دیوی میلە ساردەکانی ئێڤین بەڵام باش دەزانم هەواڵەکانی سەرهەڵدانی زانکۆکان ئێڤینیشیان بڕیوەو هەموو خوێندکارەکانی ناودارو بێناونیشانی بەندکراویان خۆشحاڵ کردوە کە وەجاغیان کوێر نەبۆتەوەو دواین مەتەرێزی ئازادی هەروا هەوڵی بەدەستهێنانی ئازادییەتیەو، دەبێتە مەڵهەمی دەردی تەنیاییان و ئارخەیان دەبن کە ناهێڵین هیچ کام لە ئەندامانی کودیتاچی بە ئاسوودەییەوە پێ بنێنە ماڵمانەوەو یەکیان بە دروشم و یەکیشیان بە لینگە کەوش بەڕێ دەکەین.

ئەم نووسینەم بۆ ئەوەیە تا کودیتاچییەکان بزانن ئەگەر بە هەوای کپ کردنی زانکۆکان خوێندکارێك لە خوێندن بێبەش دەکەن و یان مافی ئازادیی لێ زەوت دەکەن، خەیاڵییان خاوە. ئەم کارەیان خۆی گەورەترین هاندەرە بۆ ئامادەبوونی چالاکانە و خۆڕسکی هەموو خوێندکارەکان لە گۆڕەپانی زانکۆکان تا داوای گەڕانەوە بۆ سەر خوێندن یان ئازادبوونی هاورێکانیان بکەن کە بەم جۆرە رووبەڕووبوونەوەیە تەنیا کوورەی تووڕەیی خوێندکاران نێڵ دەدەن و بەدەستی خۆیان ئاگری ژێر خۆڵەمێش دەگەشێننەوە تا لە رۆژی خوێندکاردا کڵپە بکا.

کرنۆش دەبەم بۆ هەموو ئەستێرە بەندکراوەکان و رێز لە راوەستان و خۆڕاگرییان لە بەرانبەر بەکرێگیراوەکان دا دەگرم و دەڵێم هێندێك سەبر بگرن بەیانی نزیکە. مێژووی سەت ساڵەی وڵاتەکەمان لەو شەوانە رەشتری ئەزموون کردوەو بە هیمەت و تێکۆشانی کەسانی وەك ئێوە هەمووی تێپەڕاندوون و ئەم شەوە زەنگەش تێپەر دەبێ.

ئەوە سێیەمین کودەتایە کە ئەم نیشتمانە و دادپەروەرخوازەکانی ئەزموونیان کردوە کەواتە بە پێی ئەم قسە کۆنەش بێ "لایەك کەمە، دوو غەمە، سێ خاترجەمە"، سەربەستی نزیکەو دوای ئەمە ئێران دەبێتە وڵاتێکی ئاوەدان و من کە هێشتاش هیوای گەڕانەوە بۆ زانکۆ لە دڵم دا نەمردوە دەزانم دووبارە لەگەڵ یەکتر و پێکەوە لەم ماڵەمان دەبین و بە یادی خوێندکارانی بەندکراو و لەگەڵ هاوپۆلانم بە هەموو هێزمانەوە، دروشمی "خوێندکار ئامادەیە بمرێ بەڵام بندەستی قبووڵ ناکا" دەڵێینەوەو بەسەر ئەو کەسانەدا دەخوێنین کە زانکۆیان بە مردوویی دەوێ.

**مەبەست لە "ستارەدار" (ئەستێرەدار) ئەو خوێندکارانەن کە بە هۆی ئەنجامدانی کارو چالاکیی سیاسی لەلایەن دەزگای ئەمنییەتیی رێژیم لە زانستگە، فایلی تایبەتییان بۆ ساز دەکرێ و بەپێی جموجۆڵەکانیان، فایلەکانیان ئەستێرەدار دەکرێ. واتە هەر کەس لەنەزەر کاربەدەستانی ئەمنییەتی تاوانی زیاتری هەبێ، ئەستێرەی زیاتری دەبێ.**

# تورکیەو ئێران،
# خەونی هاوبەش و دوو ڕێگەی جیاواز

حسێن ئەحمەدپوور

ئێران و تورکیە دوو وڵاتی دراوسێی یەکترن کە هەر دووکیان حەشامەتیان لە سەرووی ٧٠ میلیۆن کەسەوەیە و لە گەورەترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن. ئەو دوو وڵاتە هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکانی سەفەوی و عوسمانییەوە ڕکەبەرایەتی یەکتر دەکەن و پێوەندییەکانیان هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. لە ڕووی نزیکایەتیی کلتووری و خاڵە هاوبەشە کلتوورییەکانەوە ئەو دوو وڵاتە زۆر لێك نزیکن و کلتووری تورکەکان نزیکترین کلتوورە بە کلتووری ئێرانییەکانەوەو تەنانەت باس لەوە دەکرێ کە نزیکایەتیی کلتووریی نێوان ئێران و تورکیە، زۆر زیاتر لە نزیکایەتیی کلتووریی نێوان ئێران و وڵاتانێکی وەکوو تاجیکستان و ئەفغانستان و ئازەربایجانە کە هەرکام لەو وڵاتانە پێشتر بەشێکیان لە ئیمپراتۆرییەکانی ئێران پێك دەهێنا.

لە سەدەی ڕابردوودا بەهۆی نزیکایەتیی تورکیە لە ڕۆژئاوا و هەروەها بەهۆی گرینگیی پێگەی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا، تورکەکان زووتر لە ئێرانییەکان لەگەڵ کلتووری مۆدێڕن ئاشنا بوون. تەنانەت ڕەزا شا کە وەك ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان بانگەشەی بۆدەکەن پێکهێنەری دەوڵەتی مۆدێڕن لە ئێران دا بووە، لاساییکەرەوەی بێ ئەم لاوئەولای مستەفا کەماڵ ئاتاتورك بوو و بە تەواوی هۆگری کەسایەتیی ئاتاتورك بوو و لە تەواوی سەردەمی دەسەڵاتدارێتیشی دا تەنیا وڵاتێکی دەرەکی کە ئامادە بوو، سەفەری بۆبکا، تورکیە بوو. چوونی بۆ تورکیەش تەنیا بۆ فێربوونی ئەزموونەکانی ئاتاتورك بوو. تورکیە هەروەها قۆناخەکانی گەشەسەندنی پیشەسازی و ئابووری و کلتووریی زووتر لە ئێران دەست پێ کرد و بەدرێژای سەدەی ڕابردوو تورکیە لەو بوارانەدا چەند هەنگاوێك لەپێش ئێرانەوە بووەو لەم ساڵانەی دواییشدا تورکیە ڕەوتێکی خێرای لە گەشەسەندنی ئابووریو کلتووری و کرانەوەی سیاسی دەست پێ کردوە. لە ئێستادا کە لە ئێران حکوومەتێکی ئیسلامی لە سەر دەسەڵاتەو لە تورکیەش حیزبێکی ئیسلامی لەسەر کارە، ئەو دوو ڕەوتە ئیسلامییە دوو ڕێگەی لێك جیاوازییان گرتۆتە بەر. حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا خۆی بە ڕێبەری موسڵمانانی جیهان زانیوە و هەربۆیە بەمافی خۆی دەزانێ کە دەست لە کاروباری وڵاتانی ئیسلامی وەربدا بۆ وێنە بەمافی خۆی دەزانێ کە پێش بە پرۆسەی ئاشتی و ڕێککەوتنی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان بگرێ. لەبەرامبەردا پارتی ئیسلام گەرای دادوگەشەپێدان لە تورکیە کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە دەسەڵاتی بەدەستەوەگرت، بەشێوازێکی دیکە دەیهەوێ کە جێ پێی خۆی لە وڵاتانی ئیسلامیدا بکاتەوە. پارتی دادوگەشەپێدان کە زۆر کەس پێیان وایە خەون بە پێگەکەی جارانی تورکیە لە سەردەمی عوسمانییەکان دا دەبنیێ، ئەویش بە هەمان شێوەی ئێران خەون بە ڕێبەرایەتیی



کردنی جیهانی ئیسلامەوە دەبینێ. حکوومەتی پارتی دادو گەشەپێدان بە پێچەوانەی حکوومەتەکانی پێش خۆی کە لە سیاسەتیی دەرەوەیان دا گرنگییەکی ئەوتۆیان بە وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیی نەدەدا، دەرگاکانی خۆی بەرەو ئەو وڵاتانە کردەوەو لەماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دامەزراندوەو ئێستا پێگەی تورکیە لە نێو جیهانی ئیسلامیی دا بە چەند قات لە پێگەی ئێران بەهێزترە. حکوومەتی ئیسلامیی ئێران پاش ٣٠ ساڵ جگە لەنێو هەندێك گرووپ و تاقمی تیرۆریستی نەبێ، لە نێو وڵاتانی ئیسلامی دا و بەتایبەت لەنێو وڵاتانی عەرەبی دا هیچ پێگەیەکی ئەوتۆی نیەو ڕۆژ بە ڕۆژ دەنگی ناڕەزایەتیی ئەو وڵاتانە

> **پرۆژەی کرانەوەی دێموکراتیك کە کرانەوەیە بەرەوڕووی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو تورکیەدا، بەشێك لە هەوڵەکانی حکوومەتی دادوگەشە پێدانە بۆ دێموکراتیزە کردنی کۆماری تورکیە**

دژی ئێران زیاتر بەرز دەبێتەوە. کێشەی دوو وڵاتی عەرەبستان و یەمەن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەماوەی حەوتووەکانی ڕابردوودا دواین نموونەی ئەو دەنگە ناڕەزایەتیانەن. بەڵام تورکیە کە لە ساڵی ٢٠٠٢ بەدواوە وەك ئاماژەی پێ کرا سیاسەتێکی نوێ بەرامبەر بە دنیای ئیسلام گرتۆتەبەر، بەپێچەوانەی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ نفووزی لە جیهانی ئیسلام دا زۆرتر دەبێ و هیچ هەستێکی دژە تورکی لەنێو ئەو وڵاتانەدا بەدی ناکرێ. ئێستا وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ئیسلامیی ئاسیای نێوەڕاست بوونەتە گەورەترین بازاری بەرهەمەکانی تورکیە. سەرمایەدارانی موسڵمان ئێستا بە لێشاو ڕوو لە تورکیە دەکەن و سەرمایەکانیان لەو وڵاتەدا وەگەڕدەخەن. وەك لە ڕۆژانی ڕابردوو لە هەواڵەکان دا بڵاو بۆوە، دەوڵەتی ئەردوغان بۆ ئەم مەبەستە لە هەموو دەرفەتەکان زیرەکانە کەڵك وەردەگرێو پاش ئەوەیکە دەوڵەتی سوئیس ڕایگەیاند کە لەو وڵاتەدا مزگەوتەکان نابێ منارەیان هەبێ، ئەردۆغان ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و بەرەسمی داوای لە سەرمایەدارانی موسڵمان کرد کە لەوە بەدوا بەجێگەی سوئیس پوڵەکانیان لە بانکەکانی تورکیە وەگەڕبخەن.

لەلایەکی دیکەوە مۆدێلی ئیسلامی تورکیە لەبەرچاوی ڕۆژئاواییەکانیش دا مۆدێلێکی سەرکەوتووەو لەبەرامبەر مۆدێلی کۆماری ئیسلامی دا پشتیوانی لێ دەکرێ. ئەمڕۆکە تورکیە بە هاندانی ڕۆژئاواییەکان و بەتایبەت ئەمریکا سەرکردایەتیی ڕەوتێکی نوێی ئیسلامیی لە ناوچەکەدا گرتۆتە ئەستۆ کە ئەویش ئیسلامێکی میانڕەوەو لەگەڵ دێموکراسی دا ناکۆك نیە.

لە ناوخۆی وڵاتیش دا ئیسلام گەراکانی تورکیە کە ئەمڕۆکە لە پارتی دادو گەشەپێدان دا خۆیان دەبیننەوە، گەورەترین ڕۆڵ دەبینن لە دێموکراتیزەکردنی کۆماری تورکیەدا. ئەمڕۆکە ئیسلامییەکانی تورکیە ئەو کۆمارەی کە لە ڕابردوودا لەلایەن نیزامییەکان وناسیۆنالیستەکان و دەوڵەتە کودەتاییەکانەوە بەڕێوە دەبرا، هەوڵ دەدەن لە کۆمارێکی میلیتارسیتییەوە بیگۆڕن بۆ کۆمارێکی گەلی و دێموکراتیك. پرۆژەی کرانەوەی دێموکراتیك کە کرانەوەیە بەرەوڕووی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو تورکیەدا، بەشێك لە هەوڵەکانی حکوومەتی دادوگەشەپێدانە بۆ دێموکراتیزە کردنی کۆماری تورکیە. لە بەرامبەردا ئیسلام گەراکانی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئاڵقەی دەسەڵات تەنگتر دەکەنەوە و گۆڕەپانی سیاسیی وڵات ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەو داخران دەبەن.

لەرووی ئابوورییشەوە حیزبە ئیسلامگەراکەی تورکیە بەگرتنەبەری سیاسەتێکی ئابووریی نوێ لەماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا ئابووری داڕماوی تورکیەی ڕزگار کرد. حکوومەتی AKP بە پێکهێنانی ڕیفۆرم لە سیستەمی بانکی دا، سەقامگیرکردنی سیستەمی دراوی، هاندانی وەبەر هێنانی دەرەکی و کۆمەڵە هەنگاوێکی دیکە لە چەشنی دروست کردنی یەکیەتیی بازرگانانی ئیسلامی و ... وێڕای کەم کردنەوەی ڕادەی هەژاری و کەم کردنەوەی ڕادەی هەڵاوسانی ئابووری لە ٣ ڕەقەمیەوە بۆ یەك ڕەقەمی، ئێستاکە شازدەیەمین هێزی ئابووریی جیهانەو لە وڵاتانێکی وەك ئوستراليا، بێلژیك و دانمارك لە پێشترە. هەروەها تورکیە لە ڕووی گەشەسەندنی ئابوورییەوە، مەقامی شەشەمی ئورووپای هەیە و لە بەرنامەی دایە کە بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ مەقامی یەکەم یان دووهەمی گەشەسەندنی ئابووری لە ئاستی ئورووپادا بۆ خۆی مسۆگەر بکا. لە بەرامبەردا حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کە بە پێچەوانەی تورکیە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی نەوت و گازی جیهانە، ڕۆژبەڕۆژ لەرووی ئابوورییەوە بەرەو داڕمان دەڕوا و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر هەژاری و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان پەرە دەستێنێ. بەهۆی سیاسەتێکی نادروستی ئابووری و گەندەڵییەوە هەژاری و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار، کە ئەو بارودۆخە هەڕەشە لە سەرجەم کۆمەڵگای ئێران دەکا.

تورکیەو ئێران ئێستاش هەر وەك سەردەمی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوی ڕکەبەرایەتیی یەکتر دەکەن و هەرکام خەون بە بوون بەزلهێزی ناوچەکەوە دەبینن بەو جیاوازییانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراو هەروەها بەم جیاوازییەوە کە حکوومەتی تورکیە بەڕێگەی کرانەوەی دێموکراتێك لەناوخۆی وڵات داو نیشاندانی مۆدێلێکی دێموکراتێك لە ئیسلام دەیهەوێ بەو مەبەستە بگاو لە چەند ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی زیاترین پشتیوانی ڕۆژئاواو وڵاتانی ئیسلامی بۆ خۆی مسۆگەر بکا، بەڵام کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە خۆ تەیارکردن

# پەیوەندی لەگەڵ ئیسرایيل، تاوان یا ...؟!

م.کامیار

ڕۆژی ٢٩ی سێپتامبری ئەمساڵ بەڕێز "خالید عەزیزی"، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پەراوێزی کارەکانی بەشی نێونەتەوەیی کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکاری بریتانیادا، بەمەبەستی تاوتوێکردنی دوایین ئاڵوگۆڕە پەیوەندیدارەکان بە ئێرانو کێشەی کورد و زەرووڕەتی گرنگیدان بە پرسی دیموکراسی و کێشەی نەتەوەکان لە ئێران وێڕای کۆمەڵێك دیدارو کۆبوونەوەی دیکە، لەگەڵ "ئێهود باراك"، وەزیری بەرگریی ئیسرایيلو سەرۆکی پارتی کاری ئەو وڵاتە کۆ بووەوە. بە پێی ئەو لێکدانەوەو حەساسییەتانە کە بەرانبەر بە پەیوەندیی نێوان کوردو ئیسرایيل هەیە، پاش ئەم دیدارە کۆمەڵێك بۆچوونو تەفسیری جۆراوجۆر هاتنە ئاراوە کە جێی خۆیەتیی هەڵوەستەیەکیان لە سەر بکری.

دەستەیەك بە ئاماژە بەو جموجۆڵە مەدەنیو جەماوەرییەی کە ئەمڕۆ لە ئێران بە گشتیو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە ئارا دایە، پێیان وابوو کە ئەم دیدارەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئیسرایيل دژی ئەو بزووتنەوانەی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێرانەو لە ئاکامدا ئەم جۆرە دیدارانە زەبر لەو حەرەکەتانەی نێوخۆ دەدەن. بەڵگەشیان بۆ ئەم گریمانەیە ئەوە بوو کە ئیسرایيل دژی خەڵکی ئێرانە. ئەم دەستەیە لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەیان لەم دیدارە هەبووەو، ئەمەیان بە پێچەوانەی ئەو دروشمانە زانی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان خەباتیان بۆ دەکا.

دەستەیەکی دیکەش بە لە بەرچاوگرتنی ئەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش کۆنگرەی چواردە کۆمەڵێك هەنگاوی جیددیی لە پێناوی دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵگرتوەو بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی کورد لە هەموو شێوازەکانی خەبات بە پێی هەلومەرج کەڵك وەردەگرێ، بەشداریی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکاری بریتانیا و دیداری سکرتێری گشتیی حیزبیان لەگەڵ "ئێهود باراك"، وەزیری بەرگریی ئیسرایيل و "دێیڤید میلیباند"، وەزیری دەرەوەی بریتانیایان وەك بەرەو پێشچوون و وەرچەرخانێك لە ڕووی دیپلۆماسییەوە لە قەڵەم دا.

دەستەی سێهەمیش ئەم بابەتەیان وا لێکدایەوە کە گوایە حیزبی دیموکراتی کوردستان پەنای بۆ ئیسرایيل بردوە.

پێش هێنانە گۆڕی هەر چەشنە ڕاو سەرنجێك لی بارەی ئەم بۆچوونانەوە، بەجێیە وەبیر بێنینەوە کە ئەمە یەکەم دیدار نیە لە نێوان کەسایەتییەکی سیاسی و حکوومیی ئیسرائیل لەگەڵ کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات. بۆ وێنە لە دەیەی ٩٠یشدا، لە پەراوێزی کۆبوونەوەی شووڕای ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیستدا، سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە شاری ڕۆم چاوی بە شیمۆن پرێز سەرۆکی حیزبی کرێکار کەوتبوو.

هەمووان باش دەزانن لە سیاسەتدا بەرژەوەندی بنەمای هەر پەیوەندییەك دیاری دەکا. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش وەك حیزبێکی سیاسی مافی ئەوەی هەیە لەسەر بنەمای بەژەوەندی نەتەوەیی و ئامانجە هاوبەشەکان هەر جۆرە پەیوەندییەکی هەبێو ئەمەش نە تاوانەو نە لادانە لەو بەها نەتەوەییانەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لەسەر دامەزراوەو پێیان پابەند بووە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبێکە کە ئۆپۆزسیۆرنی کۆماری ئیسلامییەوە سێ دەیەیە دژی ئەو ڕێژیمە خەبات دەکا. ئیسرایيلیش وڵاتێکە کە هەر لەسەرەتاوە دژی کۆماری ئیسلامی بووە. بۆ حیزبێکی وەك حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە پێناوی دابین کردنی مافە نەتەوەیی-یەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەقامگیرکردنی دیموکراسی لە ئێراندا خەبات دەکا، ڕەوایە کە لە هەموو دەرەفەتەکان(لە هەموو ڕوویەکەوە) بە قازانجی بزووتنەوەکەی کەڵك وەربگرێ. پەیوەندی کورد لەگەڵ ئیسرایيل هیچ زەربەیەك لە خەباتی جەماوەریو مەدەنیی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران ناداو ئیسرایيل دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئێرانە نەك دژی خەڵکی ئێرانو نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتە.

لە لایەکی دیکەشەوە ئێسرایيل وڵاتێکی سەربەخۆیەو بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، کورد وەك نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت ناتوانێ پەیوەندی فەرمیو یاسایی لەگەڵ ئیسرایيلدا هەبێ. ئەگەر لە ئێستادا پەیوەندییەك لە نێوان بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئیسرایيلدا بێتە گۆڕێ ئەوا لەسەر بنەمای دژایەتی کردن و نەمانی کۆماری ئیسلامییە. چونکە هەر دوولا بەرژەوەندیان لە نەمانی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی ئێراندا هەیە.

سەرەڕای ئەم خاڵانە پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە حیزبی دیموکراتی کوردستان ساڵانە لە کۆبوونەوەکانی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیستدا بەشدار دەبێ و پارتی"کار"ی ئیسرایيلیش کە لە لایەن "ئێهود باراك"، وەزری بەرگریی ئەو وڵاتەوە سەرۆکایەتی دەکرێ لەوێدا ئەندامەو هەروەها زۆربەی ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی کە لە ئەنترناسیۆنالی سوسیالیستدا ئەندامن بۆ کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکاری بریتانیا کە ئێستا دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی بە دەستەوەیە بانگهێشت کرابوون، بۆیە زۆر سروشتییە کە لەو چوار چێوەیەدا هەرچەشنە دیدار و کۆبوونەوەیەك بێتە گۆڕێ. لە هەمان کاتدا ئەو جۆرە کۆبوونەوەو کۆنفرانسانە بۆ ئێمەی کورد تریبوونێکە بۆ زیاتر ناساندنو باس کردن لە مافە ڕەواکانی خۆمان، کە پێویستە بە هەموو شێوەیەك گرنگیی پێ بدرێ.

لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە پەیوەندی نێوان کوردو ئیسرایيل نە تاوانەو نە ئیسرایيلیش دژی نەتەوە بندەستەکانو خەڵکی ئێرانە. بەڵکوو پێویستە ئێمەی کورد لە هەموو دەرفەتەکان بە قازانجی ئامانجی خەباتەکەمان کە دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانمانە کەڵك وەر بگرین.

# سێڕەیەک لە بێ هەڵوێستیی خەڵکی کوردستان

## ( لە بەرانبەر ئێعدامی ئێحسان )دا

سمایل شەرەفی

بێ ئەوەی- وەک گوتاری زاڵی رەخنەگرانی کورد- زۆرێک لە خەتاکان بخەمە سەر حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بە پێویستی دەزانم باسێک لە بێ هەڵوێستی خەڵکی کوردستان بە نیسبەت ئێعدامی ئێحسان فەتاحییانەوە بکەم.

چەند رۆژ پێش لەوەی ئێحسان ئێعدام بکرێ هێندێک لە چاودێرانی سیاسیی کوردستان پێیان وابوو کە چیدیکە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ لە کوردستان درێژە بە ئێعدام بدا. دەلیلەکەشیان ئەوەبوو کە پێیان وابوو لەلایەک بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی ئێران بۆ ئەم کارە لە قازانجی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دا نیەو لەلایەکی دیکەش ئیدیعا دەکرا کە ئەگەر رێژیم ئەم کارە بکا خەڵکی کوردستان هەروا بێدەنگ دانانیشن. ئەوان پێیان وابوو کاربەدەستانی رێژیم نایانهەوێ- لانیکەم لە وەها هەلومەرجێک دا- کوردستانیش وەک شوێنەکانی دیکەی وڵات ئاڵۆز بکەن!!!

بەڵام هەر وەک دیتمان حوکمی نادادپەروەرانەی ئێعدامی ئێحسان بەڕێوەچووو جیا لە چەند دە کەسێک!! لە نزیکان و بنەماڵەی ئێحسان لە شاری سنە، تەنیا کوردێکیش لە هیچ کام لە شارەکانی کوردستان نەهاتە سەر شەقام و، پرسیار نەکرا کە ئەو"ئینسانە" لەبەر چی گیانی لێ ئەستێندرا؟!!

باسکردن لەم بێ هەڵوێستی و بێ تەفاوەتییەی خەڵکی کوردستان بێگومان پێویستی بە خوێندنەوەیەکی زانستی- مێژوویی و زانستی- کۆمەڵایەتی هەیە و ئەرکی کەسانی شارەزای ئەم بوارانەیە، هەر بۆیە ئامانج لەم نووسینە تەنیا هێنانە گۆڕی چەند پرسیارێک و ورووژاندنی باسێکە، نەک قەزاوەت کردن و ئاکام وەرگرتن.

هەر وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد حەز دەکەم بە دوور لەو خاڵانەی کە بۆ کەمکاریی حیزبەکان و رێک نەخستنی خەڵک لەلایەن ئەوانەوە دەگەڕێتەوە، باس لە هۆکارەکانی دیکەی ئەم جۆرە لە "منفعل" بوونی خەڵک بکرێ.

بەداخەوە نووسەران و رەخنەگرانی کوردی رۆژهەڵات بە جێی ئەوەی بە دوای هۆکارە ریشەییەکان دا بگەڕێن، تەنیا بۆ پاراستنی "رۆشنبیر بوون"ی خۆیان نووکی هێرشیان بۆ سەر حیزبەکان دەست پێ دەکەن و لە "کەمکاری" ی حیزبەکان دا هەموو مەسەلەکان "ریشە یابی" دەکەن!!

ئەگەر لەلایەکی دیکەوە بێ هەڵوێستیی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بەو زوڵم و زۆریانەی کە لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لێی دەکرێ بگەڕێنینەوە بۆ سیاسەتی سی ساڵەی سەرکوتی دەسەڵاتی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی، دەبێ پێش هەموو شتێک راستییەکی تاڵ قبووڵ بکەین کە بێگومان قبووڵ کردنی کۆمەڵێک ئەرک و وەزیفەی قورسمان دەخاتە سەرشان، ئەویش ئەوەیە کە " سیاسەتی سەرکوت"ی رێژیم توانیویەتی بەسەر ئیرادەی نەتەوەیەک دا زاڵ بێ!!

ئایا دەکرێ ئەمە وەک واقعییەتێکی تاڵ وەربگرین و خەڵکی کوردستان وەک نەتەوەیەکی خاڵی لە ئیرادە ببینین کە خەریکە مەرگەساتترین قۆناغی مێژوویی ژیانی خۆی تێپەڕ دەکا و(عادەتی بە زوڵم و زۆرو چەوسانەوە گرتوە)؟!!

بڵێی خەڵکی کوردستان بەو قەناعەتە شوورەیی و پڕمەرگەساتە گەیشتبێ کە چیدیکە نابێ دەنگ هەڵبڕی و بەدوای شوناسی خۆیو خودی خۆیدا نەگەڕێ و لە پرۆسەیەکی سیستماتیکی سەرکوتکارانەی سی ساڵەدا، خەباتی پڕ لە خوێن و قوربانیدانی لەیادو بیرەوەریی خۆیدا شۆردبێتەوە؟!! یا نەخێر مەسەلەکە شتێکی دیکەیە!!؟

ئایا خەڵک ئێحسانەکان دەناسن؟ ئایا ئیحسانەکان لەو خەڵکەیان گەیاندووە کە گەلێک جیاوازن لەگەڵ ئەو تیپە کەسانەی کە رۆژانە بە بەرچاویانەوە بەتاوانی جۆراوجۆری وەک: قەتڵ، زینا و....لە دار دەدرێن و چاوەکان عادەتیان بە هەڵاوسینیان کردوە؟ ئایا باوەڕو ئیدەو خولیای ئێحسانەکان لە ژیانی رۆژانەی ئەم خەڵکەدا هیچ قسەیەکی بۆ وتن ماوەو هەیە؟

جیا لەو کێشە ئەمنیەتیانەی کە بە ئاشکرا باڵی بەسەر ژیان و رەفتارو هەڵوێستی رۆژانەی خەڵکی کوردستان دا کێشاوە، ژیانی کۆمەڵایەتی و جەزابیەتە مادییەکانی ژیان لەلایەک و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان- کە نزیک بە ٣٠ ساڵە وەک سیاسەتی خەمساردکردنی کۆمەڵگە لەلایەن دەسەڵاتەوە کاری بۆ دەکرێ - کاریگەریی بەرچاویان لەسەر هەڵوێستی خەڵکی ئەمڕۆی کوردستان داناوە.

هەر وەک لە سەرەتا دا باس کرا مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینە ورووژاندنی مەسەلەیەکی هەرە گرینگی کۆمەڵگای کوردستانە کە لە راستی دا پێویستی بە خوێندنەوەی واقعبینانە و لەهەمان کات دا ئازایانە هەیە. کە دەڵێین ئازایانە بەو مەبەستەیە کە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لەوانەیە دوژمن لە زۆر بواردا توانیبێتی لە سیاسەتەکانی لە کوردستان دا سەرکەوتنی وەدەست هێنابێ و بێ هەڵوێستی ئەم دواییانەی کۆمەڵگەی کوردستانیش بەشێک بێت لەم سەرکەوتنە!!

> **باسکردن لەم بێ هەڵوێستی و بێ تەفاوەتییەی خەڵکی کوردستان بێگومان پێویستی بە خوێندنەوەیەکی زانستی- مێژوویی و زانستی- کۆمەڵایەتی هەیە و ئەرکی کەسانی شارەزای ئەم بوارانەیە، هەر بۆیە ئامانج لەم نووسینە تەنیا هێنانە گۆڕی چەند پرسیارێک و ورووژاندنی باسێکە، نەک قەزاوەت کردن و ئاکام وەرگرتن**

# مێژوو و ئایدۆلۆژیا

حەسەن شێخانی

مێژوو بریتییە لە لێکدانەوە، شیکردنەوە، روونکردنەوە، شیتەڵکاری و مەزندەکردنی گۆڕانکارییەکانی رابردوو بە پێی بەڵگە و دەرکەوتەکان.

بە پێی پێوەرە زانستییەکان دەبێ بابەتە مێژووییەکان لە روانگە و گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە لێک بدرێنەوە بۆ ئەوەی رووی راستەقینەی رووداوەکانی مێژوو هەرچی باشتر دەرکەوێ.

لە فێرگەی سەرەتایی پێشمەرگە یا خولەکانی دیکەی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وانەی مێژووی حیزبی دێموکرات دەوترێتەوە کە بەپێی ئایدۆلۆژیای فەرمی و بە لایەنگیرییەکی تایبەتی سیاسییەوە نووسراوە. ئەوەی وەک مێژوو دەوترێتەوە زیاتر گێرانەوەیەکی چیرۆک ئاسا و رووکەشانەی رووداوەکانی رابردووییە. بەم پێیە مێژووی حیزبی دێموکرات کە وەک وانە لە ناوەندکانی فێرکردنیدا دەوترێتەوە لەگەڵ ئەوە پێناسەیەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا مەودایەکی زۆری هەیە.

لە حیزبی دێموکرات دا هەر لە کۆنەوە مێژوو بە دوو کۆلێکسیۆنی باش و خراپ، رەش و سپی دابەش دەکرێ و هەموو ئەو کەسایەتییانەی لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای فەرمیدا جێناگرن وەک کەسایەتیی لادەر و ناشۆڕشگێڕ لێکدەدرێنەوە. بە پێی ئەم عەقڵییەتە پاوانخوازە ئەحمەد توفیق، تاقمی ٧کەسی و رێبەرایەتیی شۆرشگێڕ بێ ئەم لاوئەولا لەم چوار چێوەیەدا جێ دەگرن، لەبەرئەوەی کە لەگەڵ روانینی زاڵ ناکۆک بوون بە لادەر و نا شۆرشگێڕ لە قەڵەم دراون.

تا ئیستاشی لەگەڵدابێ رووداوێکی وەک جیابوونەوەی "تاقمی حەوت کەسی"بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیو لێک نەدراوەتەوەو شرۆڤەنەکراوە! تا ئیستاش ئەم بابەتە لێک نەدراوەتەوە کە ئایا دەرئەنجامی بیرکردنەوەی خوازیارانی بەردەوام کردنی خەباتی چەکداری (کە لە چوارچێوەیەکی بێ بەرنامەو بێ ئامادەکاریی پێشوودا پێرەو کرا) زیاتر بە زیانی کورد شکاوەتەوە یان روانگەی"تاقمی حەوت کەسی" (ئەگەر رەچاوکرابا ) کە دەیانگوت نابێ بە چەک رووبەرووی کۆماری ئیسلامی ببینەوە؟

تاهەنووکەش ناڕوونییەکی زۆر سەبارەت بە ئەحمەد توفیق لەئارادایە. بێ گومان تەنیا گوتنی چەندین نموونەی دیکە ئەوە دەسەلمێنن کە زۆر جاران کێشە تاکەکەسییەکان دەورێکی کاریگەرییان لە چەواشە کردنی راستییەکانی مێژوودا بینیوە بەتایبەت لەلایەن ئەو ئەوە کە ئەحمەد توفیق دەیویست حیزبی دیموکراتی کوردستان بکاتە درێژکراوەی لایەنێکی تر، لەگەڵ لێکدانەوەیەکی زانستیانە و ئۆبژێکتیوی ئەم بابەتە مێژووییە مەودایەکی زۆری هەیە. ئەمانە و کەسایەتییانەی دواتر لە سەرەوەی هیرارکییەتی حیزب دا جێیان گرت.

یەکێک لە قازانجەکانی زانستی مێژوو ئەوەیە کە بە لێکدانەوەی گۆڕانکارییەکان و دیاردەکانی رابردوو ئیستامان باشتر بناسین و رێگە لە دووبارە بوونەوەی مێژوو بگرین.

ئەگەر هەموو جیابوونەوە و لەتبوونەکانی پێشووی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی زانستی شیتەڵکاری کرابان و لێکدانەوەیان بۆ کرابا، تا ئەو رادەیە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و رای گشتی لە تێگەیشتنی دیاردەی لەت بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پاییزی ٨٥دا بە لاڕێدا نەدەچوون و چییەتی و ئامانجەکانی ئەکتەرەکانی ئەم رووداوەیان باشتر دەناسی.

لەراستیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە رووی سترۆکتۆر، عەقڵییەت و فەلسەفەی مامەڵە کردن لە گەڵ کۆمەڵگە تا رادەیەکی زۆر لە پارتەکانی چەپی کلاسیک، کاریگەریی وەرگرتوە، مێژوو لە نێوەرۆک و چییەتی راستەقینەی خۆی دەرداوێژێ و لە چوار چێوەیەکی تەسکی بیر کردنەوەدا ئیدیئولۆژیزەی دەکا.

هۆکارێکی گرینگی ئەم بارودۆخە کۆمێدی ـ تراژدییەی کە ئەم حیزبە تێیدایە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ مێژووی خۆی دەگرێتەوە. ئەم چەقبەستوویی-یەی کە بە هیچ لۆژیکێکی عەقلانی پاساوناردی بۆ روانینی رەش و سپی بینینی ئەم حیزبە بۆ مێژووی خۆی و لەگەڵ ئەمەشدا ستایشی رابردوو دەگەڕێتەوە. روانینێک کە لەگەڵ لێکدانەوەی بابەتیانەی گۆڕانکارییەکانی رابردوو نامۆیەو گوناحی زۆربەی شکستەکانی رابردوو دەخاتە ئەستۆی فاکتەری دوژمن و هەلومەرجی داسەپاو. بەم شێوەیە لە حاڵێکدا سەرکەوتنەکان لەسەرخۆی تاپۆ دەکا لە ئاست شکست و پاشەکشەکاندا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ.

**ئەنجام**

مێژوو یەکێک لە گرنگترین زانستە مرۆڤایەتییەکانە کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا گرینگییەکی زۆری پێدەدری. ئەم وڵاتانە لە ناسین و شیکردنەوەی مێژووی خۆیان وەک ئامرازێک بۆ دروست کردنی شوناس و تێگەیشتنی زەمەنی ئیستا و پرۆسەی بەرەوپێش چوونیان کەڵک وەردەگرن. بەڵام لە دنیای ئێمەدا مامەڵەیەکی دروشم ئاسا، ستایشی و ئایدۆلۆژیکی لە گەڵ مێژوو رێگە لەوە دەگرێ لە خوێندنەوەی مێژووی خۆمان کەڵکی پێویست وەربگرین تا هەم ئێستامان باشتر بناسین و هەم رێگەی بەرەوپیش چوونمان خۆشتر بکەین.

> **ئەگەر هەموو جیابوونەوە و لەتبوونەکانی پێشووی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی زانستی شیتەڵکاری کرابان و لێکدانەوەیان بۆ کرابا، تا ئەو رادەیە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و رای گشتی لە تێگەیشتنی دیاردەی لەت بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پاییزی ٨٥دا بە لاڕێدا نەدەچوون و چییەتی و ئامانجەکانی ئەکتەرەکانی ئەم رووداوەیان باشتر دەناسی**

## ئیعدام لە نیزامی کۆماری ئیسلامی دا

# کەرەسەی سەقامگیر کردنی دەسەڵات یا دیفاع لە بەرژەوەندی گشتی؟

عومەر باڵەکی

ئەگەر بمانهەوێ وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرەوە بدەینەوە دەبێ لە پێشەکی دا پێناسەیەك بۆ تاوان بکەین و لەدوایی دا بزانین چ تاوانێك بەپێی یاسا و بەپێی شەریعەتی ئیسلامی حوکمی ئیعدامی هەیە کە دەسەڵاتداران ئێران خۆیان بە بەڕێوەبەری یاساکانی خوا لەسەر زەوی دادەنێن.

**تاوان بەچێ دەگوترێ؟**

تاوان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی مەترسیدارەکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە بۆ نەهێشتنی تێ دەکۆشێت و لە دژی خەبات دەکا. لە دوای دروست بوونی دەوڵەت، بەربەرەکانی لەگەڵ تاوان کەوتۆتە ئەستۆی دەوڵەت چونکە دەوڵەت نوێنەری خەڵکە ونوێنەری خەڵك دەبێ بەرژەوەندی گشتیی گەڵ و نەتەوەکەی بپارێزێ. دەوڵەت بۆ ئەو مەبەستە گرینگە کە کۆمەڵگەی خستویەتە سەرشانی، یاسای داناو تاوان، ڕێکارەکان و ئامادەکارییەکانی تێدا دیاری کرد و لەهەمان کاتدا ئەوسزایانەشی دیاری کرد کە بۆ نەهێشتنی تاوان پێڕەو دەکرێن. بەم شێوەیە تاوان بوو بە بیرۆکەیەکی یاسایی. بەڵام لەیاسادا تاوان بەشێوەی گشتی پێناسەیەکی بۆ نەکراوە بەڵکو یاسادانەر بۆ هەر تاوانێك دەقێکی یاسایی تایبەتی داناوە کە تێدا سزاو ڕایەڵەکانی گشت تاوانێك دیاری دەکات. بەڵام لەسەریەك دەتوانین بڵێین تاوان بریتییە لە"هەر کردەوەیەك کە یاسا سزای بۆ دانابێت". واتە تاوانبار کەسێکە کردەوەیەك ئەنجام دەدا کە یاسا قەدەغەی کردەوەیان وازهێنان لە کردەوەیەك کە یاسا فەرمانی بە جێهێنان و جێبەجێکردنی داوە. حوکمی ئیعدام یەکێك لەو بڕیارە یاساییانەیە کە بە یاسا دیاری کراوە کە چ کردەوەیەك دەبێتەهۆی ئیعدام کردنی کەسێك. لەپێناسەیەکی گشتی دا ئیعدام بەمانای کوشتنی کەسێك کە لە محاکمەیەکی قانوونی دا بە هۆی کردنی تاوان ئەو حوکمەی بەسەردا سەپاوە. لەسەردەمی ئێستادا ئەوی باوە و بۆتە یاسا، تەنیا ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ئیعدام بەڕێوەچووە کە دەسەڵات واتە حکوومەت بەڕێوەی بردبێ. بەشێوەی باو حوکمی ئیعدام لە دژی کەسیك بەڕێوەدەچێ کە کەسێکی تری کوشتبێ. بەڵام لە هەندێك لە وڵاتان تاوانی وەك "خیانەت، جاسووسی، زینا و دەست درێژی" حوکمی ئیعدامیان هەیە.

ئێستا قسە لەوەیە کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتی خۆیدا هەتا ئێرەی لەگەڵ بێ پلەی دووهەمی لە بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدام لە ئاستی نێودەڵەتی دا بۆخۆی پاراستوە، بەپێی کام یاسا و یا بەپێی کام شەریعەتی ئیسلامی ئەو ئیعدامانە ساڵانە بەڕێوە دەبا؟.

شەرعی ئیسلامی ڕێگای داوە لەسەر دوو تاوان حوکمی ئیعدام بەڕێوە بچێ:

یەکەم، کەسێك کە کەسێکی تری بە عەمد کوشتبێ و بۆ ئەمە سزای "قصاص" ی داناوە. بەم مانایە کەس حەقی نیە گیانی ئینسانێك بستێنێ و " گیان لێ ئەستاندنەوە تەنیا مافی خواوەندە، چونکە ئەو گیانی داوە و گیانیشی بەخشیوە". هەر بۆیە کەسێك کە گیانی کەسێك بە ئەنقەست دەستێنێ، هەر ئەوکات مافی ژیانیشی لەخۆی ئەستاندوە، واتە دەبێ "قصاص" بکرێ. بەڵام لە کۆتایی ئەو حوکمەش دا ئیسلام، رادەسپێرێ بۆ گیانی لێ بووردەیی و لێخۆشبوون و ئەو مافەی داوە بە خاوەنی کوژراوەکە کە دەتوانێ لێی ببووری و لێی خۆش بێت. کاتێك بنەماڵەی کوژراوەکە لە بکوژەکە خۆش بوون، بۆ دەسەڵات نیە بەناوی بەرژەوەندیگشتی حوکمی ئیعدام بەسەر بکوژەکەدا بسەپێنێ.

حالەتی دووهەم کە شەریعەتی ئیسلام حوکمی ئیعدامی بۆداناوە" مفسد فی الارض"ە. واتە ئەوکەسانەی فەساد لەسەر زەوی بڵاودەکەنەوە و زیان بە کۆمەلگە دەگەیەنن. ئەگەر کۆماری ئیسلامی و یاسادانەرانی ئەو نیزامە پێوەرەکانیان بۆ بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدام ئەو حوکمانەی شەریعەتی ئیسلام بێت، ئەم پرسیارە لێرەدا دێتە ئاراوە ئایا بەراستی جیا بیری دەتوانێ فەساد لەسەر ئەرز پەرە پێبدا؟ ئایا زیندانیانی بەکۆمەڵ ئیعدام کراوی ١٣٦٧ هەموویان "مفسد فی الارض" بوون یا تەنیا جیا بیر بوون و بەشێوەیەکی جیا لە دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگەی خۆیان



بیریان دەکردەوە؟ ئایا هەموو ئەو ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بەلووچ و عەرەب و نەتەوە ژێر دەستەکانی دیکەی ئێران کە چوونە ژێر پەتی سێدارە و گیانیان لێ ئەستێنرا بانگەشەی بەلارێ دا بردنی کۆمەڵگایان دەکرد یا هەڵگری بیرو ئەندێشەی مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانە بوون؟ کاتێك خەڵخاڵی وەك حاکمی شەرع هاتە کوردستان حوکمی ئیعدامی بەدەیان لاوی کوردی هەر بەڕێگا ڕۆیشتنەوە دا، تەنانەت ئەوکات یاساکانی کۆماری ئیسلامی دانەڕێژرابوون! بەدەیان نموونەی دیکەی بیجگە لەوانە هەرلەو ماوەیەدا شاهید بووین کە چەندین کەس لە تەمەنی مێرمندالی دا تووشی تاوانی قەتڵ بوون و دوای تێپەربوونی چەند ساڵ بەسەر رووداوەکە دا و زیندانی کردنی ئەو مێرمنداڵە تاوانبارانە حوکمی لە سێدارەدانیان لەسەر بەڕێوە چوو. ئەگەر شیکارییەکی زۆر کورت بۆ بەڕێوەچوونی ئەو حوکمانە بکەین دەبینین یاساکان چەندە لەگەڵ یەکتر ناتەبان و دەسەڵاتداران چۆن بۆ سەپاندنی دەسەڵات و حوکمی خۆیان و چاوترساندنی خەڵك بەڕێوەیان دەبەن .

بەپێی یاسا، حوکمی ئیعدام لەسەر کەسێك بەڕێوە دەچێ کە بە عەمد یا بە ئەنقەست کەسێکی کوشتوە. مەبەست ئەنقەست ئەوەیە بکوژ دەزانێ ئەو کردارە جەستەییە کە لەسەر ئەوکەسە دەیکا دەبێتە هۆی مردن و گیان لەدەستدانی، ئەو کاتە دەبێتە قەتڵ. واتە " قەسد و نیەت" رەگەزێکی پێویستە بۆ بەرپرسیار بوونی ئەنجامدەری تاوان.

بۆ روونبوونەوەی مەبەست لە هێنانی قەسد و نیەت و باسکردنی لە و بابەتەدا نموونەیەك دێنمەوە: بۆ نموونە دوو مێرمندالٚ لەسەر شتێکی سادە پێکەوە بەشەڕ دێن. لە دەستپێکی یەکەمدا هیچیان مەبەستیان ئەوە نییە ئەویتریان بکوژێ ، بەڵام مرۆڤ ناسکە و رەنگە بەردێك، زەربەیەك ببێتە هۆی مردنی . ئەگەر لەو تێکهەڵچوونەدا هیچیان تووشی مەرگ نەبن لەوانەیە دوای چەند رۆژێك پێکەوە ئاشت ببنەوە و تەنانەت شەڕەکەشیان لەبیر بچێتەوە. لەوکاتەدا هیچیان لەسەر پێکهەلپرژان سزا نادرێن. بەڵام ئەگەر هاتوو لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا یەکیان گیانی لەدەست دا، لە هەمان کاتدا بکوژەکە پەژیوانە لەکردارەکەی خۆی، بەڵام بەپێی یاساکان هەر لەوکاتەدا بکوژ دوو سزای بەسەردا دەسەپێ: یەکەمیان حوکمی قەساس (تۆڵە ئەستاندنەوە) دووهەمیان بێ بەش بوون لە ژیانی ئازاد هەتا تەمەنی دەچێتە تەمەنی دیاریکراو بۆ لە سێدارەدان. لێرەدا نەتیجە دەگرین قصاص بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە و خوێن گرییە و ئەگەر بچێتە روانگەی ئەخلاقییەوە جێگای پەسەند نیە. چونکە مەودای دانی حوکمی ئیعدام و بەڕێوەچوونی ئەو حوکمە دەتوانێ بەچەندین ساڵ درێژ بێتەوە و ترس و دڵەخورپەیەك کە کەسی مەحکووم کراو بە ئیعدام تەحەمولی دەکات لە سزای ئیعدام دژوارترە، بەواتایەکی دیکە هەموو رۆژێك ئیعدام دەکرێ.

هەربۆیە دەبینین لایەنگرانی هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدام رۆژ بەرۆژ لە پەرە ئەستاندن دان هەتا ساڵی ٢٠٠٥ میلادی ١٢٩ وڵات لە دنیا حوکمی ئیعدامیان هەڵوەشاندۆتەوە واتە بەڕێوەی نابەن، و لە سیستەمی قەزایی ١٠٠ وڵاتیشدا حوکمی ئیعدام هەیە کە ٢٤ وڵات لەو ١٠٠ وڵاتە هەتا ئیستا حوکمی ئیعدامیان بەرێوە نەبردوە. ئەوە نیشانەی ئەو راستیەیە کە حوکمی ئیعدام نەبۆتە هۆی کەمکردنەوەی تاوان. هەربۆیە ئەو دەوڵەتانە دەیانهەوێ بە گرتنە پێشی ڕێکاری یاسایی دیکە پێشگیری لەو جۆرە تاوانانە بکەن کە لەمەوپێش حوکمی ئیعدامیان هەبووە.

بەڵگە و ئیستدلالی ئەوانەی داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدام دەکەن ئەمانەن:

١- کۆمەڵگە مافی ئەوەی نیە ئەم سزایە بسەپێنێ چونکە ئەو ژیانی نەداوە بەتاك تاکو مافی ئەوەی هەبێ لێی بستێنێتەوە. ئەومافە تەنیا تایبەتە بە خوای گەورە.

٢- سزای لە سێدارەدان جۆرێك لە دلڕەقی تێ دایە و هەستی مرۆڤایەتیی تێدانیە هەروەها لەگەڵ بارودۆخی سەردەمی ئیستادا ناگونجێ.

٣- توانای سزای لە سێدارەدان بۆترساندن بەپێی زانست نەسەلمێنراوە. لەو دەڵەتانەی ئەم سزایەیان هەڵوەشاندۆتەوە تاوان زیادی نەکردوە و، لەو دەولەتانەش کە ئەو سزایە پەیڕەو دەکەن تاوان کەم نەبۆتەوە.

٤- چاککردنەوە و گەڕاندنەوەی بڕیار لەسەردراوەکە (بۆ سەر رێگەی راست) بە دوای بەڕێوەچوونی لەگەڵ سزای لەسێدارەدان، کارێکی مەحاڵە.

٥- ئەگەر دوای جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان دەرکەوت کە بڕیارەکە بەهەڵە دەرچووە یا بڕیار لەسەردراوەکە شایانی لێبووردنە ئەوە راستکردنەوەی شوێنەوارەکانی ئەوسزایە کارێکی مەحاڵە. چونکە ناکرێ کەسێکی مردوو زیندوو بکرێتەوە.

بەم پێیە دەگەینە ئەم ئاکامە کە بەڕێوەبردنی سزای ئیعدام لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بۆ چاوترساندنی خەڵك و داسەپاندنی دەسەڵات و هەیمەنەی خۆیەتی. چونکە ئەوانەی ئیعدام دەکرێن زۆربەیان لە جیابیرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین و ئەوانەی فەساد لەسەر ئەرز بڵاودەکەنەوە ئازادانە لە ئێراندا دەخولێنەوە و تەنانەت لەسەر کورسیی دەسەڵاتیشن.

هەروەك دیتمان لەکاتی بانگەشەی سەرکۆماریدا چون سەردەمدارانی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەڕەیان لەسەر یەکتر هەڵ دەدایەوە و یەکتریان تاوانبار دەکرد بە فەساد و بە تالان بردنی ماڵ و داهاتی خەڵکانی ئێران و لە لایەکی دیکەوە رۆژانە دەبینین ئەوانەی مادە بێ هۆشکەرەکان بەنێو گەنج و لاواندا بڵاودەکەنەوە و هۆکاری پەرەپێدانی فەسادو نەکبەتین، چۆن کۆشك و تەلاریان دەچێتە تەشقی ئاسمان .

ئامارەکان نیشاندەری ئەم راستییەن کە حوکمی ئیعدام کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کەم کردنەوە یان نەهێشتنی تاوان نەبووە بەڵکە ئەوەی کاریگەری دەبێ لەسەر کەمکرنەوەی تاوان ئەوەیە کە کۆمەڵگە بە روحێکی یاسا پارێزی پەرەوەردە بکرێ و یاساش بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە دابرێژرێت و بەڕێوەبەرانی یاساش لە بیری پاراستنی یاسا دابن نەك یاسا بەکاربێنن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان.

**توانای سزای لە سێدارەدان بۆترساندن بە پێی زانست نەسەلمێنراوە. لەو دەڵەتانەی ئەم سزایەیان هەڵوەشاندۆتەوە تاوان زیادی نەکردوە و، لەو دەوڵەتانەش کە ئەو سزایە پەیڕەو دەکەن تاوان کەم نەبۆتەوە**

# ئێیدز، مەترسیدارترین نەخۆشی سەردەم

کوێستان فتووحی

لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕۆژی ١ی دیسامبری هەموو ساڵێ بە ڕۆژی خەبات لە دژی "ئێیدز" ڕاگەیەندراوە. "ئێیدز" خراپترین نەخۆشییە نەك لەبەر ئەوەی ئینسان پێی دەمرێ هەموو کەس کات و ڕۆژێك هەر دەمرێ. بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەی



کۆمەڵگە لەگەڵ ئەو نەخۆشییە وەك هیچ نەخۆشییەکی دیکە نیە. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك ئێران ئەو منداڵە قوتابییەی تووشی ئەو نەخۆشییە بووە لەلایەن مامۆستاکانییەوە ڕووبەڕووی جیاوازی زۆر ناڕەوا دەبێتەوە. وای لێ دەکرێ هیچ کەس لێی نزیك نەبێتەوە. ڕێی پێ نادرێ لە هیچ چالاکییەکی قوتابخانەدا بەشداری بکا. تەنانەت زۆرجار لە لایەن بەرپرسانی قوتابخانەوە کەسوکاری ئەم جۆرە نەخۆشانە ئاگادار دەکرێنەوە کە منداڵەکەیان نەنێرنەوە قوتابخانە. یان کاتێك کەسوکاری منداڵانی دیکە بزانن منداڵێکی ئێیدزی لە قوتابخانەیە هەموویان ئێعتراز دەکەن و داوای دەرکردنی ئەو منداڵە دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانێکی زۆر لە ناسین و دیتنەوەی ئەم نەخۆشییە تێپەڕیوە، بەڵام تا ئێستاش بە نەخۆشییە هەرە ترسناکەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی دەناسرێ و سەرەڕای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری لێکۆڵەران و نیهادە پزیشکییەکانی جیهان بۆ دیتنەوەی ڕێگەیەك بۆ پێشگیری لە ویرووسی ئێیدز تا ئێستاش هەر ئەو ڕێکارانەن بۆ چارەسەری یەکجاریی ئێیدز تاقیکردنەوەیان لەسەر دەکرێ و پێشگیرییە لە ویرووسی ئێیدز بۆ نێو لەشی ئینسان یان لەنێوبردنی ئەو ویرووسە لە نێو سیستمی لەش یان پێشگیری لە چوونە نێو سیستمی لەشەوە، ئەو سیستمەی کە لە بەرامبەر نەخۆشییەکاندا خۆڕادەگرێ. بەڵام تا ئێستاش دەرمانی ئەم دەردە بەتەواوی نەدیتراوەتەوە. هەرچەند ئەو نەخۆشانەی کە تازە گیرۆدە دەبن بەم ویرووسە، ئەگەر خێرا دەرمان بکرێن، دەتوانن ٣٠ ساڵ پاش گیرۆدەبوون بەو نەخۆشییە بژین.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هۆکاری سەرەکیی گواستنەوەی ویرووسی HIV بۆ کەسێکی تر بەهۆی پێوەندیی سێکسییەوە بووە. بەڵام لە ئێراندا هۆکاری سەرەکی ئەم ویرووسە بۆ تەزریق لە نێو موعتادان بە مەوادی موخەدیر دەگەڕێننەوە. دیارە بە سەدان نموونە هەن کە ژنان لە ڕێگەی مێردەکانیانەوە تووشی ئەم ویرووسە بوون، یان منداڵان بە هۆی دایکیانەوە تووشی ئەم ویرووسە بوون. بەرپرسی ئیدارەی پێشگیریی ئێیدزی وەزارەتی لەشساغیی ئێران ڕای گەیاندوە کە پێش بینی دەکرێ لە ئێران ڕێژەی تووشبووان بە ویرووسی HIV تا کۆتایی ساڵی ١٣٨٨ بگاتە ٢٠ هەزار کەس. بەڵام بە پێی ئاخرین ئاماری وەزارەتی لەشساغی کە لە مانگی خەزەڵوەدا بڵاو بۆتەوە تا سەرەتای مانگی ڕەزبەری ١٣٨٨، ١٢٠ هەزار و ١٣٠ کەسی تووشبوو بەو ویرووسە لە ئێراندا شناسایی کراون. لەو ڕێژەیە ٢٠٩٧ کەس واریدی مەرحەلەی نەخۆشییەکە بوون و ٣٤٠٩ کەسیش بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە مردوون. لە ئاخرین ڕاپۆرتی سێ مانگەی دووهەمی ئەم ساڵی وەزارەتی لەشساغی و دەرمان دەردەکەوێ ڕۆژانە یەك ئێرانی بەهۆی نەخۆشیی ئێیدز گیانی لەدەست دەدا.

دیارە لە ئێراندا بە هۆی مەسەلەی کولتوورییەوە ڕێژەی ئەو کەسانەی بە ویرووسیHIV گیرۆدە بوون ڕوون نیە ، بەڵام کارناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئاماری دروست و ڕوونی کەسانی تووشبوو بەو ویرووسە زۆر زیاتر لەو ئامارە ڕەسمییانەیە.

نەخۆشیی ئێیدز چوارەمین نەخۆشیی کوشندەیە لە جیهاندا و هەر ئێستا زیاتر لە ٤٠ میلیەن کەس لە جیهاندا تووشی ویرووسی اچ ای وی بوون. (HIV) یەکێکە لە نەخۆشییە ویرووسییە واگیرەکان. ئەم ویرووسە توانای خۆڕاگریی لەش لە بەرامبەر نەخۆشییەکان و عفونەت (چڵك)ەکان دا کەم دەکاتەوە. بە "سەرنجدان" بەوە تا ئێستاش واکسێن و دەرمانێك بە مەبەستی پێشگیری و دەرمانی نیهایی بۆ ئەم نەخۆشییە نیە، وشیارکردنەوەی هەموو چین و توێژەکان لە چۆنیەتیی گواستنەوە و پێشگرتن لەم نەخۆشییە گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

هەر ویرووسێك لە چەند ڕێگەی جۆراوجۆرەوە دەچێتە نێو لەشی مرۆڤەوە بۆ نموونە ویرووسی هەڵامەت (سرماخوردگی) لە ڕێگەی هەناسەوە دەگوازرێتەوە نێو لەش. هەر ویرووسێکیش بۆ جێکردنەوە و پەرەسەندن و خۆداڕشتنی لەنێو لەشدا عەلاقەی بە هێندێك شوێنی لەش هەیە. بۆ نموونە ویرووسی HIV خۆی دەگەیەنێتە خرۆکە سپییەکان، بۆیە دەبێ لە ڕێگەیەکەوە بچێتە نێو لەشەوە تا بتوانێ بگاتە ئەم شوێنە. لەبیرمان بێ ئەم ویرووسە تەنیا دەتوانێ لە نێو خرۆکە سپییەکاندا زیندوو بمێنێتەوە، بۆیە لە هەرکوێ خرۆکەی سپی هەبێ لە حاڵێك دا کە هەڵگری ویرووسی ئێیدز بێ دەتوانێ ببێتە هۆی گواستنەوەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە. لە ئاکام دا ویرووسی HIV لە ڕێگەی خوێن و تەڕایی ئالوودە دەتوانێ بچێتە نێو لەشی مرۆڤەوەو بگاتە خرۆکە سپییەکان. بۆیە ڕێگاکانی گواستنەوەی ئەم ویرووسە ئەوانەن:

١ـ خوێن، ٢ـ پێوەندییە جنسییەکان، ٣ـ (سێکس)، لە دایکەوە بۆ منداڵ (کۆرپەڵە)

**خوێن:** هەر کاتێك خوێنی کەسی تووشبوو بەم ویرووسە تێکەڵاوی خوێنی کەسێکی ساغ بێ ئەو کەسە سالمەش تووشی ئەو ویرووسە دەبێ. بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی تووشبوو بە ویرووسی HIV کاری تەزریق بکات و هەر بەو سورەنگ و دەرزییە کەسێکی دیکە تەزریق بکا ئەم ویروسە دەگوازرێتەوە لەشی ئەوی دیکە. بۆنموونە کەلوپەلی نائیستریل و خوێناوی بۆ کاری گوێ کون کردن، یان خەتەنە، خاڵ کوتان، جەراحی و ددانسازی ڕێگەکانی گواستنەوەی ئەو نەخۆشییەن.

ویرووسی HIV لە دەرەوەی لەش بە ماددەی پاککەرەوە (ضد عفونی) و گەرمای زۆر بەزوویی لەناو دەچێ. بۆیە ئەو کارانە ئەگەر بە کەلوپەلی خاوێن و ئیستریل بکرێن مەترسییەکی نیە. زۆربەی موعتادە تەزریقییەکان پاکوخاوێنی ناپارێزن و زۆربەیان بە یەك دەرزی تەزریق دەکەن بۆیە مەترسیی گواستنەوەی ویرووس لەنێو ئەو کەسانەدا زۆر زیاترە و یەکێك لە بەربڵاوترین ڕێگاکانی گواستنەوەی ئەو ویرووسە لە زۆر وڵاتدا بە تایبەت وڵاتی ئێران موعتادەکانن.

**پێوەندیی جینسیی:**

یەکێکی دیکە لە تەرایی لەشی ئینسان کە خرۆکەی سپیی زۆرە تەرەشوحاتی جینسییە بۆ کەسێك کە تووش بووە بە ویرووسی HIV لەگەڵ هەر کەسێك پێوەندیی جینسیی هەبێ لە ڕێگەی ئەو تەڕاییەوە ئەو ویرووسە دەچێتە نێو لەشی کەسەکەی دیکە. بۆنموونە ئەگەر پیاوێك لە ڕێگەی تەزریقەوە تووش بووبێ لە کاتی پێوەندیی جینسیدا هاوسەرەکەشی تووشی ئەم ویرووسە دەکا و مەترسییەکەشی لە پیاوەوە بۆ ژن دووو نیو بەرابەرە.

**لە دایکەوە بۆ منداڵ:** بەربڵاوترین ڕێگەی گواستنەوەی ئەو ویرووسە لە دایکی تووشبۆوەوە بۆ منداڵ، لە کۆتاییەکانی دەورانی دووگیانیدایە بە تایبەتی کاتی منداڵبوون و کاتی شیردان.

- ویرووسی ئێیدز لە ڕێگەی پێوەندییە ئاساییەکانەوە وەك کارکردن لەگەڵ یەکتر، قسەکردن، هاوسەفەر بوون، حەمامی گشتی، تۆقەکردن، پشمین، کۆخە، و تەنانەت ماچ کردنیش ناگوێزرێتەوە بۆ لەشی مرۆڤ. بە سەرنجدان بەوەی لە پێوەندییە ئاساییەکانی ڕۆژانەدا ئەم ویرووسە ناگوێزرێتەوە، کەوایە ئەو کەسانەی بەم ویرووسە تووشبوون ، لەم پێوەندییە گشتی و ئاساییانەدا مەترسییەکیان بۆ خەڵکی دیکە نیە.

ڕۆژنە

# ئاوڕێك لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران دا

## ( لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ دا )

عەلی بداغی

١٠ دێسامبر، (١٩ی سەرماوەز) ساڵڕۆژی پەسندکرانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە و لە لایەن کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ ناودێر کراوە.

هەوڵدان بۆ پاراستن و ڕێزگرتن لە بەها ئینسانییەکان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ رابردوویەکی بە درێژایی مێژووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەیە. ٦٢٤ ساڵ پێش زایین بیرمەندانی شاری ئاتێن هەوڵیان دا بە جێ کردنی ئەو بنەما و بایەخانەی کە ئەوڕۆ بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەناسرێن، بەرەنگاری ملهوڕی و زۆرداری و دیکتاتۆریی سەردەم ببنەوە. نیزیك بە ١٠٠ ساڵ دواتر و لە ساڵی ٥٣٨ی پێش زایین دا کورش، شای پاشاکانی ئێرانی کەونار بڕیاری دا کە لە هەموو هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی دا مافی مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئایین و شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوون بە فەرمی بناسرێ و کوێلەداری و مەزنیی نژادی هەڵ وەشێتەوە. بەردەنووسی پاسارگاد کە ئێستا لە مۆزەخانەی بریتانیا دا پارێزگاری لێ دەکرێ، لە ساڵی ١٩٧١ دا لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە یەکەمین جارنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ ناسرا.

هەوڵەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بۆ بە بەیاخ کردنی گیانی مرۆڤ و ژیان و بەهاکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ی زایین دا پەسند کرانی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤی لێ کەوتەوە کە ئێستا نیزیك بە ٢٠٠ وڵاتی سەر گۆی زەوی بە فەرمییان ناسیوە و خۆیان لە بەرامبەر جێبەجێ کردنەکەی دا بە بەرپرسیار زانیوە.

ئێران لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی دا ئەو جاڕنامەیەی بە فەرمی ناسی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلای ئێران دەروەستیی ئێرانی بەو جاڕنامەیە و ئەندامەتیی ئێرانی لە ڕیزی واژۆکەرانی ئەو پەیماننامە جیهانیە دووپات کردەوە.

بەڵام ئێستاو لە ٦١ ساڵەی ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ دا بەسەرهاتی مرۆڤ و مافەکانی لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی تاڵترو دڵتەزێنتر لەوەیە کە بتوانرێ بە نوسین و دەربڕین باسی لێ بکرێ. پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وەها ئاشکراو وەها توندو تیژو نامرۆڤانە بەڕێوە دەچێ کە ئەو ڕێژیمە بە یەکێك لە سەرەڕۆترین نەیارانی مافی مرۆڤ لە دنیا دا ناسراوەو تا ئێستا زیاتر لە ٣٠ جار لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆن و شوڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە مەحکووم کراوە. دوایین جار ئەو ڕێژیمە لە ڕێکەوتی ٢٩ی خەزەڵوەری ئەم ساڵ و لەلایەن کومیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی ڕەهاو ئاشکرای مافی مرۆڤ مەحکووم کرا. پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لە پانتاییەکی زۆر بەرفراوان دا بەڕێوە دەچێ و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەستی بردۆتە نێو تایبەتیترین سوچ و کەلەبەری ژیانی خەڵکی، تا ئەو جێیەی تەنانەت بینین و سەیرکردنی کاناڵە تەلەڤزیۆنییەکانیشی بۆ خەڵکی دیاری کردوە کە چاو لە چی بکەن و چاو لێ کردنی چی قەدەغەیە! چی لەبەر کردن و چۆن لەبەرکردن و چی خواردن و چی خواردنەوەی خەڵکیش لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە چوارچێوەی بۆ داندراوە و لادان و بەزاندنی ئەو چوار چێوەیە سزای قورسی بۆ لە بەر چاو گیراوە.

ژنان، منداڵان، کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان و جودابیران لە ئێران دا ئەو بەش و توێژە لە خەڵکانی ئێرانن کە بە توندترین شێوە مافەکانیان پێشێل دەکرێ.

لە ئێران دا ئیعدام و بڕیاری لە سێدارەدان هەروا بڕەوی هەیە و تەنیا لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردووی ئەو ساڵ دا زیاتر لە ٢٥٩ کەس لە ئێران دا لە سێدارە دراون و گرتوخانە و ئەشکەنجەگاکانی ڕێژیم و ئەوەی لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم دا بەسەر نەیاران و جودابیران دەهێنرێ لە مێژوو و دنیا دا وێنەی نیە. لێدان و لە برقدان، ئەشکەنجەی جەستەیی و ڕوحی، دەست پەڕاندن و چاو دەرهێنان و دەستدرێژیی سێکسی کردنە سەر بەندییە سیاسی و مەدەنییەکان لە گرتووخانەکانی ڕێژیم دا شتێکی ئاسایی و ڕێگە پێدراو و باو و لەلایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە سروشتییە .

بەڵام ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەسەرهاتێکی جیاوازە. کوردەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان لەگەڵ جۆرەها پێشێلکاریی مافەکانیان و فەرق و جیاوازیدانان و هەڵاواردن و توندوتیژی بەرەوڕوون. هێشتا مانگێگ لە ئیعدامکردنی ئیحسان فەتاحیان، لاوی جودا بیری کورد لەلایەن ڕێژیمەوە تێ نەپەڕیوە و هەر ئێستاش ١٤ لاوی خەباتگێڕ و ڕۆژنامە نووس و چالاکی کورد لەژێر پەتی سێدارەدان. تاوانی ئەو لاوانەی کورد دەنگ هەڵبڕین دژی ناعەداڵەتی، پێشێلکاریی و زەوتکرانی مافی هاونیشتمانانیان بووە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوور لە چاوەدێریی وردی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و دوور لە فشارو لێپرسینەوەو ڕەخنەی کاریگەری ئەو ناوەندو کۆڕو کۆمەڵانە پێشێلکاریی مافی مرۆڤی لە کوردستان بەو پەڕی خۆی گەیاندوە.

سەپاندنی کەشوهەوای ترس و سەرکوتی توندوتیژی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و مەدەنی و سیاسییەکانی کوردستان، کەشی داخراوی گەیاندنی ئازاد و پەلاماردانی ئازادیخوازان و ڕێ نەدان بە چالاکیی چالاکان لە بواری کلتووری و ڕووناکبیری و سیاسەتی توندوتیژیی هەڵسوکەوت لەگەڵ کاسبکارانی سەر سنوور بەشێکی زۆر بچووك لە کارو کردەوە و کارنامەی کۆماری ئیسلامی لەو بەشەی ئێرانن. سەیر لەوە دایە کە ڕێژیم لەکاتیك دا کە بەهۆی ئیعدام کردنی تاوانباران لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانەوە بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ مەحکووم دەکردرێ، بەڵام کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە خەڵکی بێ تاوان و کاسبکاری کورد لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوو لە ناوچە سنوورییەکان بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیمەوە تا ئێستا سەرنج و بینینی کەسی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە.

سیاسەتی هەڵکردن و مامەڵە کردنی دنیای دەرەوە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە هێند وەرنەگیرانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە پێوەندییە دیپلۆماتیك و ئابوورییەکانی وڵاتانی جیهان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە وای کردوە کە لە لایەك ڕێژیم ئەو هەڵەی بە باشترین شێوە بۆ سەرکوتی نەیارانی خۆی بە کار هێنابێ و لەلایەکی دیکەشەوە پرسی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بەهاو بایەخ و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤیش لە لایەن وڵاتانی مودەعیی دێموکراسی و ئومانیستەوە بە گاڵتە جارێك و لاهێزێکی سیاسی بۆ بەش و بەرژەوەندیی زیاتر گۆڕیبێ.

# نزگەرەی مەرگ

دیسان دیوار
دیسان پەنجەرە با خۆرەکانی دڵتەنگی و
دیسانەوەش دەلاقەبچووک و تەنگەکەی نێو دەرگاکە و
چاوەڕوانی و
بەردەوامبوونی زایەڵەی
تەماشا و بێدەنگی و زەمان.
نە دەرفەتێک و
نە شوێنێک
تەنانەت بۆ لەپێک گریان
نە هێشوویەک لە فرمێسک و
شنەی هاوڕازێک
ـ ئەگەر دوور!
نە پیانوویەک و
نە بایەک
نە هەستێک خۆی دادەڕێژێ و
نە ژانێک پەنگ دەخواتەوە
لەتێک نان و لەتێک شێر و
لەتێک رۆژنامەی بەیانی..
لەت
لەت..
چەشنی دوایین ساتەکانی ئەم شەوە با تریفەیە
بە سەر خۆمدا دەشکێمەوە و
هەنگاوەکانم،
لەتاپۆی دوا بڕینی هەوارت دا دەدۆڕێنم
هەم دەستم و تەماشاشم.
لە دەرەوەی زەمانەوە راوەستاوین!
خۆر، پشووی سوارترە لەوەی
لەم کەلەش بزرینگێتەوە و
پەلکە تێکهەڵکێشەکانی شۆڕابەی ئەم سێبەرانە
مێروولە بە گیانم دەکەن.
ئێمە مردین
وەک چۆن ژیاین
بەڵام هەرگیز زیندوو نەبووین.

**هوشیار موکریانی**
**٢٧٠٩/٨/٢٠**
**٢٠٠٩/١١/١١**
**بۆکان**

# خاسە کەو



خاسە کەوەکەی پەڕوپۆ شڕۆڵ
ئەی باڵدارەکەی شۆخ نە هەم هەڤ
بە قاسپەی دەنگت مەبە بە فەدەنگ
دانیشە لە سەر ترۆپکی ئاوڕێژ
قاسپە قاسپەکەت ئۆخژنی دڵمە
یاسای تەبیعەت چی لێت ویستووە
لە لوتکەی کێوا گرتووتە لەنگەر
پێخەف ئاسمان وراخەرت زەوی
بە لام داخێکە منی کوشتووە
کەمینێ ئەگرێ راوکەر لە بەر کاو
وەرە وشیار بە خاسەکەوی دۆڵ

ئاوارە و وێڵی وەک منی کڵۆڵ
وەرە بۆساتێ ببینە رێ هەڤ
بە پەڕ و پۆی جوان، شاپەڕی قەشەنگ
بە قاسپەی دەنگت دەردم کە سارێژ
دەرمانی دەردی دڵی بە کوڵمە
رێگە و لێواری شاخت گرتووە
ئەڕوانیە بەختی منی دەروەدەر
نەکەی بۆ نەیار سەر بکەی نەوی
ئەشکی حەسرەتی لە دڵ رشتووە
بە دەستی کەوا، کەو ئەخاتە داو
شەڕنەکەی هەرگیز بۆ راوکەری زۆڵ

ئەنور چیانە

# تەنیایی

ح. ئەحمەدپوور

ئێمە کۆمەڵێك سەربازی سوپای ئیسلامین لە تیپی ٢٢ی کوردستاندا. لەم ئاواییەدا هەر هەموومان هەمیشە هەست بە تەنیایی و غوربەت دەکەین. زۆرجار شەوانە دوژمن، کەسێك یا دوو کەسمان لێ دەکوژێ. بەیانیانیش تەرمەکان بەرەو شار بەڕێ دەکەین، بێ ئەوەی بهێڵین کەس لە ئاوایی پێ بزانێ.

ئەم بەیانییە کەسێکی سەر بە دوژمنمان، لە پاش خۆمانەوە راکێشایە نێو دارستان و سزای مەرگمان دا. ئەو پیلانی هەبوو کە، لە رێگەی تەعاروف کردنی خواردنەوەی چایەك غافڵگیرمان بکا.

ئێمە کۆمەڵێك سەربازی هەمیشە تەنیاین. لەم ناوچەیەدا لە هەر شوێنێکدا بێن کەس نابێ بزەیەك، نیگایەك، ... ئەگەرچی کەسانێك لە هێزی دوژمن شەوانە بە دزیی ئێمەوە دێنە ئاوایی و دەچنە ژوان.

بیرەوەرییەکانی رۆژی ١٣٦٠/٦/٢٧

# "نێرگزە جاڕی گەردوون"

کۆمەڵە شێعرێکی بیانی، وەرگێڕدراوی شاعیرو خەباتکاری ناسراو مامۆستا ئەحمەد دلزار، لەم دوایییانەدا لە ژێر ناوی "نێرگزە جاڕی گەردوون" چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبە کە ئازاد دلزار بۆ چاپ ئامادەی کردوە، وەرگێڕدراوی نزیکەی پەنجا شێعری بیانی لە شاعیرە ناودارەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی گرتۆتە خۆ و لە ٢٢٠ لاپەڕە پێك هاتوە. ئەم شێعرەی خوارەوە لە تازەترین بەرهەمی چاپکراوی مامۆستا ئەحمەد دلزار، کە هەر بۆ خۆشی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وەرگیراوە:

رەسوول هەفرەتۆف



## شیعر

بێ تۆ گێتی ئەشکەوتێك دەبوو لە تاریکی
تنۆکێك خۆری نەدەزانی
یان ئاسمانێکی بێ ئەستێرەی
بریقەدار دەبوو
یان خۆشەویستێك دەبوو
گەرمایی ماچی نەدەزانی
بێ تۆ گێتی دەریاییێك دەبوو
شینێتی تێدا نەبوو

نە تەڕایی نەمرو نە جوڵانەوەی
بێ تۆ دوایی دەبوو
یان باخێك دەبوو بێ گوڵ و گیا
نە ئاوازی بولبول و نە سرکەسرکی سیسرکە
بێ تۆ درختەکان رووت و رەش دەبوون
شتێك نەدەبوو جگە لە تەمومژی تشرین
نە هاوین و نە زستان و نە بەهار
مرۆڤ وەحشی و کڵۆڵ دەبوو
گۆرانی ... بەڵام گۆرانی نەدەکرا ببیسێ

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 524 6 Dec 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# شەشەمین فێستیڤاڵی فیلمی کورد لەندەن کۆتایی پێهات

شەشەمیی خولی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن و دوویەمین خولی پێشبەرکێی "یەلماز گۆنای" کە لە ٢٠ تا ٣٠ نۆڤەمبەر لە لە شەش شوێنی جیاواز شاری لەندەن بە پێشاندانی ١٨ فیلمی درێژی سینەمایی، ٥٥ کورتە فیلم و هەروەها ٥٤ فیلمی دیکۆمێنتی بەرهەمی سینەماکارانی کوردو بیانی بەڕێوە چووو بە ناساندنی هونەرمەندە سەرکەوتووەکان کۆتایی پێهات.

ئەندامانی لێژنەی ئەم فێستیڤاڵە بەمجۆرە فیلمە سەرکەوتووەکانیان دەسنیشان کرد:

کورتە فیلمی "خەونە بەفرییەکان" لە دەرهێنانی سالم، بە پلەیەکی یەکەم

کورتە فیلمی "مەرگان" واتە راوچی لە دەرهێنانی جەعفەر نوورمحەمەدی، بە پەلی دوویەم

کورتە فیلمی "پێنج لیرە" لە دەرهێنانی سەرحەت کارا ئەسلان، بە پلەی سێیەم



کورتە فیلمی "کۆتری سپی" لە دەرهێنانی ڤیان مایی، خەڵاتی تایبەتی ئەندامانی نێوبژیوانی فێستیڤاڵی وەرگرت

هەروەها پێویستە بوترێ ڕێوڕەسمی کۆتایی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن بە بەشداری گۆرانیبێژی ناسراوی کورد ناسر ڕەزازی، ئەندامانی لێژنەی نێوبژیوان، دەرهێنەرەکان و هەروەها ئەکتەرە کوردو بیانییەکانی فیلمە بەشداربووەکان لە فێستیڤاڵ بە چەندین بڕگەی جیاواز بەڕێوە چوو.

# بەرهەمێکی بێ وێنەی داروین دۆزرایەوە



بە گوێرەی هەواڵی ئاسۆشیتێد پرێس کۆپییەك لە یەکەمین چاپی کتێبی "بنەمای جۆرەکان"ی داروین زانای ئینگلیسی لە ئاودەستی خانوویەکی کۆنی باشووری ئەو وڵاتە دا دۆزرایەوە. ئەو لە کاتێکدایە کە ئەمساڵ ڕێوڕەسمی (٢٠٠) ساڵوەگەری لە دایکبوونی داروین لە سەرانسەری جیهان دا بەرێوەدەچێ. "چالز رۆبێرت داروین" (١٨٠٩_١٨٨٢) بیرمەندو زیندەوەرناسی بەناوبانگ و ئەندامی ئەنجومەنی پاشایەتی بریتانیا بوو کە "نظریه تکامل" ئەو زانایە یەکێکە لەو بیرۆکانە تا ئێستاش لێکدانەوەی زۆری لەسەر دەکرێ.

# ئەمیرە هەس وەک باشترین ڕۆژنامەنووسی ساڵ هەڵبژاردرا



"ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور "ئەمیرە هەس" ڕۆژنامەنووسی ئیسرائیلییان وەك باشترین ڕۆژنامەنووسی ساڵ هەڵبژارد، کە تەمەنی ١٦ ساڵەو لە "رامەڵا" دەژی و ڕۆژانە باسی سیاسەتەکانی ئیسرائیل و کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی فەلەستینییەکان و دەسەڵاتی فەلەستینی شی دەکاتەوە.

ئەمیرە هەس ئەم خەڵاتەی بە هۆی ئەو ڕاپۆرتانەوەی کە لەسەر شەڕی کەرتی غەززەوە نوسیبوونی پێ بەخشرا.

هەروەها خەڵاتی مافی مرۆڤ تایبەت بە "باشترین ڕاگەیاندنی ساڵیش" درا بە گۆڤاری "دوڤوش" (وشە)ی کۆماری چیچێن کە یەکێك لەم دەگمەنە گۆڤارانەیە کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ باس لە بارودۆخی چیچێن و ناوچەکانی دیکەی قەوقاز دەکا. ئەم گۆڤارە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوەو بە هۆی ئەو هەڕەشانەی لێی کرا ناچار بوو نووسینگەی خۆی لە "گرۆسنی" بۆ مۆسکۆ بگوازێتەوە.

# حەنیف مەزرووعی خەڵاتی ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤی ئاڵمانی بردەوە



خەڵاتی تایبەتی "کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ مافی مرۆڤ" لە لایەن ڕاگەیاندنەکانی ئاڵمانەوە درا بە حەنیف مەزرووعی کە ناشتنی تەرمی قوربانییەکانی ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی لە قاو دا.

مەزرووعی ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری "وبگاه نوروز" کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەی لە هۆڵی "باخ"ی وزارەتی دەرەوەی ئاڵمان باسی لە چۆنییەتی خەباتی ئاشتیخوازانەی لاوانی ئێران لە پێناو ئازادی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و ڕۆژنامەنووسانی دیکەی ئێرانی بۆ گەیاندنی ئەو خەباتە بە خەڵکی جیهان کرد.

ناوبراو وتی: "ئەگەر ئەمڕۆ خەڵکی ئێران ئامادەن بە هەموو تێچوویەکەوە بڕژێنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕن بەو هۆیەوەیە کە ئێستا لە هەمیشە باشتر نرخی ئازادی و دیمۆکراسی دەزانن و تێدەکۆشن بە فیدا کردنی گیانیان ئەو بایەخە بەرزە مرۆڤایەتییە بگەڕێننەوە نیشتمانەکەیان.

# "ترێلێر" باشترین ڤیدیۆ کلیپی مێژووی موزیکە



ڤیدیۆ کلیپی "ترێلێر"ی مایکل جاکسۆن ئەستێرەی ناوداری مووزیکی "پۆپ"ی جیهان وەکو باشترین ڤیدیۆ کلیپی مێژووی موزیك دەسنیشان کرا. بەگوێرەی هەواڵی ماڵپەڕی"موزیکی ئێمە"، بە پێی ڕاپرسی ماڵپەڕی www.muzu.tv کە بە بۆنەی "٥٠" ساڵوەگەری دروستبوونی وشەی "ڤیدیۆ کلیپ" بەڕێوەچوو ئەم ڤێدیۆ کلیپە لە "٢٦" مین ساڵوەگەری دروستکردنیدا وەکو باشترین ڤیدیۆ کلیپی مێژووی موزیك دەسنیشان کرا.

ڤیدیۆ کلیپی "ترێلێر" لە لایەن "جان لێندیس" کاری دەرهێنانی بۆ کراوە و لە ڕۆژی دووی دیسامبری ١٩٨٣ بڵاو کرایەوە.

هەروەها ڤیدیۆ کلیپی Video Killed The Radio Star لە گرووپی The Buggles بە کۆنترین ڤیدیۆ کلیپ لە مێژووی موزیك دەسنیشان کراوە.

# چاپکراوی نوێ




# "نەوت شێرپەنجەی شارەکەم"بوو بە خاوەنی خەڵاتی فێستیڤاڵی ئالتێرناتیڤ

فیلمی "نەوت شێرپەنجەی شارەکەم" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد تەها کەریمی، خەڵاتی تەلەفیزیۆنی لە بەشی دیکۆمێنتی دەیەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی (ئاڵتێرناتیڤ) ی بە دەست هێنا.

ئەم فیلمە کە بەسەرهاتی دانیشتوانی کەرکوك و سکاڵایان لە بوونی نەوت لە شارەکەیاندا دەخاتەروو، توانی خەڵاتی تەلەفیزیۆنی erdely لە بەشی دیکۆمێنتی دەیەمین فێستیڤاڵی ئالتێرناتیف لە شاری "مورش"ی وڵاتی ڕۆمانیا بە دەست بێنێ کە ٦١٨ فیلم لە ٥٠ وڵاتی جیهانەوە بەشداری بەشە جیاوازەکانی فێستیڤاڵەکە بوون.

# بەهمەن قوبادی بوو بە خاوەن خەڵاتی فێستیڤاڵی "فیلمەکس"ی تۆکیۆ

بەهمەن قوبادی بە فیلمی "کەس بە هەواڵی پشیلە ئێرانییەکان نازانێ" بوو بە خاوەن خەڵاتی تایبەتی ئەندامانی لێژنەی نێوبژیوانی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی "فیلمەکس"ی تۆکیۆ.

ئەندامانی لێژنەی فێستیڤاڵەکە بەمجۆرە لە ڕێوڕەسمی کۆتایی کاردا هەستی خۆیان سەربارەت بە دوایین بەرهەمی قوبادی دەربڕی: "یەکجار چوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم فیلمەوە.

بڕیارە "کەس بە هەواڵی پشیلە ئێرانییەکان نازانێ" لە بەشی سێزدەیەمین خولی فێستڤاڵی "شەوە ڕەشەکانی تالین دا لە وڵاتی ئەستۆنیا ڕکەبەرێتی فیلمەکانی دیکەی دەرهێنەرانی جیهان بکا.




## بەر لەماڵاوایی

# گوڵباران یان گوللە باران کردنی خوێندکاران؟!

ع. وریا

**ناتەوێ ئەم زامەی سەر سنگم لەباتی !**
**هەی هاوار تفەنگی دوژمنیش پێکاتی؟!**

فەرماندەری پۆلیسی تاران رای گەیاندوە کە ئەمساڵ لە ڕۆژی "١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خویندکاران" دا، خوێندکاران گوڵباران دەکەن و بەبۆنەی ئەم ڕۆژەوە گوڵ پێشکەش بە خوێندکاران دەکەن. ئەم قسەیەی فەرماندەی پۆلیسی تاران لەوڵامی ئەم پرسیارەدا گوتراوە کە" ئەمساڵ بۆ ڕۆژی خوێندکاران چ ڕێوشوێنێکتان وەبەرچاو گرتوە؟"ئەم جۆرە پرسیارەش بە ڕێکەوت لە فەرماندەی پۆلیسی تاران و فەرماندەران و کاربەدەستانی دیکەی هێزی ئینتیزامی و دام دەزگا سەرکوتکەرەکانی دیکە، نەکراون. بەڵکوو لەم ڕاستییەوە سەرچاوەیان گرتوە کە هەموو ڕۆژو بۆنە ڕەسمی و دەوڵەتییەکانی دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردان لەلایەن بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێرانەوە کراون بە دەرفەتێك بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە گشتی و سەرکۆمارو دەوڵەتی کودیتا بە تایبەتی. ١٦ی سەرماوەزیش کە لەمێژ ساڵە ناوی ڕۆژی خوێندکاری لەسەر دانراوەو ئەم ڕێژیمەش دانی بەم ڕۆژە داناوە، دەرفەتێکە بۆ ئەوەی خوێندکاران، چالاکترین و لێبڕاوترین توێژی بەشدار لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران و هەموو توێژو بەشەکانی دیکەی خەڵکی ناڕازی بڕژێنەوە سەر شەقامەکان و بە دەسەڵاتدارانی ئەم ڕیژیمە بڵێنەوە ئێوە و ڕێژیمەکەتان و یاساکانتانمان ناوێ.

فەرماندەری پۆلیسی تاران لەکاتێك دا باس لە گوڵبارانی خوێندکاران دەکا لە بەرەبەری ڕۆژی خوێندکار دا،٩٠ کەسی دیکە لەچالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری خراونەتە بەندیخانەو، لەم چەند حەوتووەی ڕابردووش دا، گوشار بۆسەر خوێندکاران و پەروەندەسازی و هەڕەشەی جۆراوجۆر لەدژی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی خوێندکاری لەسەرانسەری زانستگەکانی ئێران لە پەرەستاندن دابووە. جگە لەمەش هێزی ئینتیزامی رای گەیاندوە بەتوندی دژی هەر چەشنە کۆبوونەوەیەك بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز لە دەرەوەی زانستگەکان دەوەستێ و سەرکوتی دەکا. قسەکانی ئەحمەد جەننەتی لە خوتبەکانی نوێژی هەینیی تارانیش دا، (١٣ی سەرماوەز) هەڕەشە بوون لەو خوێندکارو خەڵکەی بیانەوێ ڕۆژی خوێندکارو کۆڕ وکۆبوونەکانی تایبەت بەم ڕۆژە، بۆ مەبەستێك غەیری پێهەڵگوتن بە ڕێژیم و بەیعەت لەگەڵ دەسەڵاتداران بەدار بێنن.

وەحشەتی سەرانی ڕێژیم و دەزگا سەرکوتکەرەکان لەهاتنی ١٦ی سەرماوەزی ئەمساڵ بە ڕێکەوت نیە. ئەمساڵ وێکچوونێکی زۆر هەیە لەنێوان کەشوهەوای سیاسیی ئێستای ئێران لەگەڵ ئەو ساڵەی ١٦ی سەرماوەز چووە نێو لاپەڕەکانی مێژوو. ئەو کاتیش وەك ئێستا، دیکتاتۆری وڵات بەهۆی کودیتاوە تەمەنی دەسەڵاتەکەی درێژ کردبۆوە و پشتگەرم بە داهاتی نەوت و لە ڕێگای زەبرو زەنگ و مەیدانداری ئەرتەش و ساواك و دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی، بەرەو ڕووی ناڕەزایەتیی خەڵك ببۆوە. بەڵام خوێندکاران، ئەم توێژە ئاگاو پێشەنگەی کۆمەڵ، لە ١٦ی سەرماوەز دا بە ناڕەزایەتی لە دەسەڵاتی کودیتایی و بەدژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی، خۆپێشاندانیان وەڕێ خست. دەسەڵاتی ئەوکات، وەك دەسەڵاتدارانی ئێستا بە گوللە وەڵامی ئەم ناڕەزایەتی دەربڕینەیان دایەوە و "سێی ئازەری ئەهوورایی"( شەریعەتی، ڕەزەوی و قەندینا ) یان شەهید کرد. ئێستاش خامەنەیی دیکتاتۆر و سیستەمە ویلایەت فەقیهییەکەی و دەوڵەتە کودیتاییەکەی لەگەڵ لافاوی پەنگخواردووی نەفرەت و تووڕەیی خەڵکی ئێران بەرەو ڕوون و،خوێندکاران لەریزی پێشەوەی بزووتنەوەیەك دان کە کۆتایی هاتن بە تەمەنی ئەم دیکتاتۆری و سەرەڕۆییەکەی کردوە بە ئامانج.

لەمێژە ئەو سەردەم بەسەر چووە کە ئەم ڕێژیمە بزووتنەوەی خوێندکاریی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و وەك ئامرازێك بۆبەرەو پێشبردنی سیاسەت و مەبەستەکانی بەکار دێنا. لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی لە نێوەراستەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی دا کە خوێندکاران ڕۆڵی گرنگیان تێی دا هەبوو، ململانێی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی خوێندکاری پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. پەلاماری ١٨ی پووشپەڕی ١٣٨٧ کە خوێندکاران لەنێو شوێنی حەسانەوەو لە هەرێمی زانستگە دا بە بۆنەی ناڕەزایەتی دەربڕینیان دژی سانسۆڕو داخستنی چاپەمەنیی ئازاد کەوتنە بەر پەلاماری خوێناویی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، زۆر لەتاوانی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٣٢ شەرماویتر بوو. لەو کاتەوە تا ئێستا بزووتنەوەی خوێندکاری و زانستگەکان بەردەوام لەگەڵ هەڕەشەو سەرکوت و پەلاماری خوێناوی بەرەو ڕووبوون و بەندیخانەکان و ئەشکەنجەگاکانی کۆماری ئیسلامی لەهەموو کات ژمارەیەکی زۆر خوینکاریان تێدا بووە. ئەو تاوانانەی لە کۆتاییەکانی جۆزەردان و سەرەتای هاوینی ئەمساڵ دا لە زانستگەکانی تاران، شیراز، تەوریز، زاهیدان، کرماشان و ورمێ و لەدژی خوێندکارانی ناڕازیی لە سەرانسەری ئێران بەریوە چوون، باشترین بەڵگەن بۆ ئەم قسەیە کە ناوی ئەوان و ئەم ڕێژیمە بە هیچ جۆر بە یەك جۆگە دا ناڕواو کۆماری ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خوێندکارانی ئازادیخوازدا، وڵامێکی بێجگە لە دابڕاندن لە خوێندن و سەرکوت و زیندان و ئیعدام پێ نیە. ڕوخساری بە خوێن ژاکاو و سینگی بە گوللە دابێژراوی نەداکان و ئیبراهیم لوتفوڵلاییەکانیش پێمان دەڵێن مەبەستی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە گوڵباران کردنی خوێندکاران، گوللە باران کردنە نەك شتێکی دی.